# بەڵگەیەتی فەرمووده
# لە قورئانی پیرۆزو عەقڵدا

مەروان کوردی

بسم الله الرحمن الرحيم

# پێشەکی

سوپاس و ستایشی بێ ئەندازە بۆ خودای خاوەن فەرمان, دروودو سەلامی بێ کۆتا لەسەر پێغەمبەری کۆتا زەمان، لێزمە بارانی ڕەحمەت و میهری خودایی بڕژێتە سەر دۆست و یارانو شوێنکەوتوان.

هەر کاتێك هەوری تار ئاسمانی گرتو شینایی و دیمەنی جوانی شاردەوە، لێڵاو ڕێی بە ئاوی ساز گرتو ساتێك ڕەنگی پڕ ڕەونەقی گۆڕی، دڕكو داڵ ڕێگەی تەنگ کردو ڕێی بڕی, ئاشکرایەو دەزانین لە بایەکی بەهێزدا هەورەکان دەڕۆنو خاوەن ماڵ کە خۆرە دێتەوە ئاسمانو جوانیەکەی دەگەڕێتەوە، لە تەنها شەپۆلێکدا ڕەنگی جوانی ئاوی ساز دێتەوەو لێڵاو وەدەر دەنێت، وە یەك دوو هەنگاوی یەك لەدوای یەك هەموو دڕكو داڵەکان دادەمرکێنێتەوەو زەردو سیس دەبن و ڕێگە چۆڵ دەکەن، چونکە هەر یەکێك لەمانە کاتی و هاوردەن و خاوەن ماڵ نین و مافی مانەوەیان نیە.

هەمان وێنە بەجێیە بۆ بیرو هزرەکانیش, دەکرێت هەندێك جار بیری دزێوو هزری لاڕێ بڵاوببێتەوەو ڕێگە بە پەیامی ڕاستی بگرێت شێوەی بگۆڕێت, بەڵام هەرگیز نابێتە خاوەن ماڵ، چونکە تیشکی حەقو، شەپۆلی بەڵگەو، هەنگاوی هەوڵ و ئیخلاس، هەمووی پوچەڵ دەکاتەوەو جارێکی دی ڕووی درەوشاوەی ڕاستی بۆ هەمووان ئاشکرا دەبێت.

لەم سۆنگایەوە بەندە هەستا بەوەڵامدانەوەی داوای بەرزو بەڕێزی ئاستانە، بە پێشکەشکردنی بابەتێك لەسەر بەڵگەیەتی سوننەت, کە یەکێکە لە بابەتەکانی خولی درێژخایەنی ڕێکخراو, وە بۆ ئەم کارەش ئەم کتێبەی بەردەستتانم ئامادەکرد کە پوختەیەکە لە کتێبی (الوَحْيُ الثَّانِي)[1] بە دەستکارییەوە، کە تێیدا گفتوگۆیەکی هێمنانەمان کردووە لەگەڵ نەیارانی سوننەت, بە هێنانی زیاتر لە (50) ئایەتی قورئانی و تەفسیرکردنیان بە تەفسیرێکی زمانەوانی عەقڵی, وە بەدوایدا (60) پابەندکارو بەڵگەی عەقڵیمان هێناوە لەسەر بەڵگەبوونی فەرموودەو پێویستی شوێنکەوتنیو چەندین باسوخواسی تر کە لێرەدا کورتمان کردوونەتەوەو هەموویمان نەهێناوە.. داواکارم لە خوای گەورە قەبوڵ بدات بە کارەکانمانو نێتمان پاك بکاتەوە بۆ خاتری ناوە پیرۆزەکانی.

وَصَلَّى اللهُ وَسلَّمَ على نبيِّنَا محمَّدٍ وَعلى آلِهِ وَصَحْبِهِ أجمَعِينَ

مەروان کوردی

دەربەندیخان

16/زولحیججە/1441کۆچی

2020/8/6زایینی

alkurdi.marwan@gmail.com

(1) وەرگێڕدراوە بۆ زمانی کوردی بە ناوی (فەرموودە لە سایەی قورئاندا) لەلایەن ئاستانەوە.

## جۆری ئەو بەڵگانەی کە لەقورئان هاتوون لەسەر حوجیەتی سوننەت

ئەو ئایەتانەی کە هاتوون لەسەر حوجیەتی سوننەت لە قورئانی پیرۆزدا چەند جۆرێکن، لێرەدا بەندە دابەشی کردوون بۆ سەر (8) جۆر بەڵگەو بەم شێوەیە دێتە بەردەستان:

- ئەو ئایەتانەی کە حوجیەتی سوننەتو واجبێتی شوێنکەوتنی پێغەمبەرﷺ ڕوون دەکەنەوە لەو شتانەش کە لەقورئاندا نیە.
- ئەو ئایەتانەی کە ڕوونکەرەوەی ئەوەن کە وەحی خودایی لە دەرەوەی کتێبی ئاسمانییش هەیە، هەروەك لە کتێبە ئاسمانیەکاندا هەیە، بە پێچەوانەی ئەوەی کە نەیارانی سوننەت بۆی ڕۆشتوون، لە قەتیس کردنی وەحی لە قورئانی پیرۆزدا.
- ئەو ئایەتانەی کە سوننەت تەنیا دەکەنەوە بە تەشریعو یاسادانان، وە ئاماژەکەری ئەوەن کە پێغەمبەرﷺ مافی تەشریعو یاسا دانانی هەیە.
- ئەو ئایەتانەی کە ڕوونکەرەوەی ئەوەن کە: فەرمانی پێغەمبەرﷺ فەرمانی خودایەو تەشریعو یاسای ئەو کوتو موت تەشریعی خودایە، ئەگەر چی لە قورئانیشدا نەهاتبێت.
- ئەو ئایەتانەی کە پێویستمان بە ڕوونکردنەوەی پێغەمبەری خوایەﷺ بۆ زانینی ماناکانی.
- ئەو ئایەتانەی کە پێویستمان بە هۆکاری دابەزینەکانیەتی بۆ زانینی ماناکەی.
- ئەو ئایەتانەی کە بەئاشکرا ئاماژە دەکەن بە پێویستیەتی ڕوونکردنەوەی پێغەمبەرﷺ.
- قورئانی پیرۆز ئاماژە بەوە دەکات کە سوننەت پارێزراوە.

## جۆری یەکەم لە بەڵگە قورئانییەکان: ئەو ئایەتانەی کە ئاماژەن بە واجبێتی شوێنکەوتنی پێغەمبەر ﷺ لەو شتانەشی کە لە قورئاندا نەهاتووە

### ئایەتی یەکەم: (ئایەتی: 47-50) لە سورەتی نور:

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَيَقُولُونَ ءَامَنَّا بِٱللَّهِ وَبِٱلرَّسُولِ وَأَطَعْنَا ثُمَّ يَتَوَلَّىٰ فَرِيقٌ مِّنْهُم مِّنۢ بَعْدِ ذَٰلِكَ وَمَآ أُو۟لَٰٓئِكَ بِٱلْمُؤْمِنِينَ ﴿٤٧﴾ وَإِذَا دُعُوٓا۟ إِلَى ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ لِيَحْكُمَ بَيْنَهُمْ إِذَا فَرِيقٌ مِّنْهُم مُّعْرِضُونَ ﴿٤٨﴾ وَإِن يَكُن لَّهُمُ ٱلْحَقُّ يَأْتُوٓا۟ إِلَيْهِ مُذْعِنِينَ ﴿٤٩﴾ أَفِى قُلُوبِهِم مَّرَضٌ أَمِ ٱرْتَابُوٓا۟ أَمْ يَخَافُونَ أَن يَحِيفَ ٱللَّهُ عَلَيْهِمْ وَرَسُولُهُۥ ۚ بَلْ أُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلظَّٰلِمُونَ﴾ (النور: 47-50)

خودای گەورە لەم ئایەتە پیرۆزانەدا ڕوونی دەکاتەوە کە ئیمان بەخوای گەورە گوێڕایەڵی کردنی دەخوازێت لە فەرمانو ڕێگریەکانی وە جێبەجێ کردنی شەریعەتەکەی، وە هەروەها ئیمان بە پێغەمبەری خوا ﷺ هەمان شت دەخوازێت، وە خوای گەورە نەفی ئیمانی کردووە (یانی ئیمانی نیە) لەوانەی پشت دەکەنە فەرمانی خوداو فەرمانی پێغەمبەرەکەی، بە نەفیەکی جەخت لێکراو بە بە پیتی (البَاء) خستنە سەر خەبەری (مَا)، هەر وەك فەرمووی: (وَمَآ أُو۟لَٰٓئِكَ بِٱلْمُؤْمِنِينَ)، وە نەیفەرموە: (وَمَا أولئِكَ مُؤمِنينَ)، چون نەفی ئیمانەکە لە شێوازی یەکەم (وەك لە ئایەتەکە هەیە) بەهێزترە تاوەکو دووەم، بۆیە بەو شێوەیە دابەزیوە.

وە پاشان خوای گەورە ڕوونی دەکاتەوە کە پشت کردنیان لە فەرمانی خوداو فەرمانی پێغەمبەر ﷺ ستەمی گەورەیە، هەروەك دەفەرموێت: (أُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلظَّٰلِمُونَ).

لەم ئایەتانەی تر کە دێن لەهەمان سورەت، وێنەکە ڕوونتر دەبێتەوە بە ویستی خودا.

### ئایەتی دووەم: (ئایەتی: 51-52) لە سورەتی نور:

خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِنَّمَا كَانَ قَوْلَ ٱلْمُؤْمِنِينَ إِذَا دُعُوٓا إِلَى ٱللَّـهِ وَرَسُولِهِۦ لِيَحْكُمَ بَيْنَهُمْ أَن يَقُولُوا سَمِعْنَا وَأَطَعْنَا وَأُولَـٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُفْلِحُونَ ۝ وَمَن يُطِعِ ٱللَّـهَ وَرَسُولَهُۥ وَيَخْشَ ٱللَّـهَ وَيَتَّقْهِ فَأُولَـٰٓئِكَ هُمُ ٱلْفَآئِزُونَ﴾ (النور: ٥١ – ٥٢).

دەڵێم: لەم دوو ئایەتە پیرۆزەدا نهێنیەكی شاراوەو ئاماژەیەكی ورد هەیە بۆ حوجیەتی سوننەت، خۆی لەم چەند خاڵەدا دەبینێتەوە:

1-ئامرازی حەسری تێدا بەكاربراوە (أَدَاةُ الحَصْرِ)، ئەمەش مانای هەواڵەكە وا لێ دەكات: وتەی موسوڵمان هیچ شتێك نیە، كە سەرپێچی پێغەمبەربێتﷺ، وە بەهیچ شێوەیەك بۆی نیە سەرپێچی بكاتو پێچەوانەی وتەو ڕەفتاری ئەوبێت، چون ڕستەكە بە (إِنَّمَا) دەست پێكراوە، واتە: ئەو كەسە موسوڵمان نیە كە ئەو كارە دەكات، یان بە مانایەكی تر: موسڵمان ئەو كارە ناكات.

2-خودای گەورە سەركەوتنو سەرفرازی گرێداوە بە گوێڕایەڵی خۆیو گوێڕایەڵی پێغەمبەرەوەﷺ، هەروەك لە كۆتایی ئایەتەكەدا هاتووە، جا ئەگەر گوێڕایەڵی هەردووكیان واجب نەبێت چۆن سەرفرازیو سەركەوتنی دنیاو دوا ڕۆژی پێوە بەند دەكرێت؟ جا پاداشتی سەرپێچی كار جودایە لە پاداشتی گوێڕایەڵ، ئیتر پێمان ناڵێن: هیچ خەسارەتمەندیو تیاچونێك هەیە لە جگە لە حەرامكراو؟ كەوایە سەرپێچی كردنی پێغەمبەرﷺ لەكاروباری ئایین قەدەغەكراوە بەهەموو شێوەیەك. ڕەنگە بوترێت: پەیوەندی ئەم ئایەتە چیە، بە فەرمودەوە؟ سەیری خاڵی داهاتوو بكە.

3-خودای گەورە سەرنجی كەسە ژیرەكانی ڕاكێشاوە بۆ خاڵێكی ورد كاتێك گوێڕایەڵی خۆی لەگەڵ گوێڕایەڵی پێغەمبەرﷺی پێكەوە باسكردوەو كۆی كردونەتەوە كە فەرمویەتی: (وَمَن يُطِعِ ٱللَّـهَ وَرَسُولَهُۥ)، بەڵام كاتێك باس دێتە سەر عیبادەتو تەقوا، ناوی پێغەمبەرﷺ لێدەكاتەوەو دەفەرموێت: (وَيَخْشَ ٱللَّـهَ وَيَتَّقْهِ)، چون عیبادەت تەنیا بۆ خودا دەكرێتو پیغەمبەرﷺ هیچ مافێكی تێیدا نیە. ئایا پێمان ناڵێن: ئەگەر گوێڕایەڵیكردنی پێغەمبەرﷺ ئایینو تەشریع نیەو شوێنكەوتنی پێویست نیەو گوێڕایەڵی تەنیا بۆ خودایە، بۆچی خودای گەورە لە گوێڕایەڵیو تاعەت ناوی پێغەمبەری خودای هێشتوەتەوەو لای نەبردووە، وەك لە باسی عیبادەت لای بردووە؟! وەڵامەكە ڕوونە بۆ كەسێك خاوەن ژیری بێتو دەمارگیری كوێرانەی نەبێت.

## ئایەتی سێیەم: ئەو ئایەتانەی کە وشەی (حکمە)ی تێدا هاتووە:

لە قورئانی پیرۆزدا لە چەندین شوێندا ناوی قورئان هێنراوەو لە پاڵیدا باسی شتێك كراوە بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ بەناوی (الحِكمَة)وە، ئایا هیچ نهێنیەكو ئاماژەیەكی تێدایە؟ یان دەلالەت لە شتێك دەكات؟ هەر وەك دەبینین لەم ئایەتە پیرۆزانە هاتووە:

﴿رَبَّنَا وَٱبْعَثْ فِيهِمْ رَسُولًا مِّنْهُمْ يَتْلُوا عَلَيْهِمْ ءَايَـٰتِكَ وَيُعَلِّمُهُمُ ٱلْكِتَـٰبَ وَٱلْحِكْمَةَ وَيُزَكِّيهِمْ إِنَّكَ أَنتَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ﴾ (البقرة:129)

﴿كَمَآ أَرْسَلْنَا فِيكُمْ رَسُولًا مِّنكُمْ يَتْلُوا عَلَيْكُمْ ءَايَـٰتِنَا وَيُزَكِّيكُمْ وَيُعَلِّمُكُمُ ٱلْكِتَـٰبَ وَٱلْحِكْمَةَ وَيُعَلِّمُكُم مَّا لَمْ تَكُونُوا تَعْلَمُونَ﴾

(البقرة: 151)

﴿وَٱذْكُرْنَ مَا يُتْلَىٰ فِى بُيُوتِكُنَّ مِنْ ءَايَـٰتِ ٱللَّـهِ وَٱلْحِكْمَةِ إِنَّ ٱللَّـهَ كَانَ لَطِيفًا خَبِيرًا﴾ (الأحزاب: 34)

﴿هُوَ ٱلَّذِى بَعَثَ فِى ٱلْأُمِّيِّـۧنَ رَسُولًا مِّنْهُمْ يَتْلُوا عَلَيْهِمْ ءَايَـٰتِهِۦ وَيُزَكِّيهِمْ وَيُعَلِّمُهُمُ ٱلْكِتَـٰبَ وَٱلْحِكْمَةَ وَإِن كَانُوا مِن قَبْلُ لَفِى ضَلَـٰلٍ مُّبِينٍ﴾

(الجمعة: 2)

لەم ئایەتە پیرۆزانەو جگە لە ئەمانەش كە هاتوون، ئایا لە پشت ئەمەوە هیچ نهێنیەك هەیە؟ وە تەفسیری چییە؟

دەڵێین: هەر شتێك بوترێت لە تەفسیری (الحِكْمَة)، بێجگە لە سوننەت، قەبوڵ كراو نیە، لەبەر هۆكار گەلێك، لەوانە:

یەكەم: ئەم جۆرە خیتابە وێنەی خیتابەكانی تری قورئانە كە هاتووە لە باسی واجبێتی گوێڕایەڵی خوای گەورەو پێغەمبەر ﷺ و گرێدانی هەر یەكێكیان بەوی ترەوە، وەك وتەی خوای گەورە: ﴿قُلْ أَطِيعُوا ٱللَّـهَ وَٱلرَّسُولَ فَإِن تَوَلَّوْا فَإِنَّ ٱللَّـهَ لَا يُحِبُّ ٱلْكَـٰفِرِينَ﴾.

وە هەروەها هاتووە لە چەندین ئایەتی دی لە سورەتی جیا جیا وەك: (النِّسَاء:59) و (الأَنفَال: 20) و (النُّوْر: 54) و (مُحمَّد: 33).

زانراوە لای کەسی ڕاڤەکەری قورئان کە ئوسلوبو شێواز ڕۆڵێکی گەورەی هەیە لە تەفسیری ئایەتێكو لێکدانەوەی، بۆیە ناکرێت بەلاوەنرێتو پشتگوێ بخرێت. وە ئەم دوو شێواز (أُسلُوب)ەش، هەر یەکێکیان لەوی دی دەچێت، لەدەلالەتو مەبەست، بۆیە یەکەم بە دووەم تەفسیر دەکرێت، مادام مەبەست بە (گوێڕایەڵی) لەو ئایەتانە لەگەڵ گوێڕایەڵی خوای گەورە، گوێڕایەڵی پێغەمبەرﷺ بێت، بەو شێوەش دەبێت ئەو حیکمەیە سوننەتەکەی بێت، هەروەك چۆن گوێڕایەڵیەکەی گرێدراوە بە گوێڕایەڵی خوداوە، بەو شێوەیەش سوننەتەکەی گرێدراوە بە قورئانەوە.

دووەم: وشەی (الحِكمَة) لەگەڵ قورئاندا پێکەوە هاتوون بە حەرفی عەتف، وە عەتفیش بۆ جوداییە، وە جوداییش وا دەخوازێت، کە حیکمە شتێکی جیاوازبێت لە قورئان، لێرەوە پرسیار دەکەین: چ شتێکە مافی ئەوەی هەیە ئەو هەموو جارە یەك بەدوای یەکە بێت لەگەڵ قورئان، جگە لە وتەی ئەو کەسەی کە ڕونکەرەوەیەتی؟

سێیەم: خودای گەورە ئاماژە بەوە دەکات کە (حِكْمَة)ی دابەزاندوەو پێغەمبەریشﷺ خەڵکی فێر دەکات، وەك دەفەرموێت: ﴿وَأَنزَلَ ٱللَّـهُ عَلَيْكَ ٱلْكِتَـٰبَ وَٱلْحِكْمَةَ وَعَلَّمَكَ مَا لَمْ تَكُن تَعْلَمُ وَكَانَ فَضْلُ ٱللَّـهِ عَلَيْكَ عَظِيمًا ﴾ (النساء: ١١٣).

ئیدی نازانم چ شتێکە مافی ئەوەی هەبێت کە خودا دایبەزێنێت بە وەحیو پێغەمبەریشﷺ خەڵکی فێر بکات، بێجگە لە سوننەتی پێغەمبەرﷺ؟ وە پێغەمبەرﷺ بۆچی خەڵك فێر دەکات ئەگەر شەریعەت نەبێت؟

هەر بۆیە پێشەوا شافیعی دەربارەی ئەم ئایەتانە دەفەرموێت: "خودای گەورە (كِتاب)ی باسکردووە کە قورئانە، وە باسی (حِكْمَة) شی کردووە، گوێم لێبووە لەوانەی کە لە ئاینیان ڕازیم لە زانایان فەرمویەتی: (حِكْمَة) سوننەتی پێغەمبەرەﷺ، وە ئەمە لەوە دەچێت کە وتویەتی خوداش زاناترە، چون باسی قورئان کراوەو بەدواشیا حیکمە هاتووە، وە خوداش باسی ئەوە دەکات کە منەتی خۆی بەسەر دروست کراوەکان دەکات بە فێرکردنی قورئانو حیکمە، بۆیە دروست نیە بوترێت حیکمە شتێکە بێجگە لە سوننەتی پێغەمبەرﷺ.

چون ئەو حیکمەیە گرێدراوە بە قورئانەوە، وە خوداش گوێڕایەڵی پێغەمبەرەکەی واجب کردووە، وە شوێن کەوتنی فەرمانیشی پێویست کردووە لەسەر خەڵکی، بۆیە درووست نیە بە وتەیەك بوترێت واجبە، ئیلا قورئان نەبێت، پاشان سوننەتی پێغەمبەرﷺ، لەبەر ئەوەی باسمان کرد کە خودا ئیمان بە پێغەمبەرەکەی گرێداوە بە ئیمان بە خۆی.

ئیتر سوننەتی پێغەمبەریشﷺ ڕونکەرەوەی قورئانە لە دەقە تایبەت و گشتیەکانی (العُمُوم، وَالخُصُوص). پاشان حیکمەی گرێداوە بە قورئانەوەو بەدوایا هێناویەتی، وە ئەم مافەشی نەداوە بە هیچ یەکێك لە دروستکراوەکانی بێجگە لە پێغەمبەرﷺ "[1].

## ئایەتی چوارەم: ( ئایەتی 3-5 ) لە سورەتی نەجم:

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَمَا يَنطِقُ عَنِ ٱلْهَوَىٰٓ ۝ إِنْ هُوَ إِلَّا وَحْىٌ يُوحَىٰ ۝ عَلَّمَهُۥ شَدِيدُ ٱلْقُوَىٰ﴾

**(النجم: 3-5)**

زانایانی تەفسیر ڕاجیاوازن لە لێکدانەوەی ئەم ئایەتە، هەندێکیان فەرمویانە تایبەتە بە قورئانی پیرۆزو تەزکیەی قورئانە لەوەی کە وەحیەو سوننەت ناچێتە چوارچێوەی ئەم ئایەتەوە، هەندێکی تریان فەرمویانە: ئایەتەکە بەشێوەیەکی گشتگیر باسی نوتقو قسەی پێغەمبەرﷺ دەکات، ئەمەش وتەکانیان لە سەرچاوەکانیەوە:

کۆمەڵی یەکەم: ڕایان وایە کە تایبەتە بە قورئانی پیرۆز، پێشەوا تەبەری دەفەرموێت: "خودای گەورە دەفەرموێت: موحەممەد گوێی بەم قورئانە نەکردووە لە هەواو هەوەسی خۆیەوە، بەڵکو وەحیەو لەلایەن خوداوە بۆی ڕەوانەکراوە"[2].

وە ئەم تەفسیرەی داوەتە پاڵ پێشەوای تەفسیر قەتادە[3].

(١) الرِّسَالَةُ للشَّافِعِيِّ، ص: (٧٨-٧٩).

(٢) تَفسيرُ الطَّبرِيِّ (٢٢/ ٤٩٧)، ط: مؤسَّسة الرِّسالة.

(٣) تَفسيرُ الطَّبرِيِّ (٢٢/ ٤٩٨)، ط: مؤسَّسة الرِّسالة.

زۆر زانای تریش هاوڕان لەگەڵ ئەم تەفسیرە، لەوانە[1]: الإِمَامُ مَكِّيُّ بنُ أَبِي طَالِبٍ القَيْسِيُّ (ت:437هـ)[2]، الزَّمَخْشَرِيُّ (ت:538هـ)[3]، ابنُ الجَوزِيِّ (ت:597)[4]، الرَّازِيُّ (ت:606هـ)[5]، البَيْضَاوِيُّ (ت:685هـ)[6]، النَّسَفِيُّ (: 710هـ)[7]، ابنُ جُزَيّ (ت:741هـ)[8].

کۆمەڵی دووەم: ڕایان وایە کە گشتگیرەو هەموو نوتقو گۆیەکی پێغەمبەری خۆشەویستﷺ دەگرێتەوە، هەم قورئان هەم سوننەت.

پێشەوا قورتوبی دەفەرموێت: " گۆی پێغەمبەرﷺ لە بۆچونی خۆیەوە دەرناچێت، بەڵکو وەحیە لە خوای پەروەردگارەوە، چون لەدوایەوە دەفەرموێت: (إِنْ هُوَ إِلَّا وَحْيٌ يُوحَى) .. وە لە ئایەتەکەدا دەلالەتی ئەوەش هەیە کە سوننەت وەك وەحیی دابەزێنراوە (قورئان)ە لە کارپێکردندا"[9].

پێشەوا ئەبو حەییانی ئەندەلوسی دەفەرموێت: "هیچ نوتقێکی نیە پێغەمبەرﷺ لە هەواوە، یانی لە هەوای نەفسیو بۆچونی خۆی، بەڵکو وەحیە لەلایەن خوداوە بۆی ڕەوانە دەکات"[10].

وە پێشەوا ئیبن قەیم دەفەرموێت: "فەرمووی: [وَمَا يَنْطِقُ عَنِ الْهَوَى] واتە: نوتقی ئەو لە هەواوە نیە، نەیفەرمووە: (وَمَا يَنْطِقُ بِالهَوَى) واتە: نوتقی ئەو بە هەوا نیە، چون (نوتقی ئەو لە هەواوە نیە)

(١) ڕەنگە هەندێك كەس واگومان ببا كە ئەو زانایانە، بڕوایان بەوە نیە كە فەرموودە وەحیەو لەلایەن خوداوە هاتووە بۆ پێغەمبەری خۆشەویست (سەلاتو سەلامی خوای لەسەربێت)، وەها گومانێك زۆر دوورە لە واقیعەوە چون هەموویان لە دەیان شوێن باسی حوجیەتی سوننەتیان كردووە.

(٢) الهِدايةُ إِلى بلُوغِ النِّهايةِ للإِمَامِ مَكِّيٍّ (١١/ ٧١٤٢).

(٣) الكَشَّافُ للزَّمخشَرِيِّ (٤/ ٧١٤٢).

(٤) زَادُ المَسيرِ لابنِ الجَوزِيِّ (٤/ ١٨٤).

(٥) مَفَاتِيحُ الغَيبِ (٢٨/ ٢٣٦)، ئەمە تەفسیرێكی ئایەتەكەیەو لە تەفسیرێكی تر دەفەرموێت: فەرموودەش دەچێتە ناویەوە.

(٦) تَفسيرُ البَيْضَاوِيِّ (أَنوارُ التَّنزِيلِ) (٥/ ١٧٥).

(٧) تفسيرُ النَّسَفِيِّ (مَدَارِكُ التَّنزِيلِ) (٣/ ٣٨٩).

(٨) تَفسِيرُ ابنِ جُزَيّ (التَّسْهِيلُ لِعُلومِ التَّنزِيلِ) (٢/ ٣١٦).

(٩) تفسيرُ القُرطُبِيِّ (الجَامِعُ لأَحكَامِ القُرآنِ) (١٧/ ٨٥).

(١٠) البَحْرُ المُحِيطُ لأَبِي حَيَّانَ (١٠/ ٩).

بەهێزترە، لەبەر ئەوەی لە خۆی دەگرێت کە: نوتقی ئەو لە هەواوە سەرچاوە ناگرێت، وە ئەگەر نوتقەکەی لە هەواوە سەرچاوە نەگرێت چۆن بە هەوا قسە دەکات؟ جا بۆیە هەردوکیانی لەخۆگرت: هەم نەفی هەوا لە سەرچاوەکەی، هەم لە خودی خۆی.

ئیتر نوتق و قسەی ئەو بە حەقەو سەرچاوەکەی هیدایەت و ڕێنمونیە، نەك لادان و سەرلێشێواوی، وە پاشان فەرمووی: [إِنْ هُوَ إِلَّا وَحْيٌ يُوحَى]، ڕاناوەکەی گەڕاندوەتەوە سەر ئەو چاوگە زانراوەی کە لە کردارەکەدایە[1]، واتە: نوتق و قسەی ئەو تەنیا وەحیەو بۆی ڕەوانە دەکرێت. وە ئەمە جوانترە لە وتەی ئەوانەی کە ڕاناوەکە دەگەڕێننەوە بۆ سەر (القُرآن)، چون گشتگیرە بۆ نوتقی، چ بە قورئان چ بە سوننەت هەمووی وەحیەو بۆی ڕەوانە دەکرێت"[2].

ئیبن کەسیر دەڵێت: "( وَمَا يَنْطِقُ عَنِ الْهَوَى)، واتە: هیچ وتەیەك ناڵێت لە هەواو مەبەستی خۆیەوە، (إِنْ هُوَ إِلا وَحْيٌ يُوحَى) واتە: تەنها ئەوە دەڵێت کە فەرمانی پێکراوە، دەیگەیەنێت بەخەڵکی بەوپەڕی تەواوی و تێرو تەسەلی، بەبێ هیچ زیادو کەم کردنێك .. لە عەبدوڵای کوڕی عەمرەوە هاتووە فەرموویەتی: من هەموو شتێکم دەنووسیەوە کە گوێم لێ دەبوو لە پێغەمبەری خواوەﷺ دەمویست لەبەری بکەم، پیاوانی قورەیش ڕێگرییان لێکردم و وتیان: تۆ هەموو شتێك دەنووسیتەوە کە لە پێغەمبەری خوایﷺ دەبیستی لەکاتێکدا پێغەمبەریشﷺ مرۆڤەو قسە دەکات لەکاتی توڕەییدا. ئیتر دەستم هەڵگرت لە نووسین، وە ئەوەم بۆ پێغەمبەرﷺ گێڕایەوە، فەرمووی: بنووسە سوێند بەو کەسەی گیانی منی بەدەستە، لە من نەهاتوەتە دەرێ بێجگە لە حەق و ڕاستی"[3].

وە ئەمەش بۆچونی کۆمەڵێکە لە زانایانی ئوسوڵ، هەروەك مەزهەبی ئامێدییەو بە ڕاشکاوی دەڵێت: "دەقی قورئان وا ئەخوازێت کە هەر شتێکی وتبێت لەلایەن خوداوە وتویەتی"[4].

---

(١) مەبەستی لە ڕاناوی (هُوَ)یە لە ئایەتەکە، وە لە چاوگە زانراوەکەش مەبەستی ئەوەیە کرداری (يَنْطِقُ) چاوگەکەی دەردەهێنین بۆ ئەوەی ئەو ڕاناوی(هُوَ)ەی بۆ بگەڕێنینەوە.

(٢) التِّبيانُ فِي أقسامِ القُرآنِ لابنِ القَيِّمِ (ص:٢٤٧).

(٣) تفسيرُ ابنِ كثيرٍ (٧/ ٤٤٣-٤٤٤)، ط: دار طيبة للنَّشرِ وَالتَّوزيعِ.

(٤) الإِحْكَامُ فِي أُصُولِ الأحكامِ للآمدِيِّ (٢/ ٧٧)، وە لە چەندین شوێنی تر: (٢/ ٨٨)، (٣/ ٣٣).

لە ڕاستیدا هەردوو تەفسیرەکە دروستن لە ڕوویەکەوە، بۆ تەفسیری یەکەم هیچ گومانێك هەڵناگرێت کە ئایەتەکە بۆ تەزکیەی قورئانە کە لەلایەن خوداوە هاتووە.

وە بۆ تەفسیری دووەمیش بەهەمان شێوە دەچێتە نێو ئایەتەکەوە ئەگەر مەبەست پێی نوتق و قسەی پێغەمبەری خوابێتﷺ لەبارەی ئایینەوە، چون ئایەتەکە دەلالەت لە نوتقی پێغەمبەرﷺ دەکات دەربارەی ئایین، وە تایبەتی نەکردووە بە قورئانەوەو هیچ ڕێگەیەك نیە بۆ تایبەت کردنی بە قورئانەوە، بەڵکو تەزکیەیەکی گشتگیرە بۆ ئەوەی کە لە پێغەمبەری خواوە هاتووەﷺ لەبارەی ئایینەوە، قورئان بێت یان سوننەت، هەروەك پێشەوا بەغەویش ئاماژەی پێداوەو فەرمویەتی: "(إِنْ هُوَ): **نوتقی پێغەمبەرﷺ لە ئایین** (وتراویشە بە قورئان)، (إِلَّا وَحْيٌ يُوحَى): وەحیە لە خوای گەورەوە بۆی ڕەوانەکراوە"[1].

وە عەلامەی موفەسیر "خازن"یش لە وەجهێکدا فەرمویەتی: "وتراوە نوتقی پێغەمبەرﷺ لە ئاییندا وەحیە لەخوداوە بۆی ڕەوانەکراوە"[2].

وە پێشەوا ئیبن حەزمیش دەفەرموێت: "خودای گەورە دەربارەی پێغەمبەرەکەیﷺ دەفەرموێت: (وَمَا ينْطقُ عَنِ الْهَوَى*إِنْ هُوَ إِلَّا وَحيٌ يُوحَى)، بەوەش پشت ڕاست بوەتەوە کە وتەی پێغەمبەرﷺ دەربارەی ئایین هەمووی وەحیە"[3].

وە بەمەش تەفسیری دروست دەزانیت بۆ ئایەتە پیرۆزەکەو، فەرموون لەگەڵ ڕونکردنەوەی زیاتر: هەندێك دەڵێن: ڕاناوی (هُوَ) دەگەڕێتەوە بۆ قورئان[4]، یانی بە تەنیا تەزکیەی قورئان کراوە کە لە هەواوە نیە، وەلەگەڵ قورئاندا وەحیەکی تر نیە، بەڵام ئەم وتەیە ڕەت دەکرێتەوە لەبەر دوو خاڵ:

یەکەم: لە ئایەتەکەدا بە هیچ شێوەیەك باسی قورئان نەهاتووە تاوەکو ڕاناوەکەی بۆ بگەڕێتەوە، ئیتر چۆن وشەی (النُّطْق)یان گۆڕی بە (القُرْءان)، ئەمەش پێویستی بە بەڵگەیە بۆ کورت کردنەوەی

---

(١) تَفسيرُ البَغَوِيِّ (مَعَالمُ التَّنزيلِ) (٧/ ٤٠٠)، ط: دار طيبة للنَّشر وَالتَّوزيعِ.

(٢) تَفسيرُ الخَازِنِ (لُبَابُ التَّأويلِ) (٤/ ٢٠٣).

(٣) النُّبذَةُ الكَافِيَةُ لِابنِ حزمٍ (ص:٢٩).

(٤) پێشتر وتەی پێشەوا ئیبن قەیم باسکرا لە وەڵامی ئەم بۆچوونە.

نوتقو تایبەتکردنی بە قورئان، وە هیچ کەسێکیش ناتوانێت وەجهێکی زمانەوانی بۆ بدۆزێتەوە مەگەر بەزۆرو بە تەکەلوف.

دووەم: ئایەتەکە بە ڕەهایی هاتووە لە نەفی کردنی هەوا لە نوتقو قسەی پێغەمبەرﷺ، وە نوتقی ئەویش دوو جۆرە:

- ئەوەی قسەی پێکردوە لە کاروباری دنیا.
- ئەوەی قسەی پێکردوە دەربارەی ئایین.

جا یەکەمیان ئایینو تەشریع نیەو پێویستی بەوە نیە وەحی بێت لەلایەن خوداوە، فەرمانیش تێیدا تەنیا بۆ ڕێ نیشاندانە، نەك واجب بوون. بەڵام دووەمیان یان قورئانە یان سوننەت، جا هەردوکیان وەحیەو لەلایەن خوداوەیە، وە ئایەتەکەش گشتگیرەو هەردووکیان لەخۆ دەگرێت بۆ نەفی هەوا هاتنە ناویەوە.

ئەگەر بڵێیت: ئایەتەکە گشتگیرە بۆ هەموو نوتقێك چ دینی بێت یان دنیایی. دەڵێم: ئەمە عەقڵ و واقیع ڕەتی دەکاتەوە چون پێغەمبەری خواﷺ مرۆڤ بوەو سیفاتی مرۆڤی تێدایە وەك تەواوی مرۆڤەکانی تر، ناکرێت هیچ شتێك نەکات بە سیفەتی مرۆڤ بوونەکەی، وە عەقڵ ڕێگە بەوە نادات.

وە ئەگەر بڵێیت: ئایەتەکە هاتووە بۆ بەرائەتی قورئان لە هەوا بەتەنیا بەبێ سوننەت. دەڵێم: ئەمە پێویستی بەبەڵگەیەکە قسەکەت بسەلمێنێت، وەهیچ بەڵگەیەکی وەهاش بەردەست نیە وەك باسکرا.

ڕای دروست ئەوەیە بڵێیت: نوتق دوو جۆرە: دینی ودنیایی، یەکەم لەدەرەوەی ئایەتەکەیەو دووەمیش هەندێکی قورئانەو هەندێکی سوننەت، وە ئایەتەکەش هاتووە بۆ بەرائەتی هەردوکیان لە هەوا.

ئەو گشتگیریەی لە (وَمَا يَنْطِقُ) هەیە هەردوکیان دەگرێتەوە، چون (يَنْطِقُ) کرداری داهاتووە (الفِعْلُ الـمُضَارِعُ)، وە (عَنِ الْهَوَى) جارو مەجرورنو تەعەلوق دەبەستن بە (يَنْطِقُ)، وە بەمەش ماناکەی وەهای لێدێت: (مَا يَصْدُرُ نُطْقُهُ عَنْ هَوًى مِنْ نَفْسِهِ)، واتە: نوتقی ئەو لە نەفسی خۆیەوە سەرچاوە ناگرێت.

جا بۆیە زانای زمانەوان ئەبولبەقای کەفەوی دەڵێت: "سەرئەنجام قورئانو فەرموودە یەکانگیرن لەوەی هەردوو وەحین لەلایەن خوداوە، بە بەڵگەی: (إِنْ هُوَ إِلَّا وَحيٌ يُوحَى)..."[1]. پاشان خاڵەکانی جیاوازبوونی قورئان لەگەڵ فەرموودە باس دەکات.

ئیتر ئەوە کێیە دەتوانێت تەزکیەی خودای گەورە بۆ پێغەمبەرەکەیﷺ ڕەت بکاتەوە، کاتێك پێی فەرمووە نوتقی ئەو لە بارەی ئایینەوە وەحیە لەلایەن خوداوە، وە کێیە ڕەخنە دەگرێت جگە لە نەیارانی سوننەت؟

## ئایەتی پێنجەم: (ئایەتی: 33) لە سوڕەتی موحەممەد:

خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا أَطِيعُوا ٱللَّـهَ وَأَطِيعُوا ٱلرَّسُولَ وَلَا تُبْطِلُوٓا أَعْمَـٰلَكُمْ﴾

**(محمد: ٣٣)**

خودای گەورە لەم ئایەتە پیرۆزەدا ڕێنمونی بەندەکانی دەکات بۆ ئەوەی کە گوێڕایەڵی پێغەمبەرﷺ واجبە، چون خۆی فەرمانی پێکردووە، وەهەروەها سەرپێچی خۆیو سەرپێچی پێغەمبەرەکەی، یان سەرپێچی یەکێکیان، هۆکاری بەتاڵ بوونەوەی کردەوەکانو پوچەڵ بوونەوەی کۆششەکانە، وە خودای گەورە کرداری (أَطِيْعُوا)ی دووبارە کردوەتەوە، هەم بۆ گوێڕایەڵی خۆی هەم بۆ گوێڕایەڵی پێغەمبەرﷺ، بۆ ئەوەی ئاماژە بەوە بکات، کە ئەو دوو گوێڕایەڵیە جیاوازن، بۆ خودا گوێڕایەڵیەك هەیە کە گوێڕایەڵی قورئانەو، بۆ پێغەمبەریشﷺ گوێڕایەڵیەك هەیە کە گوێڕایەڵی سوننەتەکەیەتی، ئەگەر وانەبا خودا دەیفەرموو: (أَطِيْعُوا اللهَ وَالرَّسُولَ)، وەبە هیچ شێوەیەك لە قورئاندا گوێڕایەڵی تایبەت نەدەهات بۆ پێغەمبەرﷺ، هەروەك دەبینین لە چەندەها ئایەت بەو شێوەیە.

وە پرسیارەکەش لێرە ئەوەیە: ئەگەر گوێڕایەڵی پێغەمبەرﷺ ئایین نەبێت، چۆن ئەو سزا سەختە هەیە لە سەرپێچی کردنیدا؟

## ئایەتی شەشەم: (ئایەتی: 63) لە سوڕەتی نور:

(١) الكُلّيّاتُ لأبِي البَقَاءِ، ص: (٧٢٢).

خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿لَّا تَجْعَلُوا دُعَآءَ ٱلرَّسُولِ بَيْنَكُمْ كَدُعَآءِ بَعْضِكُم بَعْضًا قَدْ يَعْلَمُ ٱللَّـهُ ٱلَّذِينَ يَتَسَلَّلُونَ مِنكُمْ لِوَاذًا فَلْيَحْذَرِ ٱلَّذِينَ يُخَالِفُونَ عَنْ أَمْرِهِۦٓ أَن تُصِيبَهُمْ فِتْنَةٌ أَوْ يُصِيبَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾ (النور: ٦٣)

ئەگەر وردبینەوە لەم ئایەتەو تێڕامێین لێی دەبینین کە خودای گەورە ئاماژەی بەوە داوە، کە وتەی پێغەمبەرﷺ جیاوازە لە وتەی مرۆڤەکانی دیو دەمانترسێنێ لەوەی کە بەچاوێکی گەورە سەیری نەکەین، هەر ئەوەندە نا بەڵکو ئاماژەی داوە کە سەرپێچی کردنی سزای دنیاو دوارۆژ بەدوای خۆیدا دەهێنێت، وە ئەم قەرینانەش وادەخوازن، کە سوننەتی پێغەمبەرﷺ جودابێت لە وتەی زانایانو، ئیجتهادی موجتهەهیدانو، تەفسیری تەفسیرکاران، بە پێچەوانەی ئەوەی نەیارانی سوننەت دەیڵێن.

ئایا ئەمە ترسێنەر نیە بۆ ئەوانەی کە نکوڵی فەرموودەکانی دەکەنو لایان وایە ئیجتیهادێکی مرۆییەو جیاوازیەك نیە لە نێوان فەرموودەکانو وتەی مرۆڤەکانی دی؟

### ئایەتی حەوتەم: ( ئایەتی: 36 ) لە سورەتی ئەحزاب:

خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ وَلَا مُؤْمِنَةٍ إِذَا قَضَى ٱللَّـهُ وَرَسُولُهُۥٓ أَمْرًا أَن يَكُونَ لَهُمُ ٱلْخِيَرَةُ مِنْ أَمْرِهِمْ وَمَن يَعْصِ ٱللَّـهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدْ ضَلَّ ضَلَـٰلًا مُّبِينًا﴾

(الأحزاب: ٣٦)

لەم ئایەتەدا ڕوونکردنەوەیەکی شیفابەخش دەبینین لە باسی حوجیەتی سوننەت، وە هەروەها خودای گەورە هیچ عوزرێکی نەهێشتووە بۆ ئەو کەسەی بڕیارو فەرمانی پێغەمبەرﷺ ڕەت دەکاتەوەو نکوڵی لێ دەکات، وە ئەوان هەڵبژاردنێکی تریان نیە لەکاتێکدا پێغەمبەرﷺ فەرمان بە شتێك دەکات، وە خودای گەورە بڕیاری گومڕایەتی داوە بەسەر ئەو کەسەی ملهوڕی دەکاتو گەردن کەچ ناکات بۆ بڕیارەکانی پێغەمبەرﷺ، وە سێ دانە تەوکیدی بەکاربردووە، ئەوانیش: (قَدْ) ی خستوەتە سەر کردارەکە، وە مەفعولی موتڵەقی هێناوەو، وەسفی گومڕایەتیەکەشی کردووە بەوەی کە گومڕایەتیەکی ئاشکرایەو فەرمویەتی: (فَقَدْ ضَلَّ ضَلَالًا مُّبِينًا )!

ئایا پرسیار ناکرێت: ئەم گشتە تەوکیدە بۆچی لەم وتە کورتەدا؟

### ئایەتی هەشتەم: ( ئایەتی: 1 ) لە سورەتی حوجورات:

خودای گەورە دەفەرمویێت: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا لَا تُقَدِّمُوا بَيْنَ يَدَيِ ٱللَّـهِ وَرَسُولِهِۦ وَٱتَّقُوا ٱللَّـهَ إِنَّ ٱللَّـهَ سَمِيعٌ عَلِيمٌ﴾ (الحجرات: ١)

خودای گەورە لەم ئایەتە پیرۆزەدا ڕێنماییمان دەكات كە پێش پێغەمبەری خوا ﷺ نەكەوین لە وتەو گفتو تێكرای كاروبارەكانمان، وە پێشكەوتنی پێغەمبەر ﷺ بە وتە پێش هەموو شتێك دەچێتە نێو ئەم ئایەتەوە، چون عەقڵ و عادەت وادەخوازێت كە ڕێزت لەكەسێك گرت، وتەی خۆت پێش نەخەی بەسەر وتەی ئەودا، چ جای ئەو كەسە پێغەمبەربێت؟ هەروەها لەلایەكی تریشەوە كۆتایی ئایەتەكە بە باسكردنو پێشخستنی سیفەتی بیستن (سەمع) هاتووە، بەسەر زانست (عیلم)دا، هەروەك خوای گەورە دەفەرمویێت: (إِنَّ ٱللَّهَ سَمِيعٌ عَلِيمٌ)، وە ئەمەش ڕوونە بۆ كەسێك كە وردبێتەوەو خاوەن ژیری بێت.

نازانم دوای ئەمە ئیتر كێیە جورئەتی ئەوە بكات كە مامەڵە لەگەڵ وتەكانی پێغەمبەری خوا ﷺ بكات وەك وتەی مرۆڤەكانی دی؟!

وەهەروەها پێشەوا ئیبن قەیم باسی ئەمەی كردوەو وردەكاریەكی جوانی تێداكردووەو دەفەرمویێت: ئەگەر خوای گەورە نەهی كردووە لە پێشكەوتن بەسەر پێغەمبەردا ﷺ، ئیتر چ پێشكەوتنێك گەورەترە لە پێش خستنی عەقڵ بەسەر ئەوەی كە پێی هاتووە؟ چەندین زانای پێشین فەرمویانە: هیچ مەڵێن، تا ئەو دەڵێ، هیچ شتێك مەكەن تا ئەو فەرمان دەكات. وە زانراوە هەركەسێك عەقڵی خۆی یان عەقڵی جگە لەخۆی پێش بخات بەسەر ئەوەی كە ئەو پێی هاتووە، ئەوا ئەو كەسە سەرپێچیكارترین كەسە بۆ ئەو پێغەمبەرە، وە ناقولاترینیانە لە پێشكەوتن بەسەریدا، وە ئەگەر خودا ڕێگری كردبێت لە بەرزكردنەوەی دەنگیان بەسەر دەنگیدا، ئەبێ حاڵی بەرزكردنەوەی عەقڵیان بەسەر وتەی پێغەمبەری خواو ئەوەی پێی هاتووە چۆن بێت؟

وە زانراوە بە یەكلایی هیچ كەسێك لەسەردەمی خۆیدا ئەوەی نەكردووە، جگە لە بێباوەڕانو دووڕووان، هەر ئەوانەن كە خودای گەورە بەرەنگاربوونەوەیانی بە عەقڵو بۆچونەكانیان گێڕاوەتەوە، وە ئەو بەرەنگاربوونەوەش بوەتە میراتی هاوشێوەكانیان"[1].

(١) الصَّوَاعِقُ المرسَلَةُ (٣/ ٩٩٧).

## ئایەتی نۆیەم: (ئایەتی: 2) لە سورەتی حوجورات:

خودای گەورە دەفەرمویێت: ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا لَا تَرْفَعُوٓا أَصْوَٰتَكُمْ فَوْقَ صَوْتِ ٱلنَّبِيِّ وَلَا تَجْهَرُوا لَهُۥ بِٱلْقَوْلِ كَجَهْرِ بَعْضِكُمْ لِبَعْضٍ أَن تَحْبَطَ أَعْمَـٰلُكُمْ وَأَنتُمْ لَا تَشْعُرُونَ﴾

**(الحجرات: ٢)**

سوێند بەخوا ئەم ئایەتە پێستو دڵ دەلەرزێنێت، جەستەو لاشە دەهەژێنێت، وە کەسی ژێر حوجیەتی فەرموودەی لێ وەردەگرێت، چون ئەگەر بەرزکردنەوەی دەنگ لە مەقامی بەرزیا کردەوە پوچەڵ بکاتەوە، ئیتر ئەبێ حاڵی پشت کردنە وتەو کردوەکانی بە تێکڕاو کێشانی بەدیواردا چی بێت، هەروەك ئەوەی نەیارانی سوننەت دەیکەن؟

پێشەوا ئیبن قەیم پێشکەوتووە لە وەرگرتنی ئەم مانایەو دەفەرموێت: "ئەگەر بەرزکردنەوەی دەنگیان بەسەر دەنگیدا هۆکاری پوچەڵکردنەوەی کردەوەکانیان بێت، ئەبێ پێشخستنی بۆچونو عەقڵو زەوقو سیاسەتو مەعریفەتیان بەسەر ئەوەی پێی هاتووە چی بێت ئایا ئەمە لەپێشتر نیە کردەوە پوچەڵ بکاتەوە؟"[1].

وە هەروەها دەفەرموێت: "خودا هۆشداری داوە بە ئیمانداران لە بەتاڵبونەوەی کردەوەکانیان بەهۆی بەرزکردنەوەی دەنگیانو ئاشکراکردنی هەروەك چۆن لەناو یەکتردا دەیکەن، لەکاتێکدا هەڵگەڕانەوە (ڕیددە) نیەو تاوانێکەو کردەوە بەتاڵ دەکاتەوە بێ ئەوەی خاوەنەکەی هەست بکات، ئەبێ چ گومانێك ببەین بەو کەسەی وتەو ڕێبازی خەڵکانێك پێش وتەو ڕێبازی پێغەمبەرﷺ دەخات، ئایا ئەوە کردەوەکەی پوچەڵ نەکردوەتەوەو هەست ناکات؟"[2].

هەروەها ئیمامی ئەبو مەنسوری ماتوریدی لە تەفسیری ئایەتەکەدا دەفەرموێت: "وە بنچینەی ئەمە لای ئێمە لە وتەی خودا: (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا..)، واتە: ئەی ئەوانەی ئیمانتان هێناوە بزانن کە دروست کردنو فەرمان هەر بۆ خودایە، هیچ کارێك، یان وتەیەك، یان کردارێك، یان بڕیارێك، یان

(١) إعلامُ المُوَقِّعينَ لِابنِ القَيِّم (١/ ٤١).

(٢) الوَابِلُ الصَّيِّبُ لِابنِ القَيِّم (ص:١١).

نەهیکردنێك پێش مەخەن، جگە لە فەرمانی خوداو پێغەمبەرەکەیﷺ، وە جگە لەوەی کە ڕێگرییان لێکردوە، بۆیە شوێن فەرمانی بکەونو بە ڕەقیبی بگرن بەسەر خۆتانەوە، لەکاتێکدا ئێوە دانتان بەوە ناوە کە دروست کردنو فەرمان هەر بۆ ئەوە، فەرمانو ڕێگریەکانی بپارێزن، سەرپێچی خۆیو پێغەمبەرەکەی مەکەن، لە هیچ شتێك لە ئەمرو نەهی، وە لە هەموو فەرمانێك بە وتە یان کردەوە یان قەزاوەت یان بڕیار، یان سەربڕین، یان شت گەلێکی تر"[1].

## ئایەتی دەیەم: (ئایەتی: 65) لە سورەتی نیسا:

خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَلَا وَرَبِّكَ لَا يُؤْمِنُونَ حَتَّىٰ يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ لَا يَجِدُوا فِي أَنفُسِهِمْ حَرَجًا مِّمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُوا تَسْلِيمًا﴾ (النساء: ٦٥)

ئەم ئایەتە دەلالەتی ڕاشکاوی تێدایە لەسەر ئەوەی کە سوننەت ئایینو شەریعەتە، چون خودای گەورە سوێندی خواردوەو نەفی ئیمانی کردووە لەو کەسەی ملکەچی فەرمانی پێغەمبەرﷺ نابێتو ناگەڕێتەوە بۆی، نەك هەر ئەوەندە بەڵکو بە مەرجی گرتووە کە گەڕانەوە لای فەرمانی پێغەمبەرﷺ هیچ دوودڵیو ناڕازی بوونێك لەدڵیا نەبێت بەرامبەر بڕیارو فەرمانەکەی، ئیتر ئەبێ ڕەتکردنەوەی وتەو کردەوەکانیو ئاوڕنەدانەوە بۆیان چۆن بێت؟

پێشەوا ئیبن قەیم هەمان شت دەفەرموێتو نەیارانی سوننەی پێوە پابەند دەکاتو دەڵێت: "واجبێتی بەحەکەم گرتنی پێغەمبەرﷺ، لەناونەچووە بە وەفات کردنی، بەڵکو جێگیرە دوای وەفاتیشی هەر وەك کاتی ژیانی، وە بەحەکەم گرتنی تایبەت نیە بە بابەتە کردارییەکان بەبێ بابەتە زانستییەکان[2] هەر وەك لاڕێکان دەیڵێن.

خودای گەورە ئەم هەواڵەی دەستپێکردووە بە سوێندێکی جەخت لێکراو بە نەفی لە پێشیەوە[3]،وە سوێندی خواردوە لەسەر نەمانی ئیمانیان تا دەگەڕێنەوە سەر بڕیاری پێغەمبەرﷺ لەو شتانەی کە تێیدا ناکۆکن لە وردو درشتی دین، فەرعو ئەسڵی، پاشان بەوەندە بەسی نەکردووە بەڵکو دەبێت

(١) تَفسِيرُ الماتريديِّ (تأويلاتُ أهلِ السُّنَّةِ) (٩/ ٣٢٢).

(٢) مەبەست لە کردارییەکان، عیباداتە، وە لە زانستییەکانیش بیروباوەڕ.

(٣) ئەمە یەکێکە لە شێوازەکانی جەختکردن لە هەواڵ لە زمانی عەرەبیدا.

بچوکترین شتیش له دڵیاندا نەمێنێت، وه پاشان گەردنیان کەچکەن بۆ فەرمانی .. وه موسوڵمانان هەموو کۆکن لەسەر ئەوەی که گەڕانەوه بۆ لای، گەڕانەوەیه بۆ لای خۆی لەکاتی ژیانیدا، وه کۆکن لەسەر ئەوەی که واجبێتی ئەم گەڕانەوەیه به وەفاتی نەوەستاوه، وه ئەگەر فەرمووده ئاحادو موتەواتیرەکانی زانستی یەقینی نەدەن بەدەستەوه ئەوا ئەم گەڕانەوەیه هیچ ڕویەکی نیه (هیچ مانایەکی نیه)"[1].

## ئایەتی یانزەیەم: (ئایەتی: 113) له سورەتی نیسا:

خودای گەوره دەفەرموێت: ﴿وَأَنزَلَ ٱللَّـهُ عَلَيْكَ ٱلْكِتَـٰبَ وَٱلْحِكْمَةَ وَعَلَّمَكَ مَا لَمْ تَكُن تَعْلَمُ وَكَانَ فَضْلُ ٱللَّـهِ عَلَيْكَ عَظِيمًا﴾ (النساء: ١١٣)

ئەم ئایەته زۆر ڕوونو ئاشکرایه له مەڕ حوجیەتی فەرمووده، چون خودای گەوره باسی فەرمووه که دوو شتی دابەزاندوه، یەکێکیان: قورئانه، ئەوی تریان، بریتیه له حیکمه. ئەو حیکمەیه چیه که خودا دایبەزاندوه؟ وه گومان ناکەم هیچ شتێك هەبێت شیاوی ئەوەبێت که لەگەڵ قورئاندابێتو خودای گەوره بفەرموێت: ناردویەتی به وەحی. جگه له سوننەتی بەرز (ئەوەی که لەو کەسەوه دێت که قورئانی بۆ دابەزیوه).

وه ئەم ئایەته دەبێته تەفسیرکەری ئەو ئایەتانەی که وشەی حیکمەی تێدایه، وەك باسمان کرد له شوێنی خۆی، وه ڕوونکردنەوەکه لێره زۆر ڕوونه چون خودای گەوره ئاماژه دەکات که ئەم حیکمەیه شتێکی جودایه له قورئانو دەشفەرموێت که ئەم حیکمەی **دابەزاندووه نەك تەفسیرو ئیجتهادی پێغەمبەربێت**ﷺ[2].

پێشەوا ئیبن قەیم دەفەرموێت: "خودای گەوره دوو وەحی دابەزاندوەته سەر پێغەمبەرەکەی، وه ئیمان پێهێنانو شوێنکەوتنیانو کارپێکردنیانی پێویست کردووه لەسەر ئیمانداران، ئەو دوانەش:

---

(١) مُخْتَصَرُ الصَّوَاعِقِ الْمُرْسَلَةِ (ص:٥٤٥).

(٢) کاتێك دەڵێین: پێغەمبەری خوا -سەلاتو سەلامی خودای لەسەربێت- مافی تەشریعی هەیه، مانای وا نیه که به ڕەهایی سەرپشکه له تەشریع، بەڵکو تەشریعەکەی له ڕێگەی وەحیەوەیه، یان خودای گەوره مافی تەشریعی پێ داوەو دەبیپارێزێت لەهەڵه له هەر شتێك پەیوەستبێت به گەیاندنی ئایینەوه.

کیتابو حیکمەن، خوای گەورە دەفەرموێت: [وَأَنْزَلَ اللهُ عَلَيْكَ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ] **(النساء: 113)**. واتە: خودای گەورە کیتابو حیکمەی بۆت دابەزاندوە. وە دەفەرموێت: [هُوَ الَّذِي بَعَثَ فِي الْأُمِّيِّينَ رَسُولًا مِنْهُمْ] **(الجمعة: 2)**. واتە: ئەو پەروەردگارەی کە لە نێو نەخوێندەوارەکان پێغەمبەرێکی لەخۆیان بۆ ناردوون. تاوەکو دەفەرموێت: [وَيُعَلِّمُهُمُ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ] **(الجمعة: 2)**. واتە: کیتابو حیکمەیان فێر دەکات. وە خوای گەورە دەفەرموێت: [وَاذْكُرْنَ مَا يُتْلَى فِي بُيُوتِكُنَّ] **(الأحزاب: 34)**. واتە: یادی ئەوە بکەنەوە کە لەماڵەکانتانا دەخوێنرێتەوە **لە ئایەتەکانی خوداو حیکمە**[(1)].

وەحیکمە بریتیە لە سوننەت بە یەك دەنگی سەلەف، وە ئەوەی کە پێغەمبەرﷺ هەواڵی پێداوە لە خوداوە ئەوا واجبە بەڕاست دانانو باوەڕ پێبونی، هەروەك پەروەردگار هەواڵی پێداوە لەسەر زمانی پێغەمبەرەکەی، وە ئەمە بنەمایەکی جێگیرە لای موسوڵمانان، تەنیا کەسێك نکوڵی لێدەکات کە لەوان نیە، وە پێغەمبەریشﷺ دەفەرموێت: «إِنِّي أُوتِيتُ الْكِتَابَ وَمِثْلَهُ مَعَهُ» [(2)]. واتە: قورئانم پێدراوە، وێنەی قورئانیش لەگەڵیا"[(3)].

## ئایەتی دوانزەیەم: ( ئایەتی: 59 ) لە سورەتی نیسا:

(١) **ئایەتەکە خیتابە بۆ خێزانەکانی پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەربێت).**

(٢) هذَا الحديثُ رواهُ أبو داودَ في: (سننِهِ) (١٢/ ٣٤٥/ رقم:٤٥٨٠-مع عَوْنِ المعبُودِ)، وصححَّهُ الألبانيُّ في: (صحيح سُنَنِ أبي داودَ) (٣/ ٨٧٠/ رقم:٣٨٤٨) كتاب السنةِ، باب: لزُوم السنةِ، والترمذيُّ في: (جامعِه) (١/ ١٣٣-مع العارضَةِ) كتابُ العلمِ، بابُ: نهي عنه أن يقالَ عندَ حديثِ النبي وقال: (هذا حديثٌ حسنٌ غريبٌ من هذا الوجهِ)، وصحَّحهُ الألبانيُّ في: (صحيح سننِ الترمذيِّ) (٢/ ٣٣٩/ رقم:٢١٤٦)، وابنُ ماجهْ في مقدمَّةِ: (سُننِه) (١/ ٦/ رقم:١٢) باب: تعظيمِ حديثِ رسولِ الله-صلى الله عليه وآله وصحبِهِ وسلم-والتَّغليظِ عَلى مَنْ عَارَضَهُ، كذا في: (صَحيح سُنَنِ ابْنِ مَاجَهْ) (١/ ٧/ رقم:١٢)، انتهى منْ كتاب: (كيفَ تصيرُ عالماً في زَمنِ النِّتِّ؟) (ص:٢٣٣٦) لِشَيخِنا أبي الفَضلِ عُمَرَ الحدُّوشيِّ.

(٣) الرُّوحُ لِابنِ القَيِّم (ص:٧٥).

خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَ وَأُوْلِي ٱلۡأَمۡرِ مِنكُمۡۖ فَإِن تَنَٰزَعۡتُمۡ فِي شَيۡءٖ فَرُدُّوهُ إِلَى ٱللَّهِ وَٱلرَّسُولِ إِن كُنتُمۡ تُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِۚ ذَٰلِكَ خَيۡرٞ وَأَحۡسَنُ تَأۡوِيلًا﴾ (النساء: 59)

ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەر نەیارانی سوننەت لە چەندین ڕێگەوە بە تەفسیری عەقڵی کە بەردەوام ئەوان بانگەشەی بۆ دەکەن، ئەوانیش:

1- خوای گەورە گوێڕایەڵی خۆیی‌و پێغەمبەریﷺ گرێ داوە پێکەوەو وشەی (أَطِيعُوا)ی بۆ هەردووکیان بەکارهێناوە، بەڵام دواتر کە گوێڕایەڵی کاربەدەست‌و پێشەوایانی موسوڵمانان دێتە ئاراوە وشەی (أَطِيعُوا)ی لێدەکاتەوەو تەنها عەتفی ئەکاتە سەر گوێڕایەڵی زاتی پاکی خۆیی‌و نێردراوەکەی.

لەمەشەوە بۆمان بەدیار دەکەوێت کە گوێڕایەڵی خۆی ڕەهایەو لە گشت کات‌و ساتێکدایە. وە گوێڕایەڵی پێغەمبەرەکەشیﷺ لەگشت کاروباری ئاییندا، وە دوا بەدوای ئەوانیش لە پلەی سێیەم گوێڕایەڵی کاربەدەستانی موسوڵمانان دێت کە گرێ دراوە بەوەی فەرمان بە چاکە بکەن‌و تەنها لە چاکەدا گوێڕایەڵیان دەکرێت‌و بۆیان نییە شتێك لە ئایین زیادو کەم بکەن.

ئەم وردەکارییە هەرگیز لە نەیارانی سوننەت ناوەشێتەوەو پەی پێ نابەن، چون قسەکردن لەبارەی ئایین‌و تەفسیر کاری ئەوان نیە، باشترە بۆ خۆیان لەو مەیدانە پاشەکشە بکەن.

2-خوای گەورە بەمەرجی گرتووە گەڕانەوە لەکاتی ناکۆکی بۆ لای خوای گەورەو پێغەمبەرەکەیﷺ لە سەر هەر کەسێك کە خۆی بە ئیماندار دەزانێت، دیارە کە گەڕانەوە بۆ لای خوای گەورە واتە گەڕانەوە بۆ قورئان، ئەی گەڕانەوە بۆ لای پێغەمبەری خوا دوای وەفاتی چی مانایەکی هەیە بێجگە لە سوننەت؟!

3-خوای گەورە گەڕانەوەی بۆ لای خۆیی‌و پێغەمبەرەکەی کردە مەرج، ئەگەر بێت و بڕیارەکانی پێغەمبەرﷺ وەحی نەبێت و تەنها ئیجتهادی خۆی بێت بۆچی گەڕانەوە بۆ لای ئەوی کردە هاودەمی گەڕانەوە بۆ لای خۆیی‌و کاربەدەستانی لەو گەڕانەوەیە دەرکردو فەرمووی: (فَرُدُّوهُ إِلَى ٱللَّهِ وَٱلرَّسُولِ) لەکاتێکدا کاربەدەستانیش توانای ئیجتهاد کردنیان هەیە؟!

وەڵامەکەی زۆر ڕوونە چون ئەوەی پێغەمبەری خوا ﷺ دەیڵێت لەبارەی ئایینەوە وەحیەو لەخۆیەوە قسە ناکات، بە پێچەوانەی کاربەدەستو خەلیفەی موسوڵمانانەوە کە ئیجتهاد دەکەن وەك جگە لە خۆیانو دەپێکنو هەڵەش دەکەن.

پێشەوا شافیعی ئاماژەی بەوە داوە کاتێك دەفەرمویێت: "فەرمانیان پێکراوە گوێڕایەڵی کاربەدەستەکانیان بکەن، کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانی پێکردووە، نەك گوێڕایەڵیەکی ڕەها، بەڵکو گوێڕایەڵیەکی هەڵاوێردکراو (ئیستیسنائی) لەوەی کە هەیانەو لەسەریانە[1]، وە فەرمویەتی: [فَإِنْ تَنَازَعْتُم فِي شَيْءٍ فَرُدُّوْهُ إِلَى اللهِ وَالرَّسُولِ] (النساء:59). واتە: ئەگەر ناکۆکی کەوتە نێوانتانەوە، ئەوا بگەڕێنەوە لای خوای گەورەو پێغەمبەرەکەی"[2].

وە پێشەوا "ئیبن حزم"یش بەهەمان شێوە دەربارەی کاربەدەستان دەفەرموێت: "ئەوان نەوە لەدوای نەوە ئەوە دەگەیەنن کە پێغەمبەری خوا ﷺ پێی هاتووە، وە بۆیان نیە لە خۆیانەوە شتێك بڵێن"[3].

4-لەدوای ئەمانە هەمووی ئەگەر گەڕانەوە بۆ لای پێغەمبەری خوا ﷺ لەکاتی ژیانیو بۆ لای فەرموودەکانیشی دوای وەفاتی وەحی نەبێت و ئایین نەبێتو فەرمانی خوای گەورە نەبێت، چۆن خوای گەورە دەیکاتە مەرجی هەبونی ئیمانو بە نەبونی ئەو گەڕانەوەش کەسەکە ئیمان لەدەست دەدات، هەروەکو دەفەرموێت: (فَرُدُّوهُ إِلَى ٱللَّـهِ وَٱلرَّسُولِ إِن كُنتُمْ تُؤْمِنُونَ بِٱللَّـهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْـَٔاخِرِ)؟! ئەگەر مەرج نەما (گەڕانەوەکە)، ئەوا بەمەرجگیراو نامێنێ (ئیمان)[4].

جا بۆیە پێشەوا ئیبن قەیم دەفەرموێت: "خودا فەرمانی کردووە بە گوێڕایەڵی خۆیو گوێڕایەڵی پێغەمبەرەکەی، وە کردارەکەی دووبارەکردووەتەوە (أَطِيْعُوا)، تا ئەوە بگەیەنێت کە گوێڕایەڵی پێغەمبەری خوا ﷺ واجبە بە سەربەخۆیی، بەبێ ئەوەی عەرز بکرێت بەسەر قورئاندا، وە ئەگەر

(١) واتە: گوێڕایەڵی لە چاکەو، لەو شتانەی کە حەقی تێدا دەپێکن.

(٢) الرِّسَالَةُ (ص:٨١).

(٣) الإِحْكَامُ فِي أُصُولِ الأحكَامِ (١/ ١٠).

(٤) بنەمایەکی ئوسوڵی یە، دەڵێت: (إِذَا فُقِدَ الشَّرْطُ فُقِدَ الـمَشْرُوطُ).

فەرمانی کرد ئەوا گوێڕایەڵی واجب دەبێت بەڕەهایی، ئیتر ئەگەر فەرمانەکەی لە قورئاندا هەبێت یان نا، چونکە ئەو قورئانی پێدراوەو وێنەی قورئانیش (لە تەشریع) لەگەڵیا.

وە فەرمانی نەکردووە بەگوێڕایەڵی کاربەدەستان بە سەربەخۆیی، بەڵکو کرداری (أَطِيْعُوا) ی سڕیوەتەوە، وە گوێڕایەڵی ئەوانی لەگوێڕایەڵی پێغەمبەرﷺ داناوە، تا ئاماژەبێت بەوەی ئەوان گوێڕایەڵی دەکرێن بە شوێنکەوتنی پێغەمبەرﷺ، هەر یەکێك لەوان فەرمانی کرد بە گوێڕایەڵی پێغەمبەرﷺ ئەوا گوێڕایەڵی واجبە، وە هەریەکێکیان فەرمانی کرد بە پێچەوانەی ئەوەی کە پێغەمبەری خواﷺ هێناویەتی، ئەوا هیچ گوێڕایەڵیەك نیە بۆی، هەر وەك بە سەحیحی هاتووە لە پێغەمبەرەوەﷺ، کە فەرمویەتی: (لَا طَاعَةَ لِـمَخْلُوقٍ فِي مَعْصِيَةِ الْخَالِقِ). واتە: گوێڕایەڵی نیە بۆ هیچ دروستکراوێك لە سەرپێچی درووستکەر. وە هەروەها فەرمویەتی: (إِنَّمَا الطَّاعَةُ فِي الْـمَعْرُوفِ)، واتە: گوێڕایەڵی کردن تەنیا لە چاکەدایە"[1].

(١) إعلامُ المُوَقِّعينَ لِابنِ القَيِّم (١/ ٣٨).

# جۆری دووەم لە بەڵگە قورئانیەکان: کۆمەڵە ئایەتێك دەلالەت دەکەن لەسەر بوونی وەحی لە دەرەوەی کتێب

نەیارانی سوننەت نکۆڵی ئەوە دەکەن کە وەحی هەبێت بۆ پێغەمبەران لە دەرەوەی کتێبی ئاسمانی، وە تەنیا بڕوایان بە وەحی هەیە لە کتێبدا، وە ئەمەش زۆر ڕوونە لە قسەو نووسینیاندا، وە هەرکەس بایەخی دابێت بە بابەتەکانیانو بۆی ڕوانیبێت ئەوە دەزانێت، وە ئەم وتەیە دەکەنە بەهانە بۆ گەیشتن بە دەرەنجامێك، ئەویش: کورت کردنەوەی وەحی لە قورئانو ئینکاری کردنی لە فەرموودەکانی پێغەمبەرﷺدا.

وە لەم باسەدا ئەم بنچینەیان هەڵدەوەشێنینەوەو، چەندین ئایەت دەهێنین لە قورئانی پیرۆز کە پێچەوانەی وتەی ئەوانەو ڕەتی دەکاتەوە.

### ئایەتی یەکەم: (ئایەتی: 67-71) لە سورەتی بەقەرە:

خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَإِذْ قَالَ مُوسَىٰ لِقَوْمِهِۦٓ إِنَّ ٱللَّهَ يَأْمُرُكُمْ أَن تَذْبَحُوا بَقَرَةً قَالُوٓا أَتَتَّخِذُنَا هُزُوًا قَالَ أَعُوذُ بِٱللَّهِ أَنْ أَكُونَ مِنَ ٱلْجَٰهِلِينَ ﴿٦٧﴾ قَالُوا ٱدْعُ لَنَا رَبَّكَ يُبَيِّن لَّنَا مَا هِىَ قَالَ إِنَّهُۥ يَقُولُ إِنَّهَا بَقَرَةٌ لَّا فَارِضٌ وَلَا بِكْرٌ عَوَانٌۢ بَيْنَ ذَٰلِكَ فَٱفْعَلُوا مَا تُؤْمَرُونَ ﴿٦٨﴾ قَالُوا ٱدْعُ لَنَا رَبَّكَ يُبَيِّن لَّنَا مَا لَوْنُهَا قَالَ إِنَّهُۥ يَقُولُ إِنَّهَا بَقَرَةٌ صَفْرَآءُ فَاقِعٌ لَّوْنُهَا تَسُرُّ ٱلنَّٰظِرِينَ ﴿٦٩﴾ قَالُوا ٱدْعُ لَنَا رَبَّكَ يُبَيِّن لَّنَا مَا هِىَ إِنَّ ٱلْبَقَرَ تَشَٰبَهَ عَلَيْنَا وَإِنَّآ إِن شَآءَ ٱللَّهُ لَمُهْتَدُونَ ﴿٧٠﴾ قَالَ إِنَّهُۥ يَقُولُ إِنَّهَا بَقَرَةٌ لَّا ذَلُولٌ تُثِيرُ ٱلْأَرْضَ وَلَا تَسْقِى ٱلْحَرْثَ مُسَلَّمَةٌ لَّا شِيَةَ فِيهَا قَالُوا ٱلْـَٰٔنَ جِئْتَ بِٱلْحَقِّ فَذَبَحُوهَا وَمَا كَادُوا يَفْعَلُونَ﴾ (البقرة: ٦٧ - ٧١)

لەم ئایەتە پیرۆزانەدا دەلالەتی زۆر ڕوون هەیە لەسەر ئەوەی کە وەحی خودایی هەیە بۆ پێغەمبەران لە دەرەوەی کتێبەکانیان، هەروەك دەبینین کە گەلەکەی موسا دەیگەڕێننەوەو پرسیاری لێدەکەن جار لەدوای جار تا سیفاتی مانگاکە ڕوون بکاتەوە، وە پێغەمبەر موساش -سەلامی خوای لەسەربێت- هەواڵیان پێ دەدا لە خوای گەورەوە جار لەدوای جار، وە لەگەڵ ئەمەش خیتابی خوای

گەورە لەگەڵ پێغەمبەر موسا باس نەکراوە لە کتێبە دابەزێنراوەکە، وە هەواڵدانەکەشیان بە ڕاستەوخۆ بووە، یان بە ڕێگەیەك لە ڕێگەکانی وەحی.

**ئایەتی دووەم: (ئایەتی: 51-53) لە سورەتی شورا:**

خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَمَا كَانَ لِبَشَرٍ أَن يُكَلِّمَهُ ٱللَّهُ إِلَّا وَحْيًا أَوْ مِن وَرَآئِ حِجَابٍ أَوْ يُرْسِلَ رَسُولًا فَيُوحِىَ بِإِذْنِهِۦ مَا يَشَآءُ إِنَّهُۥ عَلِىٌّ حَكِيمٌ ۝٥١ وَكَذَٰلِكَ أَوْحَيْنَآ إِلَيْكَ رُوحًا مِّنْ أَمْرِنَا مَا كُنتَ تَدْرِى مَا ٱلْكِتَٰبُ وَلَا ٱلْإِيمَٰنُ وَلَٰكِن جَعَلْنَٰهُ نُورًا نَّهْدِى بِهِۦ مَن نَّشَآءُ مِنْ عِبَادِنَا وَإِنَّكَ لَتَهْدِىٓ إِلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ ۝٥٢ صِرَٰطِ ٱللَّهِ ٱلَّذِى لَهُۥ مَا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِى ٱلْأَرْضِ أَلَآ إِلَى ٱللَّهِ تَصِيرُ ٱلْأُمُورُ﴾

**(الشورى: ٥١ – ٥٣)**

ئەگەر وردبینەوە لەم ئایەتە ئەوا پەی دەبەین بە چەندین نهێنی وەحی پەروەردگار، لەگەڵ زانینی جۆرەکانی، لە ئایەتی یەکەمدا خودای گەورە باسی ئەوە دەکات کە بڕیارو فەرمانەکانی دەنێرێت بە چەندین ڕێگە: یان ئەوەیە بەڕێگەی وەحی ڕاستەوخۆ، ئەویش یان لە ڕێگەی خەوە دەبێت، یان لە پشت پەردەوە، وەك قسەکردنی لەگەڵ پێغەمبەر موساو گوێی لە وتەی خودا بووە بە شتانێك بەبێ ئەوەی لە تەوراتدا هاتبێت، وە ئەم دوو جۆرە تەواو سەریحو ڕاشکاون لە بارەی ئەوەی کە وەحی لە دەرەوەی کتێبیش دەبێت.

وە ڕێگەی سێیەمیش ئەوەیە فریشتەی وەحی دەنێرێت، وەك دەفەرموێت: (أَوۡ يُرۡسِلَ رَسُولٗا فَيُوحِيَ بِإِذۡنِهِۦ مَا يَشَآءُ).

لەم ئایەتە پیرۆزەدا خودای گەورە باسی چەندین جۆرو شێوەی وەحی دەکات، ئەمەش هەر وەك ئەوەیە کە گێڕدراوەتەوە لە پێشەوا زوهریەوە کە پرسیاری لێکراوە دەربارەی وەحی، ئەویش فەرموویەتی: وەحی ئەوەیە کە خودا دەینێرێت بۆ یەکێك لە پێغەمبەرانیو لە دڵیدا جێگیری دەکاتو ئەویش قسەی پێدەکاتو دەینووسێت، ئەمەش پێی دەوترێت کەلامی خودا، وە هەندێك لە وەحیش نە

قسەی پێدەکات‌و نە دەینووسێت بۆ کەس، وە نە فەرمانیش دەکات بە نووسینەوەی، بەڵام پێغەمبەر باسی دەکات بۆ خەڵکی‌و ڕوونی دەکاتەوە کە خودا فەرمانی پێ کردووە بەخەڵکی بگەیەنێت"[1].

وە پێشەوا ڕازی وردەکاریەکی جوانی کردووەو دەڵێت: "نەهاتووە بۆ هیچ مرۆڤێك کە خودا قسەی لەگەڵ بکات مەگەر بە سێ شێوە نەبێت: یان ئەوەیە بە شێوەی وەحی کە ئیلهام‌و خستنە دڵە، یان لە خەودا هەر وەك خودا وەحی کرد بۆ دایکی موسا، وە لەگەڵ ئیبراهیم بە سەربڕینی منداڵەکەی، وە لە موجاهیدەوە هاتووە: خودا زەبوری نارد بۆ داود لە دڵیەوە.

وە یان ئەوەیە وتەی خۆی بدات بە گوێیدا بەبێ واستەیەك، هەر وەك ئەوەی وتەی خۆی دا بە گوێی پێغەمبەر موسا بەبێ واستەو ناویشی لێناوە وەحی، هەر وەك دەفەرموێت: [فَاسْتَمِعْ لِمَا يُوحَى] (طه: 13).

وە یان ئەوەیە خودا نێردراوێك بنێرێت لە فریشتەکان بۆ لای پێغەمبەرەکە"[2].

## ئایەتی سێیەم: (ئایەتی: 41) لە سورەتی یوسف:

خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿يَٰصَٰحِبَيِ ٱلسِّجْنِ أَمَّآ أَحَدُكُمَا فَيَسْقِي رَبَّهُۥ خَمْرًا وَأَمَّا ٱلْءَاخَرُ فَيُصْلَبُ فَتَأْكُلُ ٱلطَّيْرُ مِن رَّأْسِهِۦ قُضِيَ ٱلْأَمْرُ ٱلَّذِي فِيهِ تَسْتَفْتِيَانِ﴾ (یوسف: ٤١)

لەم ئایەتە دەبینین کە پێغەمبەر یوسف هەواڵ دەدات لە بابەتێکی غەیبی بەوپەڕی دڵنیاییەوە کە ڕوودەدات لە داهاتویەکی نزیکدا، وە ئەم هەواڵەش هیچ باس‌و خواسێکی نیە لە کتێبێکی نێردراودا، وە لەگەڵ ئەوەشدا بە دڵنیاییەکەوە بە کەسەکە دەڵێت کە ئەو دڵنیاییە بەبێ وەحی سەرچاوە ناگرێت، وە ئەمەش بەڵگەیەکی قسە بڕە لەسەر ئەوەی وەحی لە دەرەوەی کتێبیش دەبێت بۆ پێغەمبەران، واش نابینم کەسێك هەبێت نکوڵی ئەمە بکات، مەگەر هەوەسبازێك هەواو ئارەزوی پێش هەموو شتێك بخات.

(١) الإِتْقَانُ للسُّيوطِيِّ (١/ ١٦٠)، مُعْتَرَكُ الأقرانِ للسُّيوطِيِّ (٢/ ٢٦٥).

(٢) مَفَاتِيحُ الغَيْبِ (٢٧/ ٦١١).

## ئایەتی چوارەم: ( ئایەتی: 124 ) لە سورەتی ئالی عیمران:

خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِذْ تَقُولُ لِلْمُؤْمِنِينَ أَلَن يَكْفِيَكُمْ أَن يُمِدَّكُمْ رَبُّكُم بِثَلَٰثَةِ ءَالَٰفٍ مِّنَ ٱلْمَلَٰٓئِكَةِ مُنزَلِينَ﴾ (آل عمران: ١٢٤)

ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە وەحی هاتووە بۆ پێغەمبەرﷺ لە دەرەوەی قورئان، چون ئەم هەواڵە هەواڵێکی غەیبییە لەبارەی پەیمانێکی پەروەردگارەوە، دەبێت پێغەمبەرﷺ لەخودای وەرگرتبێت بە ڕێگەیەك لە ڕێگەکانی وەحی، وە ئەم بەڵێنەی خوای گەورەش لە قورئاندا باس نەکرابوو پێش ئەوەی کە پێغەمبەرﷺ هەواڵی دا لەبارەیەوە.

## ئایەتی پێنجەم: ( ئایەتی: 187 ) لە سورەتی بەقەرە:

خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿أُحِلَّ لَكُمْ لَيْلَةَ ٱلصِّيَامِ ٱلرَّفَثُ إِلَىٰ نِسَآئِكُمْ هُنَّ لِبَاسٌ لَّكُمْ وَأَنتُمْ لِبَاسٌ لَّهُنَّ عَلِمَ ٱللَّهُ أَنَّكُمْ كُنتُمْ تَخْتَانُونَ أَنفُسَكُمْ فَتَابَ عَلَيْكُمْ وَعَفَا عَنكُمْ فَٱلْـَٰٔنَ بَٰشِرُوهُنَّ وَٱبْتَغُوا مَا كَتَبَ ٱللَّهُ لَكُمْ.. ﴾ (البقرة: ١٨٧)

ئەم ئایەتە بەڵگەیەکی یەکلاکەرەوەیە لەوەی کە وەحی‌و تەشریع لە دەرەوەی قورئاندا هەبووە، چون خوای گەورە بەشێوەیەك لە قوئاندا باسی دروستی چوونە لای خێزان دەکات لە شەوانی ڕەمەزان کە پێشتر قەدەغەکراوە، وەك خوای گەورە دەفەرموێت: (عَلِمَ ٱللَّهُ أَنَّكُمْ كُنتُمْ تَخْتَانُونَ أَنفُسَكُمْ فَتَابَ عَلَيْكُمْ وَعَفَا عَنكُمْ)، وە بەتایبەت: (فَٱلْـَٰٔنَ بَٰشِرُوهُنَّ).

وە ئەم قەدەغەکردنەش نابینین لە قورئاندا، بەڵکو لەسەر زاری پێغەمبەرﷺ قەدەغەکراوە، بە وەحی دووەم.

هەروەك لە سەحیحی بوخاری هاتووە لە بەرائی کوڕی عازبەوە: «لَـمَّا نَزَلَ صَوْمُ رَمَضَانَ كَانُوا لاَ يَقْرَبُونَ النِّسَاءَ رَمَضَانَ كُلَّهُ، وَكَانَ رِجَالٌ يَخُونُونَ أَنْفُسَهُمْ». فَأَنْزَلَ اللهُ: [عَلِمَ اللهُ أَنَّكُمْ كُنْتُمْ تَخْتَانُونَ أَنْفُسَكُمْ فَتَابَ عَلَيْكُمْ وَعَفَا عَنْكُمْ] (البقرة: 187)[1].

واتە: کاتێك ڕۆژووی ڕەمەزان دابەزی، ئەوان نزیك نەدەبوونەوە لە خێزانەکانیان سەراپای ڕەمەزان، وە پیاوانێکیش خیانەتیان لە نەفسی خۆیان دەکرد (بەوەی سەرپێچیان دەکرد). خودای گەورەش ئەم

(١) رَوَاهُ البُخَارِيُّ (٦/ ٢٥)، بِرَقْمِ: (٤٥٠٨).

ئایەتەی نارده خوارەوە: ﴿خودای گەورە دەزانێت کە ئێوە خۆتانتان بۆ ناگیرێتو (خیانەت لە نەفسی خۆتان دەکەن) تۆبەی لێوەرگرتنو لێتان خۆش بوو﴾.

## ئایەتی شەشەم: (ئایەتی: 27) لە سورەتی فەتح:

خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿لَّقَدْ صَدَقَ ٱللَّـهُ رَسُولَهُ ٱلرُّءْيَا بِٱلْحَقِّ لَتَدْخُلُنَّ ٱلْمَسْجِدَ ٱلْحَرَامَ إِن شَآءَ ٱللَّـهُ ءَامِنِينَ مُحَلِّقِينَ رُءُوسَكُمْ وَمُقَصِّرِينَ لَا تَخَافُونَ فَعَلِمَ مَا لَمْ تَعْلَمُوا فَجَعَلَ مِن دُونِ ذَٰلِكَ فَتْحًا قَرِيبًا﴾ (الفتح: ٢٧)

ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەر بوونی وەحی لە دەرەوەی قورئان، چون پێغەمبەرﷺ بەڵێنی سەرکەوتنی دا بە هاوەڵانی بە پشت بەستن بەو خەونەی کە بینی بوو (خەونی پێغەمبەران وەحیو ڕاستین).

هەر وەك ئەوەی کە پێشەوا بەیهەقی دەفەرموێت: "وەحی بە پەرتوك جبریل دەیهێنا لەلایەن خودای گەورەوە، وە لەخەونیشدا هەر وەك خودا فەرموویەتی: (خودای گەورە خەونی پێغەمبەرەکەی بە ڕاست خستەوە: دەچنە مزگەوتی حەرامەوە بە ویستی خودا بەبێ هیچ ترسو دڵەڕاوکێیەك) (فەتح: 27). وە ئەمەش ئەوەبوو کە پێغەمبەرﷺ بینرا لە حودەیبیە چووە مەککە لەگەڵ هاوەڵانی بەبێ ترسو هەندێکیان بە سەرتاشراویو هەندێکی تریان بە قژ کورتی، هاوەڵان لەکاتی ئاژەڵ سەربڕینی پێغەمبەرﷺ لە حودەیبیە پێیان وت: ئەی پێغەمبەری خواﷺ خەونەکەت کوانێ (چی لێهات)؟ خودای گەورەش ئەم ئایەتەی ناردە خوارەوە: (خودای گەورە خەونی پێغەمبەرەکەی هێنایە جێ بە حەق) (فەتح: 27). تا وتەی کە دەفەرموێت: (وە لە پێش چوونە مزگەوتی حەرامیش سەرکەوتنێکی گەورەی پێبەخشین)، مەبەستی سەربڕینە لە حودەیبیە، پاشان گەڕانەوەو خەیبەریان فەتح کرد، وە پاشان عومرەی بەجێ هێنا، وە ئەمەش بوو بە بەدیهاتنو هاتنەجێی خەونەکەی لە ساڵی داهاتوو"[1].

(١) الأسماءُ وَالصِّفَاتُ للبَيْهَقِيِّ (١/ ٤٩٤)، عَلَى حَدِيْثِ: (٤٢٣).

## جۆری سێیەم لە بەڵگە قورئانیەکان: کۆمەڵە ئایەتێك کە دەلالەت لەوە دەکەن سوننەت تەشریعەو، پێغەمبەر ﷺ مافی تەشریعی هەیە

نەیارانی سوننەت لایان وایە کە پێغەمبەرﷺ مافی تەشریعی نیەو سوننەت بە سەرچاوەی یاسادانان هەژمار ناکرێت، وە هیچ کردارێك لەکردارەکانی پێغەمبەرﷺ یان وتەیەك لە وتەکانی وەسف ناکرێت بەوەی تەشریعە.

بەڵام ئێمە بە پێچەوانەی ئەوەوە بڕوامان وایە کە خوای گەورە مافی تەشریعو یاسادانانی داوە بە پێغەمبەرﷺ، وە ئەو تەشریعێکی هەیە بە ویستی خودا، هەر وەك چۆن خودا تەشریعی هەیە، وە لەم باسەدا لەوە دەدوێن کە بریتیە لە داننان بە حوجیەتی سوننەتو تەشریع بوونی.

### ئایەتی یەکەم: (ئایەتی: 29) لە سورەتی تەوبە:

خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿قَـٰتِلُوا ٱلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِٱللَّـهِ وَلَا بِٱلْيَوْمِ ٱلْـَٔاخِرِ وَلَا يُحَرِّمُونَ مَا حَرَّمَ ٱللَّـهُ وَرَسُولُهُۥ وَلَا يَدِينُونَ دِينَ ٱلْحَقِّ مِنَ ٱلَّذِينَ أُوتُوا ٱلْكِتَـٰبَ حَتَّىٰ يُعْطُوا ٱلْجِزْيَةَ عَن يَدٍ وَهُمْ صَـٰغِرُونَ﴾ (التوبة: 29)

شاردراوە نیە لای هیچ خاوەن ژیرییەك کە قورئانی پیرۆز بە زمانی عەرەبی هاتووە، جا پێویستە ڕەچاوی زمانی عەرەبیو ڕێساکانی بکرێت لەکاتی تەفسیرکردنیا، چون پێویستە بۆ تەفسیری هەر دەقێك ڕەچاوی ئەو زمانە بکرێت کە پێی هاتوە تا تەفسیرەکە تەفسیرێکی دروستو ڕێك بێت.

ئەگەر ڕێسا زمانیەکانمان جێبەجێ کرد بۆ ئەم ئایەتە ئەوا دەبینین کە پێغەمبەرﷺ مافی شت حەرامکردنی هەیە وەك چۆن خوای گەورە شت حەرام دەکات، چون جێگیرە لە زمانی عەرەبیدە: (الْعَطْفُ يَقتَضِي الْـمُغَايَرَةَ)[1]، واتە: عەتف بۆ جودابیە، یان عەتف جودایی دەخوازێت.

---

(١) فتحُ القديرِ لابنِ الْهُمَامِ (١٠/ ٢٢٠)، والكوكبُ الدُّرِيُّ للإِسْنَوِيِّ، ص: (٣٩٧)، والبحرُ المحيطُ للزركشيِّ (٣/ ٣٢٤)، و إرشادُ الفحُولُ (١/ ٣٤٤)، وحاشيةُ العَطارِ على شَرحِ المحليِّ على جمعِ الجوامعِ (١/ ٤٩٥)، مَفَاتِيْحُ الغَيْبِ للرَّازِيِّ (٣/ ٥٨٨)، عەتفی خاس لەسەر عام بەدەرە لەم یاسایە.

لەڕێگەی ئەم عەتفەوە دەزانین کە خودای گەورە مافی تەحریم کردنی بۆ خۆی باسکردووەو، عەتفی تەحریمێکی تریشی کردووەتە سەر بۆ پێغەمبەرەکەیﷺ، وە ئەم شێوازە وا ئەخوازێت، کە تەحریمی دووەم جودابێت لەوەی یەکەم.

نمونەیەك دەهێنینەوە بۆ نزیك کردنەوەو تێگەیشتنی ئەم ڕێسایەو دەڵێین: (جَاءَ مُعلِّمٌ وَمُهَنْدِسٌ)، واتە: مامۆستایەك‌و ئەندازیارێك هات. جا ئەگەر ئێمە وتمان (مامۆستا) یەك، پاشان (ئەندازیار) مان عەتف کردە سەری، ئەم ئوسلوبە وادەخوازێت کەسی دووەم کە هەڵگری پیشەی (ئەندازیارێتیە) جودابێت لەکەسی یەکەم، کە هەڵگری پیشەی (مامۆستایەتی)یە.

هەر لەبەر ئەمەیە پێشەوا ڕازی بەڕەحمەتبێت دەفەرموێت: (وَلا يُحَرِّمُونَ مَا حَرَّمَ اللهُ وَرَسُولُهُ): دوو وەجهی تێدایە: یەکەم: ئەوان ئەو شتانە حەرام ناکەن کە لە قورئان‌و سوننەتی پێغەمبەرﷺ حەرامکراوە.."[1].

## ئایەتی دووەم: (ئایەتی: 157) لە سورەتی ئەعراف:

خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿ٱلَّذِينَ يَتَّبِعُونَ ٱلرَّسُولَ ٱلنَّبِيَّ ٱلْأُمِّيَّ ٱلَّذِى يَجِدُونَهُۥ مَكْتُوبًا عِندَهُمْ فِى ٱلتَّوْرَىٰةِ وَٱلْإِنجِيلِ يَأْمُرُهُم بِٱلْمَعْرُوفِ وَيَنْهَىٰهُمْ عَنِ ٱلْمُنكَرِ وَيُحِلُّ لَهُمُ ٱلطَّيِّبَٰتِ وَيُحَرِّمُ عَلَيْهِمُ ٱلْخَبَٰٓئِثَ وَيَضَعُ عَنْهُمْ إِصْرَهُمْ وَٱلْأَغْلَٰلَ ٱلَّتِى كَانَتْ عَلَيْهِمْ فَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ بِهِۦ وَعَزَّرُوهُ وَنَصَرُوهُ وَٱتَّبَعُوا۟ ٱلنُّورَ ٱلَّذِىٓ أُنزِلَ مَعَهُۥٓ أُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُفْلِحُونَ﴾ (الأعراف: ١٥٧)

ئەم ئایەتە پیرۆزە تەواوکەرو تەفسیرکەری ئایەتەکەی پێشووە بەشێوەیەکی زۆر ڕوون‌و ئاشکرا، چون خوای گەورە بەیانی دەکات کە ئەو جیاوازیەی نەیارانی سوننەت دەیکەن لە نێوان (نەبی)و (ڕەسول)، جێی نابێتەوە لەژێر هیچ بنەماو ڕێسایەکی قورئانی.

---

(١) مَفَاتِيْحُ الغَيْبِ للرَّازِيِّ (١٦/ ٢٥).

ئەوان دەڵێن: موحەممەد دوو سیفەت هەڵدەگرێت، سیفەتی پەیامبەرێتی (رەسول)، ئەمە بریتیە لە قورئانی پیرۆزو گەیاندنی، وە لێرەدا مەعسومە. بەڵام لە سیفەتی (نبوەت)دا ئیجتیهاد دەکاتو دەکرێت هەڵە بکاتو بۆی ڕاست بکرێتەوە.

بەڵام دەبینین خودای گەورە هەردوو سیفەتەکەی پێکەوە کۆکردووەتەوە لە ئایەتێکداو لە یەك کاردا، کە ئەویش (تەشریع و ئەحکامە) (حەڵاڵکردنو حەرامکردن)، لەگەڵ (لادانی قورسیو بارگرانیەك کە لەسەر ئوممەتانی تر هەبووە).

## ئایەتی سێیەم: (ئایەتی: 158) لە سورەتی ئەعراف:

خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿قُلْ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِنِّى رَسُولُ ٱللَّـهِ إِلَيْكُمْ جَمِيعًا ٱلَّذِى لَهُۥ مُلْكُ ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ لَآ إِلَـٰهَ إِلَّا هُوَ يُحْىِۦ وَيُمِيتُ فَـَٔامِنُوا بِٱللَّـهِ وَرَسُولِهِ ٱلنَّبِىِّ ٱلْأُمِّىِّ ٱلَّذِى يُؤْمِنُ بِٱللَّـهِ وَكَلِمَـٰتِهِۦ وَٱتَّبِعُوهُ لَعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ﴾ **(الأعراف: ١٥٨)**

ئەم ئایەتە ئەو جیاوازی کردنەی نەیارانی سوننەت هەڵدەوەشێنێتەوە، چون خوای گەورە هەردوو سیفەتی نبوەتو ریسالە کۆدەکاتەوە لە یەك کاتدا، وە ئەگەر ئەم تەفریقەش ڕەت کرایەوە ئەوا نیوەی گومانەکەیان هەڵدەوەشێتەوە، وە لە ئایەتەکانی پێشووش بەڵگەی ڕاشکاو (الدَّلِيلُ الصَّرِيحُ) هەبوون لەسەر ئەوەی پێغەمبەرﷺ بۆی هەیە تەشریع بکات.

لەڕاستیدا ئەم سێ ئایەتە بەسن بۆ ڕەت کردنەوەو هەڵوەشاندنەوەی وتەی نەیارانی سوننەتو ئەوانەی کە دەڵێن سوننەت تەشریع نیە، جا بۆیە پێشەوا شەوکانی دەڵێت: "بزانە کە هەموو ئەوانەی قسەیان وەرگیراوە لەزانایان کۆکن لەسەر ئەوەی سوننەت سەربەخۆیە لە تەشریعی ئەحکامو وەك قورئان وایە لە حەڵاڵکردنی حەڵاڵو حەرامکردنی حەرام"[1].

وە هەروەها دەڵێت: "وەلحاسڵ جێگیربوونی حوجیەتی سوننەتو سەربەخۆبوونی لە تەشریع، پێویستیەکی دینیەو تەنیا کەسێك نکوڵی لێدەکات کە هیچ بەشێکی لە ئیسلام نیە"[2].

---

(١) إِرْشَادُ الفُحُولِ للشَّوْكَانِيِّ (١/ ٩٦).

(٢) إِرْشَادُ الفُحُولِ للشَّوْكَانِيِّ (١/ ٩٧).

## جۆری چوارەم لە بەڵگە قورئانیەکان: کۆمەڵە ئایەتێك لەسەر ئەوەی کە فەرمانی پێغەمبەر ﷺ فەرمانی خوای گەورەو، تەشریعیشی تەشریعی خودایە:

لێرەدا کۆمەڵێك ئایەت نەقڵ دەکەن کە پێغەمبەری خوا ﷺ بەڕاست دەخاتەوە لە تەشریعو بڕیارە شەرعیەکانیداو بە تەشریعو بڕیاری خوای گەورەی لەقەڵەم دەدات، وە هەر ئەویش فەرمانی پێداوەو تەشریعی کردووە، وە ئەمەش ئەوە دەردەخات کە وەحی کورت نەکراوەتەوە لە قورئانی پیرۆزدا بە تەنها، بەڵکو سەرچاوەیەکی تری وەحیمان هەیە، کە سوننەتی پاکی پێغەمبەرە ﷺ.

### ئایەتی یەکەم: (ئایەتی: 5) لە سورەتی حەشر:

خودای گەورە دەفەرمویێت: ﴿مَا قَطَعْتُم مِّن لِّينَةٍ أَوْ تَرَكْتُمُوهَا قَآئِمَةً عَلَىٰٓ أُصُولِهَا فَبِإِذْنِ ٱللَّـهِ وَلِيُخْزِىَ ٱلْفَـٰسِقِينَ﴾ (الحشر: 5)

ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە وتەو کردەوەی پێغەمبەر ﷺ کە پەیوەستە بە ئایینەوە تەشریعەو لەلایەن خودای گەورەوە هاتووە، چون خوای گەورە فەرمانی پێغەمبەری ﷺ بە بڕینی خورماکان داناوە لەجێی فەرمانو ڕێگەپێدانی خۆی، هەروەك دەفەرمویێت: (فَبِإِذْنِ اللهِ)، واتە: بە فەرمانو ڕازی بوونی خودای گەورە بووە.

هیچ کەسێك ناتوانێت نکۆڵی لەم دەلالەتە بەهێزە بکات، مەگەر کەسێکی دەمارگیری هیچ لەبارا نەبوو، چون خوای گەورە ئەم بڕیارەی لە قورئاندا نەناردووە، بەڵکو بە ڕێگەیەکی تر ناردویەتی ئەویش ئەوەیە کە پێی دەڵێین وەحی دووەم.

هەندێك لە نەیاران هەوڵیانداوە ئیزن لە وتەی خوای گەورە: (فَبِإِذْنِ ٱللَّـهِ وَلِيُخْزِىَ ٱلْفَـٰسِقِينَ) تەفسیر بکەن بە ئیزنی کەونی، واتە: خوای گەورە ویستویەتی وەك قەدەر، نەك وەك شەریعەتو ڕێگەی پێ بدا، یانی ئەوەی کە ڕوویداوە خودا فەرمانی پێ نەکردووە. وەك خاوەنی (تاوانی بوخاری)و هەندێکی تر ئەم قسەیە دەکەن، بەڵام هەر بەم ئایەتە قسەکەیان پوچەڵ کردەوە.

تەفسیرەکەیان زۆر دوورە لە ڕاستیو تەفسیرێکی بەتاڵە، چون کۆتایی ئایەتەکە ڕەتی دەکاتەوە، کاتێك دەفەرمویێت: ﴿وَلِيُخْزِيَ الفَاسِقِيْنَ﴾، واتە: خوای گەورە فەرمانی پیێ کرد تا جوەکان سەرشۆڕ بکات.

بۆ پرسیارکەرێك هەیە پرسیار بکات لە نەیارانی سوننەتو ڕەخنەیان لێبگرێت: باشە ئەگەر بە ڕازی بوونی خوای گەورە نەبووەو ڕێگە پێدانەکە بە واتای قەدەرە، ئەی بۆچی خودای گەورە کارەکە دەکاتە مایەی سەرشۆڕی جوەکانو لامی تەعلیل (کە بۆ هۆکارە) دەخاتە سەر کردارەکە ﴿وَلِيُخْزِيَ الفَاسِقِيْنَ﴾؟!

پێشەوا ڕازی دەفەرمویێت: "گێڕدراوەتەوە کاتێك پێغەمبەرﷺ فەرمانی کرد بە بڕینو سووتاندنی خورماکان، وتیان: ئەی موحەممەد تۆ وەختی خۆی ڕێگریت دەکرد لە خراپەکاری لەسەر زەوی، باشە چیە بڕینی خورماو سوتاندنی؟ ئەمەش لەسەر دڵی ئیمانداران قورس بوو، ئیتر ئەم ئایەتە دابەزی.

وە ماناکەی: خوای گەورە ڕێگای داوە بەمە، تاوەکو ڕقی بیێ باوەڕان توندتر ببێت، وە ئاهو حەسرەتیان چەند قات ببێت بە سوتانی خۆشەویسترین ماڵیان لەلایەن دوژمنەکانیانەوە"[1].

وە پێشەوا ئالوسی دەفەرمویێت: "بڕینەوەیانو هێشتنەوەیان، بە فەرمانی خودای گەورەبووە کە پێتانی گەیاندوە لە ڕێگەی پێغەمبەرەکەیەوە"[2].

ئا لێرەوە دەرك بە وەڵامی ئەو پرسیارە دەکەین: بۆچی زانایانی تەفسیر پێکاویانەو دەپێکن، وە نەیارانی سوننەش هەڵەیان کردو هەڵە دەکەن.

## ئایەتی دووەم: (ئایەتی: 142-143) لە سورەتی بەقەرە:

خودای گەورە دەفەرمویێت: ﴿سَيَقُولُ ٱلسُّفَهَآءُ مِنَ ٱلنَّاسِ مَا وَلَّىٰهُمْ عَن قِبْلَتِهِمُ ٱلَّتِي كَانُوا عَلَيْهَا قُل لِّلَّـهِ ٱلْمَشْرِقُ وَٱلْمَغْرِبُ يَهْدِي مَن يَشَآءُ إِلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ ﴿١٤٢﴾ وَكَذَٰلِكَ جَعَلْنَـٰكُمْ أُمَّةً وَسَطًا لِّتَكُونُوا شُهَدَآءَ عَلَى ٱلنَّاسِ وَيَكُونَ ٱلرَّسُولُ عَلَيْكُمْ شَهِيدًا وَمَا جَعَلْنَا ٱلْقِبْلَةَ ٱلَّتِي كُنتَ عَلَيْهَآ إِلَّا لِنَعْلَمَ مَن يَتَّبِعُ ٱلرَّسُولَ

(١) مَفَاتِيحُ الغَيبِ (٢٩/ ٥٠٥).

(٢) رُوْحُ الـمَعَانِي للآلُوسِيِّ (١٤/ ٢٣٧).

مِمَّن يَنقَلِبُ عَلَىٰ عَقِبَيْهِ وَإِن كَانَتْ لَكَبِيرَةً إِلَّا عَلَى ٱلَّذِينَ هَدَى ٱللَّـهُ وَمَا كَانَ ٱللَّـهُ لِيُضِيعَ إِيمَـٰنَكُمْ إِنَّ ٱللَّـهَ بِٱلنَّاسِ لَرَءُوفٌ رَّحِيمٌ﴾ (البقرة: ١٤٢ - ١٤٣)

ئەم ئایەتانە هەر وەك هەورە بروسکە وایە بۆ نەیارانی سوننەت، چون پێغەمبەرﷺ بە بڕوادارانی فەرموو: خودای گەورە قیبلەی گۆڕیوە، وە ئەم حوکمە لە قورئانی پیرۆز هیچ باسێکی نەبوو، جا ئەگەر وتەی پێغەمبەرﷺ لە ئاییندا حوجە نەبێت، ئەوا هاوەڵان شوێن پێغەمبەرﷺ نەدەکەوتن ڕاستەوخۆ، بەڵکو داوای ئایەتێکیان لێدەکرد (بە پێوەری نەیارانی سوننەت)، بەڵام ئیمانداران ئەوەیان نەکرد چون دەیانزانی فەرمایشتەکانی پێغەمبەرﷺ ئایینەو خێرا شوێنی کەوتن بێ چۆنو چون، وە ئەوانەی کە ڕەخنەیان گرت بریتی بوون لە هاوەڵ بڕیاردەرانو دووڕووان بە تەنیا!

وە هەروەها دەبینین خودای گەورە حوکمەکە دەداتە پاڵ خۆی، لەگەڵ ئەوەی کە لە قورئانیش باس نەکراوە، وە دەفەرموێت: (وَمَا جَعَلْنَا ٱلْقِبْلَةَ ٱلَّتِي كُنتَ عَلَيْهَآ إِلَّا لِنَعْلَمَ مَن يَتَّبِعُ ٱلرَّسُولَ مِمَّن يَنقَلِبُ عَلَىٰ عَقِبَيْهِ)، واتە: **ئێمە ئەو قیبلەیەمان دانەنا** کە تۆ لەسەریتی ئیلا لەبەر ئەوە نەبێت کە بزانین (تاقییان بکەینەوەو بۆ خۆشیان دەرکەوێت) کێ یە شوێن پێغەمبەر دەکەوێت، وەکێش پشت هەڵدەکات). وە هەروەها دەبینین خودای گەورە ئەم بڕیارەی کردووە بە تاقیکردنەوە هەروەك دیارە لە ڕووکەشی ئایەتەکە، وە دوابەدوای ئەوەش ئاماژە بەوە دەکات، کە ئەو تاقیکردنەوەیە زۆر قورسە مەگەر بۆ کەسێك کە خودا هیدایەتی داوە.

پاکیو بێگەردی بۆ خودا چەندە خەڵك هەن کە بانگەشەی ئیسلام دەکەنو لەم تاقیکردنەوەیە ڕزگاریان نەبووە لەم ڕۆژگارەی خۆماندا؟ هەر خوای گەورەیە پشتو پەنا.

# جۆری پێنجەم لە بەڵگە قورئانیەکان: کۆمەڵە ئایەتێك کە پێویستمان بە تەفسیری پێغەمبەرە ﷺ بۆ زانینی ماناکەی

نەیارانی سوننەت دەڵێن: لەگەڵ قورئاندا پێویستمان بە شتێکی تر نیە، هەر بۆیە هەستاون بە ڕەت کردنەوەی سوننەتو ئەو هەواڵانەی پێمان گەیشتووە لە پێغەمبەرﷺو هاوەڵانیەوە، بەبێ بایەخدان بەوەی کە زۆر ئایەت هەیە ماناکەی نازانین بەبێ تەفسیری پێغەمبەرﷺ، هەر وەك چۆن کۆمەڵێك وشەی قورئان هەیە زانینی ماناکەی مەحاڵە بەبێ پشت بەستن بە ڕاڤەی پێغەمبەرﷺ، لێرەدا کۆمەڵێك نمونە دەخەینە ڕوو بە ویستی خوای گەورە.

### ئایەتی یەکەم: (ئایەتی: 38) لە سورەتی مائیدە:

خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَٱلسَّارِقُ وَٱلسَّارِقَةُ فَٱقْطَعُوٓا۟ أَيْدِيَهُمَا جَزَآءًۢ بِمَا كَسَبَا نَكَـٰلًا مِّنَ ٱللَّـهِ وَٱللَّـهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ﴾ (المائدة: ٣٨)

ئەگەر سەیری ئایەتەکەمان کرد دەبینین باسکردنی دەستو فەرمانکردن بە بڕینی موتڵەقو ڕەهایە، وە ئەگەر بڕوانین بۆ ڕووکەشی دەقەکە دەلالەت دەکات لە بڕینی تەواوی دەستەکە، بەڵام سوننەتی پێغەمبەرﷺ باسی کردووەو ڕوونی کردووەتەوە کە لە مەچەکدا دەبڕدرێت، وە جێبەجێ کردنی هاوەڵانیش لەسەر ئەمە هاتووە، جا ئەگەر نەگەڕێینەوە بۆ تەفسیری پێغەمبەرﷺو جێبەجێ کردنی هاوەڵان ئەوا مانای ئایەتەکە نازانینو لێی تێناگەین وەك خۆی.

بەڵام نەیارانی سوننەت لەمڕۆدا ئینکاری بڕین دەکەن بەهەموو شێوەیەكو بڕوایان پێی نیە، وە لە کتێبی (الجِنَايَةُ عَلَى الشَّافِعِيِّ) گفتوگۆمان لەگەڵ کردوون.

### ئایەتی دووەم: (ئایەتی: 23) لە سورەتی نیسا:

خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿حُرِّمَتْ عَلَيْكُمْ أُمَّهَـٰتُكُمْ وَبَنَاتُكُمْ وَأَخَوَاتُكُمْ وَعَمَّـٰتُكُمْ وَخَـٰلَـٰتُكُمْ وَبَنَاتُ ٱلْأَخِ وَبَنَاتُ ٱلْأُخْتِ وَأُمَّهَـٰتُكُمُ ٱلَّـٰتِىٓ أَرْضَعْنَكُمْ وَأَخَوَاتُكُم مِّنَ ٱلرَّضَـٰعَةِ وَأُمَّهَـٰتُ نِسَآئِكُمْ وَرَبَـٰٓئِبُكُمُ ٱلَّـٰتِى فِى حُجُورِكُم مِّن نِّسَآئِكُمُ ٱلَّـٰتِى دَخَلْتُم بِهِنَّ فَإِن لَّمْ تَكُونُوا۟ دَخَلْتُم بِهِنَّ فَلَا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ

وَحَلَـٰٓئِلُ أَبْنَآئِكُمُ ٱلَّذِينَ مِنْ أَصْلَـٰبِكُمْ وَأَن تَجْمَعُوا بَيْنَ ٱلْأُخْتَيْنِ إِلَّا مَا قَدْ سَلَفَ إِنَّ ٱللَّـهَ كَانَ غَفُورًا رَّحِيمًا﴾ (النساء: ٢٣)

لەم ئایەتە پیرۆزەدا خودا باسی ئەو ئافرەتانە دەکات کە دروست نیە هاوسەرگیرییان لەگەڵدا بکرێت بە شێوەی تەفسیلی، پاشان لە ئایەتی دواتردا دەفەرموێت بێجگە لەمانە هەمووی حەڵاڵە:

﴿وَٱلْمُحْصَنَـٰتُ مِنَ ٱلنِّسَآءِ إِلَّا مَا مَلَكَتْ أَيْمَـٰنُكُمْ كِتَـٰبَ ٱللَّـهِ عَلَيْكُمْ وَأُحِلَّ لَكُم مَّا وَرَآءَ ذَٰلِكُمْ أَن تَبْتَغُوا بِأَمْوَٰلِكُم مُّحْصِنِينَ غَيْرَ مُسَـٰفِحِينَ..﴾ (النساء: ٢٤)

بەڵام لێرەدا پرسیارێك دێتە پێشەوە: بۆچی هەموو ئوممەت سەدە لەدوای سەدە کۆکن لەسەر حەرامی کۆکردنەوەی ئافرەت لەگەڵ پوری، یان میمکیدا؟

وەڵامەکە ڕوونە: لەبەر ئەم فەرموودەی پێغەمبەرﷺ کە هاتووە لە هەردوو کتێبی سەحیح، لە ئەبو هورەیرەوە خوای لێ ڕازیبێت: أَنَّ رَسُولَ اللهِﷺ قَالَ: «لَا يُجْمَعُ بَيْنَ الْـمَرْأَةِ وَعَمَّتِهَا، وَلَا بَيْنَ الْـمَرْأَةِ وَخَالَتِهَا»[1].

واتە: ئافرەت کۆناکرێتەوە لەگەڵ خوشکی باوکیدا، یان لەگەڵ خوشکی دایکیدا.

ئایا ئەمە تەشریعێکی ئاشکرا نیە کە لە قورئانی پیرۆزدا باس نەکراوە، یان تەخسیس کردنی عامێکی قورئان؟ بە هەر یەکێك لەم دوانە پێویستمان بە فەرموودەو حوجیەتی هەیە، بۆ تێگەیشتنی قورئانی پیرۆز.

ئەگەر نەیاری سوننەت دانی نا بەم حوکمەدا ئەوا دەبێت ملکەچبێت بۆ سوننەت، یان بڕیاری گومڕایەتی ئوممەت بدات لەسەردەمی پێغەمبەرەوەﷺ تاوەکو سەردەمی ئەمڕۆمان، ئەگەر ئەمەشیان کرد ئەوا هیچ عیسمەتو پارێزراویەك نامێنێتەوە بۆ قورئان لە نێوان ئوممەتێکدا کە گومڕاو گومڕاکەربووە بەدرێژایی هەزاو چوارسەدو ئەوەندە ساڵ.

تەنیا ئەم وتەیە بەسە بۆ پەکخستنی نەیارانی سوننەتو گومانەکانیان چون ڕێگا دەکاتەوە بۆ گومانخستنە سەر پارێزراوی قورئان، چونکە قورئان هاتووە بۆ ئێمە لە ڕێگەی ئەوانەوە، ئیتر ئەگەر

(١) رَوَاهُ الْبُخَارِيُّ (٧/ ١٢) بِرَقْمِ: (٥١٠٩)، وَمُسْلِمٌ (٢/ ١٠٢٨) بِرَقْمِ: (١٤٠٨).

ئەوان گومڕابن، ئای لە دڵخۆشی دوژمنانی قورئانو ئیسلامو هاوەڵان بە وێنەی ئەم جۆرە بانگەشە زیانبەخشە پوتانە.

خودای گەورە خۆی تەوفیق دەدات بۆ ڕاستیو هیدایەتدەرە بۆ ڕێگای ڕاست.

**ئایەتی سێیەم: (ئایەتی: 11) لە سورەتی نیسا:**

خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿يُوصِيكُمُ ٱللَّهُ فِيٓ أَوْلَـٰدِكُمْ لِلذَّكَرِ مِثْلُ حَظِّ ٱلْأُنثَيَيْنِ..﴾ **(النساء: ١١)**

ئەم ئایەتە واجبێتی میراتو حەقی میراتبەران ڕوون دەکاتەوە بە شێوەیەکی گشتی، لەگەڵ ئەوەی ئێمە هەموو دەزانین کەسوکاری پێغەمبەران میرات نابەن، وە ماڵو سامانەکەیان دەکرێتە خێرو نادرێتە کەسو کاریان وەك میرات، هەروەك هاتووە لە دایکی ئیمانداران عائیشەوە: أَنَّ أَزْوَاجَ النَّبِيِّ ﷺ حِينَ تُوُفِّيَ رَسُولُ اللهِ ﷺ، أَرَدْنَ أَنْ يَبْعَثْنَ عُثْمَانَ إِلَى أَبِي بَكْرٍ يَسْأَلْنَهُ مِيرَاثَهُنَّ، فَقَالَتْ عَائِشَةُ: أَلَيْسَ قَدْ قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ: «لَا نُورَثُ، مَا تَرَكْنَا صَدَقَةٌ»[1].

واتە: کاتێك پێغەمبەری خوا ﷺ وەفاتی کرد، خێزانەکانی عوسمانیان ناردە لای ئەبو بەکر داوای میراتیان کرد، عائیشە فەرمووی: ئایا پێغەمبەر ﷺ نەیفەرموو: میرات جێ ناهێڵین، ئەوەی جێمان هێشت دەکرێتە سەدەقە.

ئایا ئەمە تەخسیس نیە بۆ عامێکی قورئانیو ئوممەتیش وەریان گرتووەو قەبوڵیان کردووە، وە خیلافیشی لەسەر نەبووە تا ئەمڕۆمان؟ بەڵام هیچ سەیر نیە ئەگەر نەیارانی سوننەت بێنو ئەمەش ڕەت بکەنەوە لەبەر ئەوەی لەگەڵ هەوایان یەك ناگرێتەوە[2].

**ئایەتی چوارەم: (ئایەتی: 196) لە سورەتی بەقەرە:**

---

(١) رَوَاهُ الْبُخَارِيُّ (٨/ ١٥٠) بِرَقْمِ: (٦٧٣٠)، وَمُسْلِمٌ (٣/ ١٣٧٩) بِرَقْمِ: (١٧٥٨).

(٢) لەم فەرموودەی پێشوو هەڵوێستێکی زۆر سەرسوڕهێنەرو دیندارانەی دایکی ئیمانداران عائیشە دەردەکەوێت، کە فەرموودەی پێغەمبەر (سەڵاتو سەلامی لەسەربێت) ناشارێتەوەو دەیگەیەنێت ئەگەرچی لە زیانی دنیایی خۆشیبێتو مەحرومی بکات لە میرات، خودای گەورەت لێ ڕازیبێت ئەی ڕاستگۆی کچی ڕاستگۆ. ئەمانە هەڵگری فەرموودەکانو گەیەنەرین.

خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَأَتِمُّوا۟ ٱلْحَجَّ وَٱلْعُمْرَةَ لِلَّـهِ فَإِنْ أُحْصِرْتُمْ فَمَا ٱسْتَيْسَرَ مِنَ ٱلْهَدْيِ وَلَا تَحْلِقُوا۟ رُءُوسَكُمْ حَتَّىٰ يَبْلُغَ ٱلْهَدْىُ مَحِلَّهُۥ فَمَن كَانَ مِنكُم مَّرِيضًا أَوْ بِهِۦٓ أَذًى مِّن رَّأْسِهِۦ فَفِدْيَةٌ مِّن صِيَامٍ أَوْ صَدَقَةٍ أَوْ نُسُكٍ..﴾ (البقرة: ١٩٦)

ئەم ئایەتە موجمەلەو پێویستی بە ڕوونکردنەوەیە، لەبەر ئەوەی نە ئەندازەی ڕۆژوو، نە خێرو، نە نوسوك نازانین چیە، جارێ هەر لە بنەڕەتدا نوێژ خۆی چیە؟ نوسوك چیە؟ ئوممەت لەکوێ بەیانو ڕوونکردنەوەی ئەم شتانەی وەرگرت؟ بەبێ گومان هەموو کۆکین لەسەریو لەفەرموودەمان وەرگرتووە نەوە لەدوای نەوە.

لە سەحیحی موسلیمدا لە عەبدوڵای کوڕی مەعقیلەوە هاتووە فەرموویەتی: قَعَدْتُ إِلَى كَعْبٍ وَهُوَ فِي الْمَسْجِدِ، فَسَأَلْتُهُ عَنْ هَذِهِ الْآيَةِ: [فَفِدْيَةٌ مِنْ صِيَامٍ أَوْ صَدَقَةٍ أَوْ نُسُكٍ] (البقرة: 196)؟ فَقَالَ كَعْبٌ: نَزَلَتْ فِيَّ، كَانَ بِي أَذًى مِنْ رَأْسِي، فَحُمِلْتُ إِلَى رَسُولِ اللهِ ﷺ وَالْقَمْلُ يَتَنَاثَرُ عَلَى وَجْهِي، فَقَالَ: «مَا كُنْتُ أُرَى أَنَّ الْجَهْدَ بَلَغَ مِنْكَ مَا أَرَى أَتَجِدُ شَاةً؟ » فَقُلْتُ: لَا، فَنَزَلَتْ هَذِهِ الْآيَةُ: [فَفِدْيَةٌ مِنْ صِيَامٍ أَوْ صَدَقَةٍ أَوْ نُسُكٍ]، قَالَ: «صَوْمُ ثَلَاثَةِ أَيَّامٍ، أَوْ إِطْعَامُ سِتَّةِ مَسَاكِينَ نِصْفَ صَاعٍ، طَعَامًا لِكُلِّ مِسْكِينٍ»، قَالَ: فَنَزَلَتْ فِيَّ خَاصَّةً، وَهِيَ لَكُمْ عَامَّةً[1].

واتە: دانیشتم لای کەعب لەکاتێکدا لەمزگەوت بوو، پرسیارم لێکرد دەربارەی ئەم ئایەتە: (فَفِدْيَةٌ مِنْ صِيَامٍ أَوْ صَدَقَةٍ أَوْ نُسُكٍ) (بەقەرە: 196). واتە: فیدیەیان لەسەرە لە ڕۆژوو یان خێر یان سەربڕین. کەعب وتی: دابەزیوە لەسەر من، سەرم ئازاری هەبوو، بردمیانە لای پێغەمبەرﷺو ئەسپێ داباریبویە سەر دەمو چاوم، فەرمووی: نەمزانیوە بارگرانیت گەشتوەتە ئەوەی کە دەیبینم، ئایا ولاخێك شك ئەبەیت -بۆ سەربڕین-؟ وتم: نەخێر. ئیتر ئەم ئایەتە دابەزی (فَفِدْيَةٌ مِنْ صِيَامٍ أَوْ صَدَقَةٍ أَوْ نُسُكٍ). فەرمووی: ڕۆژووی سێ ڕۆژ، یان خواردنی شەش فەقیر بە نیو ساع خواردنی هەر هەژارێك. فەرمووی: دابەزیوە لەسەر من بە تایبەتو بۆ ئێوەشە بە گشتی.

## ئایەتی پێنجەم: ئەو ئایەتانەی وشەی (الصور)ی تێدایە:

---

(1) رَوَاهُ مُسْلِمٌ (861/2)، بِرَقْمِ: (1201).

خودای گەورە دەفەرمویێت: ﴿وَهُوَ ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ بِٱلْحَقِّ وَيَوْمَ يَقُولُ كُن فَيَكُونُ قَوْلُهُ ٱلْحَقُّ وَلَهُ ٱلْمُلْكُ يَوْمَ يُنفَخُ فِى ٱلصُّورِ عَـٰلِمُ ٱلْغَيْبِ وَٱلشَّهَـٰدَةِ وَهُوَ ٱلْحَكِيمُ ٱلْخَبِيرُ﴾ (الأنعام: ٧٣)

وە دەفەرمویێت:

﴿وَتَرَكْنَا بَعْضَهُمْ يَوْمَئِذٍ يَمُوجُ فِى بَعْضٍ وَنُفِخَ فِى ٱلصُّورِ فَجَمَعْنَـٰهُمْ جَمْعًا﴾ (الكهف: ٩٩)

وە دەفەرمویێت:

﴿يَوْمَ يُنفَخُ فِى ٱلصُّورِ وَنَحْشُرُ ٱلْمُجْرِمِينَ يَوْمَئِذٍ زُرْقًا﴾ (طه: ١٠٢)

دەبینین کە وشەی (الصُّورِ) لە قورئاندا چەندین جار باسکراوە[1]، وە ماناکەی نازانین مەگەر لەڕێگەی تەفسیری پێغەمبەرەوە ﷺ، ئایا نەزانینی مانای وشەیەك کە ئەم هەموو جارە هاتبێت نابێتە تانە بەسەر کتێبی خوای گەورەوە؟

هەموو ئوممەی ئیسلامیش کۆکن لەسەر تەفسیری ئەم وشەیە بەبێ خیلاف، باشە ناوترێت ئەم کۆڕاییە لەکوێوە هات؟ ئایا سەرچاوەکەی سوننەت نیە؟

بێگومان سوننەت ئەم مانایەی ڕوون کردووەتەوە وەك هاتووە لە عەبدوڵای کوڕی عەمرەوە فەرموویەتی: قَالَ أَعْرَابِيٌّ: يَا رَسُولَ الله، مَا الصُّورُ؟ «قَالَ قَرْنٌ يُنْفَخُ فِيهِ»[2].

واتە: دەشتەکیەك وتی ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ صور چیە؟ فەرمووی: قەرنێکە (وەك بوق) فوی پیا دەکرێت.

وە زۆر وشەی تر هەیە کە بەبێ تەفسیری پێغەمبەر ﷺ ماناکانی نازانرێت، وەك باسکراون لە کتێبەکانی غەریبی قورئانو زانستەکانی قورئان، بەڵکو هەندێك لە زانایان کتێبی تایبەتیان لەسەر تەفسیری پێغەمبەر ﷺ نووسیوە، وەك: (تَفْسِيْرُ ابْنِ أَبِي حَاتِمٍ) و (تَفْسِيْرُ عَبْدِ بنِ حُمِيدٍ) و (تَفْسِيْرُ

(١) باسکراوە لە: (المؤمنون:١٠١)، (النمل:٨٧)، (يس:٥١)، (الزمر:٦٨)، (ق:٢٠)، (الحاقة:١٣)، (النبأ:١٨).

(٢) رَوَاهُ أحمدُ في المسنَدِ (١١/ ٥٣)، بِرَقْمِ: (٦٥٠٧)، وَالدَّارِمِيُّ فِي السُّنَنِ (٣/ ١٨٤٤)، بِرَقْمِ: (٢٨٤٠)، وَأَبُو دَاودَ فِي السُّنَنِ (٤/ ٢٣٦)، بِرَقْمِ: (٤٧٤٢)، وَالتِّرْمِذِيُّ فِي الجَامِعِ (٤/ ١٩٨)، بِرَقْمِ: (٢٤٣٠)، وَغَيرُهُم وَهُوَ صَحِيْحٌ.

ابنِ مَرْدَوَيْهِ) و (تَفْسِيْرُ الطَّبَرِيِّ)، وە بێجگە لەم کتێبانەش، وە هەروەها لە کتێبەکانی سوننە، بابێکی تایبەت دەبینن لەسەر تەفسیری پێغەمبەرﷺو فەرموودەکانی تایبەت بە تەفسیری تێدا باس دەکەن، هەرکەس زیادەی بوێت دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ ئەو کتێبانە.

## جۆری شەشەم لە بەڵگە قورئانیەکان: کۆمەڵە ئایەتێك پێویستمان بە هۆکاری هاتنەخوارەوەیانە، بۆ زانینی ماناکانیان.

نەیارانی سوننەت دەڵێن: قورئانمان بەسەو لەگەڵیدا هیچ شتێکی ترمان ناوێت، وە ئەم قسەیەشیان کردووەتە هۆکار بۆ ڕەتکردنەوەی هەموو سوننەت، بەبێ ئاوڕدانەوە بۆ ئەوەی کە پێویستمان بە ڕوونکردنەوەی پێغەمبەرﷺو، ئەو دۆخەیە کە ئایەتەکەی تێدا دابەزیوە.

جا لەم جۆرەیان هەندێك ئایەت نەقڵ دەکەین کە ماناکەی نازانرێت بە دیاریکراوی، یان بەشێك لە ماناکەی ئیلا دوای زانینی هۆکاری هاتنەخوارەوەکەی نەبێت.

### ئایەتی یەکەم: (ئایەتی: 3) لە سورەتی تەحریم:

خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَإِذْ أَسَرَّ ٱلنَّبِيُّ إِلَىٰ بَعْضِ أَزْوَٰجِهِۦ حَدِيثًا فَلَمَّا نَبَّأَتْ بِهِۦ وَأَظْهَرَهُ ٱللَّـهُ عَلَيْهِ عَرَّفَ بَعْضَهُۥ وَأَعْرَضَ عَنۢ بَعْضٍ فَلَمَّا نَبَّأَهَا بِهِۦ قَالَتْ مَنْ أَنۢبَأَكَ هَـٰذَا قَالَ نَبَّأَنِيَ ٱلْعَلِيمُ ٱلْخَبِيرُ﴾ (التحريم: ٣)

ئەم ئایەتە دەلالەت دەکات لەسەر حوجیەتی سوننەت بە دوو دەلالەی ڕوون، ئەوانیش:

**یەکەم:** خوای گەورە لەسەر زمانی پێغەمبەرەکەیﷺ دەفەرموێت: (نَبَّأَنِيَ ٱلْعَلِيمُ ٱلْخَبِيرُ)، واتە: (خودای زانای کارزان هەواڵی پێدام) لە وەڵامی یەکێك لە خێزانەکانیدا، جا ئەوەی سەرنج ڕاکێشە لێرەدا ئەوەیە کە ئەم هەواڵە لە قورئاندا باس نەکراوە، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ڕێگەیەکی تر هەیە پێغەمبەرﷺ وەحی بۆ دێت لێیەوە لە دەرەوەی قورئانی پیرۆز.

**دووەم:** ئەم ئایەتە تەفسیرەکەی نازانرێت، مەگەر لە ڕێگەی هۆکاری دابەزینەکەیەوە نەبێت، وە ئەمەش لە کتێبەکانی فەرموودەو تەفسیردایە، جا ئەگەر نەیاران بیانەوێ کتێبەکانی فەرموودەو تەفسیر لەناو بدەن، ئەوا هەوڵی لەناودانی تەفسیری چەندین ئایەتی قورئان دەدەن، چون ئێمە پێویستمان بە تەفسیری پێغەمبەرﷺو ئەو دۆخەیە کە ئایەتەکەی تێدا دابەزیوە، بۆ ئەوەی بگەین بە تەفسیرێکی ڕاستو دروست.

**ئایەتی دووەم: ( ئایەتی: 188 ) لە سورەتی ئالی عیمران:**

خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿لَا تَحْسَبَنَّ ٱلَّذِينَ يَفْرَحُونَ بِمَآ أَتَوا وَّيُحِبُّونَ أَن يُحْمَدُوا بِمَا لَمْ يَفْعَلُوا فَلَا تَحْسَبَنَّهُم بِمَفَازَةٍ مِّنَ ٱلْعَذَابِ وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾ **(آل عمران: ١٨٨)**

ئەگەر ورد بینەوە لەم ئایەتە ئەوا خۆمان لەبەرامبەر کێشەیەکی گەورە دەبینینەوە، ئەویش ئەوەیە: هەر کەسێك حەز بکات ستایش بکرێت لەسەر کردەوەکانی ئەوا دەچێتە دۆزەخەوە، وە ئەم کێشەیەش نارەوێتەوە تا هۆکاری دابەزینەکەی نەزانین، بەڵام ئەگەر هۆکارەکەمان زانی دوای ئەوە کێشەیەك نامێنێتو دەرەوێتەوە، هەر وەك مەروانی خەلیفە لەلای بوو بە کێشەو ئیبن عەباس بۆی روون کردەوە، وەك هاتووە لە بوخاریو موسلیم: عەلقەمەی کوڕی وەقاس هەواڵی داوە، کە مەروان بە دەرگاوانەکەی وت: بڕۆ ئەی ڕافیع بۆ لای ئیبن عەباسو بڵێ: ئەگەر هەموومان دڵخۆشبین بەوەی پێیمان دراوە، وە پێمان خۆشبوو سوپاس بکرێین لەسەریو سزا بدرێین، ئەوا هەموومان سزا دەدرێین. ئیبن عەباس فەرمووی: ئەمە چ پەیوەندیەکی بە ئیوەوە هەیە ( یانی ئێوە ناگرێتەوە)، پێغەمبەرﷺ جولەکەی بانگ کردو پرسیاری لێکردن دەربارەی شتێك، ئەوانیش شاردیانەوەو شتێکی تریان پێ وت، وە داواشیان کرد کە پێغەمبەرﷺ سوپاسیان بکات دەربارەی ئەوەی پێیان وتووە، وە دڵخۆشبوون بەوەی شاردویانەتەوە، پاشان ئیبن عەباس ئەم ئایەتەی خوێندەوە: ﴿وَإِذْ أَخَذَ اللهُ مِيثَاقَ الَّذِينَ أُوتُوا الكِتَابَ﴾ **(آل عمران: 187)**. هەروەها ئەمە تا دەفەرموێت: ﴿يَفْرَحُونَ بِمَا أَتَوْا وَيُحِبُّونَ أَنْ يُحْمَدُوا بِمَا لَمْ يَفْعَلُوا﴾[1].

جا لێرەوە دەزانین کە ئایەتەکە دەربارەی کەسێك دەدوێت کە حاڵی وەکو حاڵی یەهودە، یان حاڵی وەکو حاڵی دووڕووانە لەم ڕووەوە، وە گشتگیر نیە بۆ هەرکەسێك کە حەز بکات سوپاس بکرێت.

**ئایەتی سێیەم: ( ئایەتی: 40 ) لە سورەتی تەوبە:**

خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِلَّا تَنصُرُوهُ فَقَدْ نَصَرَهُ ٱللَّـهُ إِذْ أَخْرَجَهُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا ثَانِيَ ٱثْنَيْنِ إِذْ هُمَا فِى ٱلْغَارِ إِذْ يَقُولُ لِصَـٰحِبِهِۦ لَا تَحْزَنْ إِنَّ ٱللَّـهَ مَعَنَا﴾ **(التوبة: ٤٠)**

(١) رَوَاهُ الْبُخَارِيُّ (٦/ ٤٠) بِرَقْم: (٤٥٦٨)، وَمُسْلِمٌ (٤/ ٢١٤٣) بِرَقْم: (٢٧٧٨).

ئەگەر لەڕێگەی فەرموودەوە نەبێت چۆن زانیمان ئەوکەسەی لەگەڵ پێغەمبەرﷺ بووە، ئەبو بەکر بووە؟ وە زانینی ئەمە زۆر گۆنگە چون خوای گەورە وەسفی دەکات بەوەی هاوەڵی پێغەمبەرﷺ بووە، وە هەروەها پێغەمبەرﷺ دەفەرمویت: خوای گەورە لەگەڵیانایە، جا چۆن کەسێك خوای لەگەڵدابێت هەڵدەگەڕێتەوە لە ئایین، وەك ڕافیزە دەڵێن؟

وە هەروەها جێگیربوونی ئەمە گرنگە بۆ چەسپاندنی خزمەتی ئەبو بەکر بە ئیسلامو هەڵگرتنی ناڕەحەتیو ئازار لە پێناو هەڵگرتنی نامەی پیرۆزی ئیسلامو بەرگری کردن لە پێغەمبەری خواﷺ.

## ئایەتی چوارەم: سەرەتای سورەتی عەبەسە:

خودای گەورە دەفەرمویت: ﴿عَبَسَ وَتَوَلَّىٰٓ ۝١ أَن جَآءَهُ ٱلْأَعْمَىٰ ۝٢ وَمَا يُدْرِيكَ لَعَلَّهُۥ يَزَّكَّىٰٓ﴾ (عبس: ١ - ٣)

ئەگەر لە ڕێگەی هۆکارەکانی دابەزینەوە نەبێت چۆن مانای ئەم ئایەتانە دەزانین؟ بەڵکو چۆن دەزانین ئەو کەسەی کە پێغەمبەری خواﷺ پشتی لێ هەڵکردووە کێ بووە؟ وە چۆن هۆکاری پشت هەڵکردنەکەی بزانین؟ وە ئەم دۆخە چی بووەو چی تێدا کردووەو چیرۆکەکەی چی بووە؟.

بۆمان هاتووە لە هیشامی کوڕی عورووەوە، ئەویش لە باوکیەوە، لە عائشەوە —خودا لە هەموویان ڕازیبێت- فەرموویەتی: أُنْزِلَ: ﴿عَبَسَ وَتَوَلَّى﴾ (عبس: 1) فِي ابْنِ أُمِّ مَكْتُومٍ الأَعْمَى، أَتَى رَسُولَ الله ﷺ فَجَعَلَ يَقُولُ: يَا رَسُولَ الله أَرْشِدْنِي، وَعِنْدَ رَسُولِ الله ﷺ رَجُلٌ مِنْ عُظَمَاءِ الْمُشْرِكِينَ، فَجَعَلَ رَسُولُ الله ﷺ يُعْرِضُ عَنْهُ وَيُقْبِلُ عَلَى الآخَرِ، وَيَقُولُ: «أَتَرَى بِمَا أَقُولُ بَأْسًا؟» فَيَقُولُ: لَا، فَفِي هَذَا أُنْزِلَ[1].

(عَبَسَ وَتَوَلَّى) دابەزی بۆ (ئیبن ئومی مەکتوم) ی نابینا، هاتە لای پێغەمبەرﷺو ئەیوت: ئەی پێغەمبەری خواﷺ ڕێنماییم بکە، وە لای پێغەمبەری خواﷺ پیاوێك لە گەورەی موشریکان هەبوو،

---

(١) رواهُ مَالِكٌ في الموطَّإِ (٢/ ٢٨٣)، بِرَقْمِ: (٦٩٢)، والتِّرمِذِيُّ (٥/ ٤٣٢)، بِرَقْمِ: (٣٣٣١)، واللَّفْظُ لَهُ، وأبو يعلَى (٥/ ٤٣١)، بِرَقْمِ: (٣١٢٣)، وابنُ حبَّانَ (٢/ ٢٩٣)، بِرَقْمِ: (٥٣٥).

ئیتر پێغەمبەری خواﷺ پشتی تێ کردو ڕووی کردە ئەوی تر، وە ئەیوت: ئایا کێشەیەك دەبینی لەوەی من دەیڵێم؟[1] وتی: نەخێر. ئایەتەکە لەسەر ئەمە دابەزی.

## ئایەتی پێنجەم: (ئایەتی: 115) لە سورەتی بەقەرە:

خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَلِلَّـهِ ٱلۡمَشۡرِقُ وَٱلۡمَغۡرِبُ فَأَيۡنَمَا تُوَلُّوا فَثَمَّ وَجۡهُ ٱللَّـهِ إِنَّ ٱللَّـهَ وَٰسِعٌ عَلِيمٌ﴾
(البقرة: ١١٥)

ئەگەر ئەم ئایەتە بخوێنینەوە بەبێ زانینی هۆکاری دابەزینەکەی ئەوەی لێدەخوێنینەوە کە ڕوو بکەینە هەر جێیەك لە کاتی نوێژدا کێشەی نیەو هەموو لایەك هەر قیبلەیە، بەڵام کە هۆکاری دابەزینەکەمان دیت، ئەوکات دەزانین کە بە ڕەهایی نیە، بەڵکو بۆ کەسێکە توانای ڕووکردنە قیبلەی نیە، هەروەك لە ئیبن عومەرەوە هاتووە فەرموویەتی: «كَانَ النَّبِيُّ ﷺ يُصَلِّي عَلَى رَاحِلَتِهِ تَطَوُّعًا حَيْثُمَا تَوَجَّهَتْ بِهِ وَهُوَ جَاءٍ مِنْ مَكَّةَ إِلَى الْمَدِينَةِ» ثُمَّ قَرَأَ ابْنُ عُمَرَ، هَذِهِ الآيَةَ: [ وَلله المَشْرِقُ وَالمَغْرِبُ] (البقرة: 115) الآيَةَ. فَقَالَ ابْنُ عُمَرَ: «فَفِي هَذَا أُنْزِلَتْ هَذِهِ الآيَةُ»[2].

واتە: پێغەمبەرﷺ نوێژی سوننەتی دەکرد لەسەر وڵاخەکەی هەرچۆن بڕۆشتایە، ئەو لە مەککەوە دەڕۆشت بۆ مەدینە، پاشان ئیبن عومەر ئەم ئایەتەی خوێندەوە: (وَلله المَشْرِقُ وَالمَغْرِبُ). وە ئیبن عومەر فەرمووی: ئەم ئایەتە بۆ وێنەی ئەم حاڵە دابەزیوە.

دارەقوتنی لە جابری کوڕی عەبدوڵاوە بە سەنەدێکی پچڕاو دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: بَعَثَ رَسُولُ الله ﷺ سَرِيَّةً كُنْتُ فِيهَا، فَأَصَابَتْنَا ظُلْمَةٌ فَلَمْ تُعْرَفِ الْقِبْلَةُ، فَقَالَتْ طَائِفَةٌ مِنَّا: قَدْ عَرَفْنَا الْقِبْلَةَ هِيَ هَاهُنَا قِبَلَ الشِّمَالِ فَصَلُّوا وَخَطُّوا خطًّا، وَقَالَ بَعْضُنَا: الْقِبْلَةُ هَاهُنَا قِبَلَ الْجَنُوبِ وَخَطُّوا خَطًّا، فَلَمَّا أَصْبَحُوا وَطَلَعَتِ الشَّمْسُ أَصْبَحَتْ تِلْكَ الْخُطُوطُ لِغَيْرِ الْقِبْلَةِ، فَلَمَّا قَفَلْنَا

(١) پێغەمبەر سەڵاتو سەلامی لەسەربێت، بە موشریکەکەی فەرموو: هیچ کێشەیەك دەبینی لەوەی دەیڵێم لە تەوحیدو تەنیا پەرستنی خودا.

(٢) رواهُ مُسلمٌ (١/ ٤٨٦)، بِرَقْم: (٧٠٠)، والتِّرمذِيُّ (٥/ ٢٠٥)، بِرَقْمِ: (٢٩٥٨)، واللَّفْظُ لَهُ.

مِنْ سَفَرِنَا سَأَلْنَا النَّبِيَّ ﷺ عَنْ ذَلِكَ فَسَكَتَ وَأَنْزَلَ اللهُ عَزَّ وَجَلَّ [وَلِلهِ الْـمَشْرِقُ وَالْـمَغْرِبُ فَأَيْنَمَا تُوَلُّوا فَثَمَّ وَجْهُ اللهِ] (البقرة: 115) أَيْ: حَيْثُ كُنْتُمْ[1].

واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ سریەیەکی نارد منیشی تیابووم، تاریکایی داهاتو قیبلە نەدەزانرا، هەندێکمان وتیان: قیبلەمان زانی ئالێرەوەیە لە باکورەوە، نوێژیان کردو خەتێکیان کێشا، وەهەندێکی ترمان وتیان: قیبلە لێرەوەیە لە باشور وە خەتێکیان کێشا، کە بەیانی بویەوەو خۆر هەڵات، هەموو خەتەکان ئاڕاستەیان بۆ جگە لە قیبلە بوو، کە گەڕاینەوە لە سەفەرەکەمان، پرسیارمان کرد لە پێغەمبەر خوا ﷺ دەربارەی ئەمە، ئەویش بێدەنگ بوو، وە خوای گەورە ئەم ئایەتەی دابەزاند: [وَلِلهِ الْـمَشْرِقُ وَالْـمَغْرِبُ فَأَيْنَمَا تُوَلُّوا فَثَمَّ وَجْهُ اللهِ] (البقرة: 115).

### ئایەتی شەشەم: (ئایەتی: 158) لە سورەتی بەقەرە:

خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِنَّ ٱلصَّفَا وَٱلْمَرْوَةَ مِن شَعَآئِرِ ٱللَّـهِ فَمَنْ حَجَّ ٱلْبَيْتَ أَوِ ٱعْتَمَرَ فَلَا جُنَاحَ عَلَيْهِ أَن يَطَّوَّفَ بِهِمَا وَمَن تَطَوَّعَ خَيْرًا فَإِنَّ ٱللَّـهَ شَاكِرٌ عَلِيمٌ﴾ (البقرة: ١٥٨)

ڕووکەشی ئەم ئایەتە وا دیارە کە سەعی نێوان سەفاو مەروە واجب نیەو موباحە، چون دەستەواژەی (فَلَا جُنَاحَ عَلَيْهِ) واجبێتی لێناخوێنرێتەوە هەرگیز مەگەر بە قەرینەوە، وە لەگەڵ ئەوەش موسوڵمانان تێکڕا لەسەر ئەوەن کە سەعی نێوانیان واجبەو دەبێت بکرێت، وە هەموو ئومەتیش لەسەر ئەوە کۆکە بەبێ هیچ جیاوازیەك لە نیوانیان.

خۆ ئەگەر بێتو دەست بگرین بە ڕووکەشی ئایەتەکەوە بەبێ زانینی هۆی دابەزینەکەیو هاتنی بەم شێوە خیتابە، ئەوا دەکەوینە نێو ئەم کێشەیەو هەڵە لە ئایەتەکە تێدەگەین هەر وەك ڕوویدا لە عوروەو پرسیاری کرد لە دایکمان عائیشە لە بارەیەوە، هەر وەك هاتووە لە بوخاریو موسلیم لە زوهریەوە، لە عورەوەو دەفەرموێت: پرسیارم کرد لە عائیشەو پێم وت: ئایا نابینی وتەی خوای گەورە: (إِنَّ الصَّفَا وَالْمَرْوَةَ مِنْ شَعَائِرِ اللهِ فَمَنْ حَجَّ البَيْتَ أَوِ اعْتَمَرَ فَلاَ جُنَاحَ عَلَيْهِ أَنْ يَطَّوَّفَ بِهِمَا)،

---

(١) رواهُ الدَّارَقُطْنِيُّ فِي السُّنَنِ (٢/ ٦)، بِرَقْمِ: (١٠٦٢).

**سوێند بەخوا هیچ کێشەیەك نیە لەسەر کەسێك تەواف نەکات لە نێوان سەفاو مەروە**، عائیشە فەرمووی: شتێکی زۆر خراپت وت ئەی برازاکەم، ئەگەر بەو شێوەیە بوایە کە تۆ دەڵێیت ئەوا دەیفەرموو: (أَنْ لاَ يَتَطَوَّفَ بِهِمَا) [1]، وە ئەم ئایەتە دابەزیوە لەسەر ئەنسار چون ئەوان پێش ئەوەی موسوڵمان بن تەهلیلەیان دەکرد بۆ (مەنات)ی تاغوت، کە دەیانپەرست لە لای (موشەللەل)[2]، کاتێك کە موسوڵمان بوون پرسیان لە پێغەمبەرﷺ دەربارەی ئەوەو وتیان: ئەی پێغەمبەری خواﷺ ئێمە هەست بە شەرمەزاری دەکەین لە تەواف کردن لە نێوان سەفاو مەروە، ئیتر خودای گەورە ئەم ئایەتەی نارده خوارەوە: (إِنَّ الصَّفَا وَالْمَرْوَةَ مِنْ شَعَائِرِ الله) (البقرة: 158)، تا کۆتایی ئایەتەکە[3]، عائیشە فەرمووی: پێغەمبەری خواﷺ تەوافی نێوانیانی داناوەو، هیچ کەس بۆی نیە وازی لێبهێنێت)[4].

یانی ئەوان هەستیان بە شەرمەزاری کردووە لەوەی لەوێدا تەهلیلە بکەن، چون لەوێدا پێشتر تەهلیلە کراوە بۆ بتەکان، بۆیە ئایەتەکە بەو شێوەیە هاتووە دەفەرموێت: (هیچ شەرمەزاریەکی تێدایە نیە)، نەك وەها لێی تێبگەین کە سەعی نێوان سەفاو مەروە نەکردنی ئاساییە!.

## ئایەتی حەوتەم: ( ئایەتی: 118 ) لە سورەتی تەوبە:

خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَعَلَى ٱلثَّلَـٰثَةِ ٱلَّذِينَ خُلِّفُوا حَتَّىٰٓ إِذَا ضَاقَتْ عَلَيْهِمُ ٱلْأَرْضُ بِمَا رَحُبَتْ وَضَاقَتْ عَلَيْهِمْ أَنفُسُهُمْ وَظَنُّوٓا أَن لَّا مَلْجَأَ مِنَ ٱللَّـهِ إِلَّآ إِلَيْهِ ثُمَّ تَابَ عَلَيْهِمْ لِيَتُوبُوٓا إِنَّ ٱللَّـهَ هُوَ ٱلتَّوَّابُ ٱلرَّحِيمُ﴾ (التوبة: ١١٨)

ئەگەر هۆکاری هاتنە خوارەوە وەرنەگرین چۆن مانای ئەم ئایەتە بزانین، وە چۆن بزانین ئەو سیانە کێ بوون؟ وە چیان کردو لەچی دواکەوتن؟ وە چییان پێکرا تا زەوییان لەبەر تەسك بویەوە؟ چیرۆکەکە

(١) بە زیادەی (لَا)، دوای (أَنْ).

(٢) مەنات: بتێکی مەشهوری سەردەمی نەفامی بووە. موشەللەل: ناوی بەرزاییەکە لە (قودەید).

(٣) یانی ئەوان هەستیان بە شەرمەزاری کردووە لەوەی لەوێدا تەهلیلە بکەن، چون لەوێدا پێشتر تەهلیلە کراوە بۆ بتەکان، بۆیە ئایەتەکە بەو شێوەیە هاتووە دەفەرموێت: (هیچ شەرمەزاریەکی تێدایە نیە)، نەك وەها لێی تێبگەین کە سەعی نێوان سەفاو مەروە نەکردنی ئاساییە!.

(٤) رواهُ البُخَارِيُّ (٢/ ١٥٧)، بِرَقْمِ: (١٦٤٣)، وَمُسلِمٌ (٢/ ٩٢٩)، بِرَقْمِ: (١٢٧٧).

باسی کەعبی کوڕی مالیكو دوانی تره كه له غەزوەی تەبوك دواكەوتن، تەواوی چیرۆكەكە باسكراوه له سەحیحی بوخاریو موسلیم[1].

## ئایەتی هەشتەم: (ئایەتی: 93) له سورەتی مائیده:

خودای گەوره دەفەرمویت: ﴿لَيْسَ عَلَى ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا وَعَمِلُوا ٱلصَّـٰلِحَـٰتِ جُنَاحٌ فِيمَا طَعِمُوٓا إِذَا مَا ٱتَّقَوا وَّءَامَنُوا وَعَمِلُوا ٱلصَّـٰلِحَـٰتِ ثُمَّ ٱتَّقَوا وَّءَامَنُوا ثُمَّ ٱتَّقَوا وَّأَحْسَنُوا وَٱللَّـهُ يُحِبُّ ٱلْمُحْسِنِينَ﴾ (المائدة: ٩٣)

ئەم ئایەته ماناكەی ڕوون نیه، ئەگەر هەر تێی بگەین بەبێ هۆكاری دابەزینەكەی، چون نازانین مەبەست چیه له (طَعِمُوا)، وه بۆچی تاوانیان لەسەر نیه؟ گومانی تێدا نیه دەكەوینه هەڵەوه ئەگەر ماناكەی نەزانین، هەر وەك چۆن قودامەی كوڕی مەزعونو عەمری كوڕی مەعدی یەكریب كەوتنه هەڵەوەو ئایەتەكەیان لێكدایەوه به جگه له مانای خۆی.

بەڵام ئەگەر هۆكارەكەیمان زانی ئەوا مەبەستەكە به تەواوی ڕوون دەبێتەوه، هەروەك هاتووه له سەحیحی بوخاریو موسلیم، له ئەنەسەوه كه فەرموویەتی: "من ساقی خەڵكی بووم له ماڵی ئەبو تەڵحه، وه مەیی ئەوان لەو ڕۆژەدا سركەی ترێ بوو، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانی كرد بەبانگكەرێك بانگی دەكرد: بزانن كه مەی حەرام كرا. ئەبو تەڵحه پێی وتم: برۆ بیرێژه، ئیتر ڕۆشتم ڕشتم، مەی له كۆڵانەكانی مەدینه دەڕۆشت، هەندێك وتیان: خەڵكانێك كوژرانو مەی له سكیاندابوو! ئیتر خوای گەوره ئەم ئایەتەی نارده خوارەوە: (لَيْسَ عَلَى الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ جُنَاحٌ فِيمَا طَعِمُوا). واته: ئەوانەی كه بڕوایان هێناوەو كردەوەی چاكیان كردووه، تاوانیان لەسەر نیه لەو شتانەی خواردویانەو خواردویانەتەوه"[2].

---

(١) رَوَاهُ البُخَارِيُّ (٦/ ٣)، بِرَقْمٍ: (٤٤١٨)، وَمُسْلِمٌ (٤/ ٢١٢٠) بِرَقْمٍ: (٢٧٦٩) واللَّفْظُ لَهُ.

(٢) رَوَاهُ البُخَارِيُّ (٣/ ١٣٢) بِرَقْمٍ: (٢٤٦٤)، وَمُسْلِمٌ (٣/ ١٥٧٠) بِرَقْمٍ: (١٩٨٠).

لێرەوە دەزانین کە مەبەست لە ئایەتەکە ئەوانەیە کە مەییان خواردووەتەوە پێش حەرام بوونی، جا ئەگەر هۆکاری دابەزینمان وازلێهێنا ئەوا ناگەین بە مانای حەقیقی، هەروەك چۆن ڕویدا بۆ قودامەی کوڕی مەزعون.

## ئایەتی نۆیەم: ( ئایەتی: 223 ) لە سورەتی بەقەرە:

خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿نِسَآؤُكُمْ حَرْثٌ لَّكُمْ فَأْتُوا حَرْثَكُمْ أَنَّىٰ شِئْتُمْ وَقَدِّمُوا لِأَنفُسِكُمْ وَاتَّقُوا اللَّهَ وَاعْلَمُوٓا أَنَّكُم مُّلَٰقُوهُ وَبَشِّرِ الْمُؤْمِنِينَ﴾ (البقرة: ٢٢٣)

ڕووکەشی ئایەتەکە حەلاڵی چوونە لای ئافرەت لە پاشەوە دەردەخات، چون وتەی خوای گەورە: (فَأْتُوا حَرْثَكُمْ أَنَّىٰ شِئْتُمْ)، وای لێ تێدەگەین کە حەلاڵە بە هەموو شێوەیەك، بەڵام بێتو بگەڕێینەوە بۆ هۆکاری دابەزینەکەی ئەوا ئەو گومانە دەڕەوێتەوەو مانا مەبەستەکە بەدیار دەکەوێت، هەروەك هاتووە لە بوخاریو موسلیم، لە جابرەوە کە فەرمویەتی: جوەکان ئەیانوت ئەگەر پیاو لەدواوە بچێتە لای خێزانەکەی ئەوا منداڵەکەی خێل دەردەچێت، ئیتر ئەم ئایەتە دابەزی: [نِسَاؤُكُمْ حَرْثٌ لَكُمْ فَأْتُوا حَرْثَكُمْ أَنَّى شِئْتُمْ] (البقرة: 223)[1].

هەندێك لە هاوەڵان مانای ئەم ئایەتەیان ڕوون کردووەتەوە بە ڕوونکردنەوەیەکی بە سوود، لەوانە ئیبن عەباس وتویەتی: ئەم کۆمەڵە لە ئەنسار بتپەرست بوون، لەگەڵ جولەکە کە خاوەن کتێب بوون (تەورات)، وایان دەبینی کە جولەکە فەزڵیان بەسەریانەوە هەیە لە زانستدا، بۆیە لە زۆرێکی کردەوەکانیان چاویان لێدەکردن، وە خوی ئەهلی کتاب وابوو کە نەچنە لای ئافرەت تەنیا لەسەر لا نەبێت، بەم شێوەش ئافرەت زیاتر شاردراوە دەبێت، وە ئەم کۆمەڵەی ئەنسار ئەم کردارەی جولەکەیان وەرگرت، وە کۆمەڵەی قوڕەیشیش ئافرەتیان دەکردەوە بە کردنەوەیەکی ناقۆڵا، وە چێژیان لێدەبردن لە پێشو دواو بە پاڵکەوتنەوە، وە کاتێك کۆچبەران هاتنە مەدینە پیاوێکیان هاوسەرگیری کرد لەگەڵ ئافرەتێکی ئەنسار، ویستی ئەوەی لەگەڵدا بکات بەڵام ڕێگری لێکردو وتی: ئێمەی ئەنسار دێنە لامان

(١) رَوَاهُ الْبُخَارِيُّ (٦/ ٢٩) بِرَقْمٍ: (٤٥٢٨)، وَمُسْلِمٌ (٢/ ١٠٥٨) بِرَقْمٍ: (١٤٣٥).

به یەك شێوەو لەسەر لا ئیتر ئەوە بکە یان لێم دووركەوە، کارەکەیان گەورە بوو تا گەیشتەوە بە پێغەمبەرﷺ، وە خوای گەورەش ئەم ئایەتەی ناردە خوارەوە: ﴿نِسَاؤُكُمْ حَرْثٌ لَكُمْ فَأْتُوا حَرْثَكُمْ أَنَّى شِئْتُمْ﴾. واتە: لە پێش و دواو لەسەر لا، **وە مەبەستی ئەندامی زاوزێی مێینەیە**"[1].

هەر بۆیە پێشەوا شاتبی دوای هەندێك نمونە لەسەر گرنگی هۆکارەکانی دابەزین دەفەرموێت: "ئەمە ڕۆڵی هۆکارەکانی دابەزینن لە ناساندنی ماناکانی قورئان، بەشێوەیەك ئەگەر بێت و ئەو هۆکارانە نەمێنن، ئەوا ماناکانی قورئان نازانرێت بە شێوەیەکی تایبەت، بێ تووشبوونی چەندین گریمانەو کێشە"[2].

نمونە لەم بوارەدا زۆرن و بەوەندە بەسی دەکەم، وە لە وتەی پێشەوا سیوتی نمونەی تر دێت، لەگەڵ سوودەکانی هۆکارەکانی دابەزین[3].

جا هەر لەبەر گرنگی ئەم باسەو کاریگەری لەسەر تێگەیشتنی قورئانی پیرۆز، دەبینین زانایان گرنگییان بەم باسە داوەو چەندین کتێبی تایبەتیان لەسەری نووسیوە، سیوتی دەفەرموێت: "کۆمەڵێك لە زانایان تایبەتیان کردووە بە نووسین: کۆنترینیان عەلی کوڕی مەدینی مامۆستای "بوخاری"یە[4]، وە لە دیارترینیان: کتێبەکەی "واحیدی"یە[5]، هەرچەندە کەمو کورتی تیایە، وە جەعبەری پوختی کردووەتەوەو ئیسنادەکانی لابردووە[6]، وە هیچی لەسەر زیاد نەکردووە.

---

(١) رواهُ أبُو داودَ (٢/ ٢٤٩)، بِرَقْمِ: (٢١٦٤)، وَالطَّبَرَانِيُّ فِي المعجَمِ الكَبيرِ (١١/ ٧٧)، بِرَقْمِ: (١١٠٩٧)، والحَاكِمُ فِي المستَدْرَكِ (٢/ ٢١٢)، بِرَقْمِ: (٢٧٩١) وَصَحَّحَهُ وَوَافَقَهُ الذَّهَبِيُّ، وَالبَيْهَقِيُّ فِي السُّنَنِ الكُبْرَى (٧/ ٣١٧)، بِرَقْمِ: (١٤١٠٧)..

(٢) الموافقَاتُ للشَّاطبيِّ (٤/ ١٥٢).

(٣) لە سوودەکانی هۆکارەکانی دابەزین: دەزانین کام ئایەتانە مەکین و کامانەش مەدەنی، وە ئەمەش زۆر پێویستە بۆ زانینی تەفسیری دروست، وە هەروەها لە ڕێگەیەوە مێژووی دابەزینی ئایەتەکان و شوێنی دابەزینەکەیان دەزانین، وە ئەمانەش پێویستیەکی زۆریان تێدایە، بە تایبەت لەو باسانەی کە حوکمەکەیان تەدەڕوجی تێدایە، تا بزانین کامیان بە پێشدابووەو کامیان دواتر.

(٤) هەندێك لە زانایان دەڵێن: کۆنترین کەس تێیدا نووسیوێەتی مەیمونی کوڕی مەهرانە، ساڵی (١١٦) یان (١١٧) کۆچی وەفاتی کردووە.

(٥) کتێبی: (أَسْبَابُ النُّزُولِ).

(٦) کتێبی: (عَجَائِبُ النُّقُولِ فِي أَسْبَابِ النُّزُولِ).

وە هەروەها شەیخی ئیسلام ئیبن حەجەر کتێبێکی نووسیوە[1]، بەڵام بە دەست نووسی ماوەتەوەو وەفاتی کردو بە تەواوی پێمان نەگەیشتووە، وە منیش کتێبێکی پڕو پوختەو ڕێکم تێدا نووسیوە کە وێنەی نەنووسراوە، ناوم ناوە: (لُبَابُ النُّقُولِ فِي أَسْبَابِ النُّزُولِ)"[2].

وە زۆرێکی تر لە زانایان تێیدا نووسیویانە، وەك ئیبن جەوزی، وە هەروەها زۆرێکیش لە زانایانی سەردەم نووسیویانە تێیدا، خودا لە هەموویانی وەرگرێت.

---

(١) کتێبی: (العُجَابُ فِي بَيَانِ الأَسْبَابِ).

(٢) الإِتْقَانُ للسُّيوطِيِّ (١/ ١٠٧).

## جۆری حەوتەم لە بەڵگە قورئانیەکان: کۆمەڵە ئایەتێك بەڕاشکاوی باسی گرنگی ڕوونکردنەوەی پێغەمبەر ﷺ دەکەن:

نەیارانی سوننەت نکوڵی ئەوە دەکەن کە پێغەمبەرﷺ قورئانی پیرۆز ڕوون بکاتەوەو بە تەفسیری ئەو ڕازی نابن، وە بە هیچ وتەیەکی ئەو بەسەر قورئانەوە ڕازی نابنو وا دەبینن کە قورئان پێویستی بە تەفسیرو ڕوونکردنەوە نیە، لەوەو پێش ئەم قسەیەمان پوچەڵ کردەوە بە بەڵگەی قسە هەڵنەگر، وە ئەوەی دەمانەوێت لێرەدا باسی لێوە بکەینو ڕوونی بکەینەوە، باسی پێویستی قورئانی پیرۆزە بۆ ڕوونکردنەوەی پێغەمبەرﷺ بە شایەتی قورئانی پیرۆز خۆی.

**ئایەتی یەکەم: (ئایەتی: 64) لە سورەتی نەحل:**

خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَمَآ أَنزَلۡنَا عَلَيۡكَ ٱلۡكِتَـٰبَ إِلَّا لِتُبَيِّنَ لَهُمُ ٱلَّذِى ٱخۡتَلَفُواْ فِيهِ وَهُدًى وَرَحۡمَةً لِّقَوۡمٍ يُؤۡمِنُونَ﴾ **(النحل: ٦٤)**

ئەم ئایەتە پیرۆزە بەڵگەیەکی ڕوونە لەسەر حوجیەتی سوننەت، بە شێوەیەك کە بچوکترین گومان هەڵناگرێت، وە هەروەها وەڵامی نەیارانی سوننەت دەداتەوە لە قسە ناقۆڵاکەیان لە مەڕ جودایی کردن لە نێوان نەبیو ڕەسول، گوایە پێغەمبەرﷺ لە مەقامی ڕەسولیەت تەنیا قورئان دەگەیەنێت، بەڵام لە مەقامی نبوەت ئیجتهاد دەکاتو ئەگەری هەیە هەڵە بکاتو بۆی ڕاست دەکرێتەوە، وە لەم سیفەتەدا مەعسوم نیە.

بەڵام ئایەتەکە زۆر بە ئاشکرا ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە پێغەمبەرﷺ بە کردارو گوفتاری قورئان ڕوون دەکاتەوە، بۆ ئەوەی ڕاجیایی لابات لە تێگەیشتنی ئایەتەکانو تەفسیر کردنیان، وە ئەگەر بێتو پێغەمبەرﷺ تەنیا موجتەهیدێك بێت وەك موجتەهیدانی تر، ئیتر سوودی ئەم بەیانە چیە بۆ لادانی ڕاجیایی؟ وە هەروەها چۆن ئیجتهادی ئەو هەڵبژێردراو و پەسەند دەبێت بەسەر ئەوانی تردا؟ سەرەڕای ئەوەی دەرگای ئیجتهاد کراوەیە تا ڕۆژی دوایی تاوەکو زانایان قسە بکەن لە بەرژەوەندی خەڵکیو بابەتە ڕۆژییەکانیان؟

## ئایەتی دووەم: ( ئایەتی: 105 ) لە سورەتی نیسا:

خودای گەورە دەفەرمویّت: ﴿إِنَّآ أَنزَلْنَآ إِلَيْكَ ٱلْكِتَـٰبَ بِٱلْحَقِّ لِتَحْكُمَ بَيْنَ ٱلنَّاسِ بِمَآ أَرَىٰكَ ٱللَّـهُ وَلَا تَكُن لِّلْخَآئِنِينَ خَصِيمًا﴾ (النساء: ١٠٥)

ئەگەر خوازیاری حەق سەیری ئەم ئایەتە بکات بە چاوی هیدایەتو دڵێکی بە ئاگاوە، ئەوا لە ڕێگەیەوە دەزانێت سوننەت حوجەیە، چون خوای گەورە دوای ئەوەی باسی دابەزاندنی قورئان دەکات، دوابەدوای ئەوە باسی حوکمو بڕیاری پێغەمبەرﷺ دەکاتو دەیداتە پاڵ خۆیو، بەوە وەسفی دەکات کە لەلایەن خوای گەورەوەیەو خودا نیشانی دەداتو دەفەرمویّت: (لِتَحْكُمَ بَيْنَ ٱلنَّاسِ بِمَآ أَرَىٰكَ ٱللَّـهُ)، بۆ ئەوەی حوکم بکەی لە نێوان خەڵکی بەوەی خودا نیشانت دەدات.

جا ئەمەش زۆر ڕوونە لەوەی کە بڕیارەکە لە لایەن خوای گەورەوەیە با لە قورئانیشدا باس نەکرابێتو پێغەمبەرﷺ بیفەرمویّت.

## ئایەتی سێیەم: ( ئایەتی: 44 ) لە سورەتی نەحل:

خودای گەورە دەفەرمویّت: ﴿بِٱلْبَيِّنَـٰتِ وَٱلزُّبُرِ وَأَنزَلْنَآ إِلَيْكَ ٱلذِّكْرَ لِتُبَيِّنَ لِلنَّاسِ مَا نُزِّلَ إِلَيْهِمْ وَلَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُونَ﴾ (النحل: 44)

ئەگەر وردبیتەوە لە وتەی خوای گەورە: (لِتُبَيِّنَ لِلنَّاسِ مَا نُزِّلَ إِلَيْهِمْ)[1]. ئەوا کێشەکە دەرەوێتەوەو پەردە لەسەر دڵ لادەچێت ئەگەر شتێك گەردی گرتبێت بەرامبەر سوننەت، چون بەیانو ڕوونکردنەوە بە زیاد خستنە سەرو ڕاڤەی زیادتر دەبێت، لەگەڵ ئەحکامێك کە لە قورئاندا نەبێت، وە ئەگەر وا نەباو ڕاستەوخۆ خەڵکی تێکرا لە پەیامی خودا تێگەیشتبان، ئیتر خودا پێغەمبەری نەدەناردو تەنیا کتێبی بۆ ڕەوانە دەکردنو بەیانەکەشی نەدەدایە پێغەمبەرﷺ وەك لە ئایەتەکە باسکراوە.

جا بۆیە ئەم ئایەتە لە بەهێزترینو ڕوونترینی ئایەتەکانە لەسەر حوجیەتی وتەو کرداری پێغەمبەرﷺو بە تەشریع گرتنی بڕیارەکانی لەو شتانەی کە لە دەرەوەی قورئانن، چون خوای گەورە

(١) بۆ ئەوەی ڕوونی بکەیتەوە ئەوەی کە دابەزیوە بۆیان.

دەفەرمویێت: قورئانی ناردووە تا پێغەمبەرﷺ ڕوونی بکاتەوە، باشە پرسیار ناکرێت: پێغەمبەرﷺ بەچی ڕوونی دەکاتەوە؟ گومانی تێدا نیە بە وتەو کردەوەو تەقریری، وە ئەمەش پێی دەوترێت سوننەت.

هەر لەبەر ئەمەیە پێشەوا سەمعانی لە تەفسیری ئەم ئایەتە دەفەرمویێت: "پێغەمبەرﷺ ڕوونکەرەوەی وەحی بوو، وە زانایان فەرموویانە: ڕوونکردنەوەی قورئان لە سوننەتدایە"(1).

وە لە بەهێزترین بەڵگەکان لەسەر ئەوەی کە ئەو بەیانەی باسکراوە لە ئایەتەکەدا سوننەتەو قورئانی پیرۆز نیە، سیاقی ئایەتەکەیە، وەك دەبینین خوای گەورە باسی ئەو کتێبە دەکات کە دایبەزاندووەو دەفەرمویێت: (وَأَنزَلْنَآ إِلَيْكَ ٱلذِّكْرَ)، پاشان دەفەرمویێت: (لِتُبَيِّنَ لِلنَّاسِ مَا نُزِّلَ إِلَيْهِمْ)، بە دیار (زاهیر) نەك بە ڕاناو و نەیفەرمووە: (لِتُبَيِّنَهُ للنَّاسِ)، تا زیاتر دەلالەت بکات لەوەی ئەو بەیانە قورئان نیە، چون لە ئیسمی زاهیردا جودایی زیاتر دەردەکەوێت وەك ئەوەی لە ڕاناودا هەیە.

## ئایەتی چوارەم: (ئایەتی: 187) لە سورەتی ئالی عیمران:

خودای گەورە دەفەرمویێت: ﴿وَإِذْ أَخَذَ ٱللَّـهُ مِيثَـٰقَ ٱلَّذِينَ أُوتُوا ٱلْكِتَـٰبَ لَتُبَيِّنُنَّهُۥ لِلنَّاسِ وَلَا تَكْتُمُونَهُۥ فَنَبَذُوهُ وَرَآءَ ظُهُورِهِمْ وَٱشْتَرَوْا بِهِۦ ثَمَنًا قَلِيلًا فَبِئْسَ مَا يَشْتَرُونَ﴾

**(آل عمران: ١٨٧)**

ئەم ئایەتە بەڵگەی حوجیەتی سوننەتی تێدایە، چون ئەم بەیانە گشتگیرەو دوو جۆر بەیان لەخۆ دەگرێت: بەیانێکیان واجبی پێغەمبەرانە، وە بەو شێوەیە کە باسکراوە لە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز، وە باسی جۆرەکانی بەیانو وەحی پەروەردگارمان کرد لەوەو پێش.

وە بەیانی دووەم: بریتیە لە بەیانێکی تایبەت بە زانایان، وە ئەم بەیانە شوێنکەوتەیە بۆ بەیانی پێغەمبەرﷺو ئەو ڕێگانەی کە ئیجتیهادو تەفسیری ئەمانی لێ دروست دەبێت.

---

(١) تَفْسِيرُ السَّمعَانِيِّ (٣/ ١٧٤)، ط: دار الوَطَن.

**ئایەتی پێنجەم: (ئایەتی: 164 ) لە سورەتی ئالی عیمران:**

خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿لَقَدْ مَنَّ ٱللَّـهُ عَلَى ٱلْمُؤْمِنِينَ إِذْ بَعَثَ فِيهِمْ رَسُولًا مِّنْ أَنفُسِهِمْ يَتْلُوا عَلَيْهِمْ ءَايَـٰتِهِۦ وَيُزَكِّيهِمْ وَيُعَلِّمُهُمُ ٱلْكِتَـٰبَ وَٱلْحِكْمَةَ وَإِن كَانُوا مِن قَبْلُ لَفِى ضَلَـٰلٍ مُّبِينٍ﴾ (آل عمران: ١٦٤)

ئەم ئایەتە زۆر ڕوونە لەوەی پێغەمبەرﷺ تایبەتمەندیەکی تری هەیە بەدەر لە گەیاندنی وشەکانی قورئانی پیرۆز، چون خوای گەورە لە ئەرکەکانی پێغەمبەرﷺ باسی خوێندنەوەی وشەکانی قورئانی کردووە (يَتْلُوا عَلَيْهِمْ ءَايَـٰتِهِۦ)، پاشان باسی سێ کاری تر دەکات، ئەوانیش: پاککردنەوەی دڵو دەرونیان (وَيُزَكِّيهِمْ)، وە ڕوونکردنەوەو بەیانی قورئانی پیرۆز: (وَيُعَلِّمُهُمُ ٱلْكِتَـٰبَ وَٱلْحِكْمَةَ)، وە هەروەها فێرکردنی حیکمە (فەرموودە) وەك ڕابورد لەوەو پێش!

**باشە پێمان ناوترێت:** پێغەمبەری خوا ﷺ بە چی تەزکیەمان دەکات؟ یان چۆنو بەچی قورئانمان فێر دەکات؟ یان هەر حیکمە خۆی چیە؟ وە بەچی فێرمان دەکات. خۆ ئەگەر کتێبەکانی فەرموودەمان بەلاوە نا چۆن ئەو وانانەی پێغەمبەرمانﷺ دەستکەوێت لە بارەی فێرکردنی قورئانو حیکمەوە کە لە کاتێکدا بۆ ئەوە ڕەوانەکراوە؟!

**ئایەتی شەشەم: ( ئایەتی: 4 ) لە سورەتی ئیبراهیم:**

خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَمَآ أَرْسَلْنَا مِن رَّسُولٍ إِلَّا بِلِسَانِ قَوْمِهِۦ لِيُبَيِّنَ لَهُمْ فَيُضِلُّ ٱللَّـهُ مَن يَشَآءُ وَيَهْدِى مَن يَشَآءُ وَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ﴾ (إبراهيم: ٤)

ئەگەر ورد ببینەوە لەم ئایەتە پیرۆزە ئەوا دەبینین خوای گەورە باسی هۆکاری ناردنی پێغەمبەران بۆ گەلان بە زمانی خۆیان دەکات، وەك دیارە (لام) ی تەعلیلی بەکار بردووەو دەفەرموێت: (لِيُبَيِّنَ لَهُمْ)، واتە: بۆ ئەوەی پەیامی خودایان بۆ ڕوون بکاتەوە.

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە کاری پێغەمبەران کورت نەکراوەتەوە لە گەیاندنی وشەکانی قورئانو وازبێنن لە ڕوونکردنەوەو تەفسیری پێویست، وەك نەیارانی سوننەت گومان دەبەن.

**ئایەتی حەوتەم: ( ئایەتی: 1-2 ) لە سورەتی بەینە:**

خودای گەورە دەفەرمویێت: ﴿لَمْ يَكُنِ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا مِنْ أَهْلِ ٱلْكِتَـٰبِ وَٱلْمُشْرِكِينَ مُنفَكِّينَ حَتَّىٰ تَأْتِيَهُمُ ٱلْبَيِّنَةُ ۝١ رَسُولٌ مِّنَ ٱللَّـهِ يَتْلُوا صُحُفًا مُّطَهَّرَةً﴾ (البينة: ١ - ٢)

ئەم دوو ئایەتە زۆر ڕوونن بە ڕوونی خۆر لە چێشتەنگا، چون خوای گەورە وەسفی پێغەمبەرﷺ دەکات، بە ڕوونکەرەوە (البَيِّنَة)، کە ئیسمی فاعیلەو بە مانای ڕوونکەرەوەی حەقو ڕاستی دێت، جا ئەگەر وەسف بکرێت بەم سیفەتە، دەبێت هەستێت بەکاری ڕوونکردنەوە، ئەگینا ئەم وەسفە بەتاڵو لەغوە (پەنا بەخوای گەورە).

دەکرێت نەیارانی سوننەت بڵێن: (البَيِّنَة)، وەسفە بۆ قورئان نەك بۆ پێغەمبەرﷺ.

دەڵێین: ئایەتەکە زۆر ڕوونە لەوەی کە وشەی (البَيِّنَة) وەسفە بۆ پێغەمبەرﷺ، بە دوو قەرینە، ئەوانیش:

**یەکەم:** خودای گەورە (البَيِّنَة)ی ڕوون کردووەتەوە بە وتەی خۆی: (رَسُولٌ مِّنَ ٱللَّـهِ)، جا (رَسُولٌ) یان بەدەلە لە (ٱلْبَيِّنَةُ)، یان خەبەرە بۆ موبتەدەئێکی حەزفکراو و تەقدیرەکەی (هِيَ رَسُولٌ)، وە ئەم جوملە ئیسمیەش لە موبتەداو خەبەرەکەی حاڵن بۆ (ٱلْبَيِّنَةُ)و ڕوونکەرەوین، لەسەر ڕێسای زمانەوانی: (الجُمَلُ بَعْدَ الـمَعَارِفِ تَكُونُ أحْوَالًا)[1]. واتە: ڕستە لە دوای ناسراو دەبنە حاڵ.

جا لەسەر هەر یەکێك لەم دوو تەقدیرە، بەینە بریتیە لە پێغەمبەرﷺ.

**دووەم:** خوای گەورە دەفەرموێت ئەو بەینەیە پەڕاو دەخوێنێتەوە: (يَتْلُوا صُحُفًا مُّطَهَّرَةً)، ئەبێ هیچ عاقڵێك هەبێت بڵێت: قورئان قورئان دەخوێنێتەوە؟

---

(١) قَالَ الإِمَامُ العَلَمُ ابنُ هِشَامٍ فِي: (مُغْنِي اللَّبِيْبِ) (ص:٥٦٠) : "يَقُولُ الـمُعْرِبُونَ عَلَى سَبِيلِ التَّقْرِيبِ: الجُمَلُ بَعْدَ النَّكِرَاتِ صِفَاتٌ وَبَعْدَ المَعَارِفِ أَحْوَالٌ".

# جۆری هەشتەم لە بەڵگە قورئانیەکان: قورئان ئاماژە دەکات کە سونەت پارێزراوە:

بەدڵنیاییەوە سەلماندنی ئەوەی کە سوننەت پارێزراوە لەلایەن خوداوە، لە بەهێزترین بەڵگەی حوجیەتی سوننەتە، چون ئەگەر ئەوە سەلما ئیتر هیچ گومانێك نامێنێتەوە لەوەی کە قورئانی پیرۆز پێویستی بە فەرموودەیە[1]، چون ئەگەر ئایینو شەرع نەبا هیچ پێویستیەك نەبوو لە پاراستنیدا.

تەنیا سوننەت نا بەڵکو بڕوامان وایە خوای گەورە پاراستنی زمانی عەرەبیشی لە ئەستۆ گرتووە، وە ئەگەر ئەو پاراستنە خواییە نەبا ئەوا هیچ شوێنەوارێکی ئەم زمانە نەدەمایەوە لەگەڵ ئەم هەموو شەڕە توندە خوێناویەی کە لە دژی ڕاگەیەنراوە، بە درێژایی سەدان ساڵو تا ئێستاش هەر بەردەوامە، بەڵام سەرەڕای ئەوە ئەم زمانە مایەوە بە سەنگینیو جێگیریو جوانیو قەشەنگی ڕووخسارو ناوەڕۆکی[2].

## چەند ئایەتێك پێکەوە دەلالەتی پارێزراوی سوننەت دەکەن:

خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا ٱلذِّكْرَ وَإِنَّا لَهُۥ لَحَـٰفِظُونَ﴾ **(الحجر: ٩).**

ئەم ئایەتە پیرۆزەو ئەوانەی تریش کە دێن لە بەهێزترینی بەڵگەکانن لەسەر حوجیەتی سوننەت، چون خوای گەورە بەڵێنی پاراستنی قورئانی داوە، وە ئەو پاراستنەش هەر شتێك دەگرێتەوە کە پەیوەست بێت بە قورئانو تێگەیشتنیەوە وەك زمانی عەرەبی، چون ناتوانین لە قورئان تێبگەین بەبێ ئەو زمانە، وە ئێمە لە ئەمڕۆدا دەبینین کە ناتوانین لە دەقە کۆنەکانی هەموو زمانەکان تێبگەین، مەگەر بخرێتە پێش کەسێك کە پسپۆڕە لە زمانە کۆنەکان، وە چەندین جار ئاماژەمان بەمە داوەو

---

(١) کاتێك دەڵێین: قورئان پێویستی بە فەرموودەو زمانی عەرەبیە، مەبەستمان خودی قورئان نیە، بەڵکو مەبەستمان پێی تێگەیشتنە لێی، وە تێگەیشتنیش بۆ ئێمە دەگەڕێتەوە لە تایبەتمەندی ئێمەیە.

(٢) مێژوو و شێوازی ئەم جەنگەمان باسکردووە لە کتێبی (رَفْعِ الشَّجو عَنِ اللُّغَةِ وَالنَّحو)، وە پاشان لە کتێبی (الجِنَايَةُ عَلَى سِيْبَوَيْهِ) هێناومە.

بەڵگەمان هێناوەتەوە بە نووسینەکانی شکسپیر، یان جیفری چاوسەر کە کەسێکیش ئینگلیزی بزانێت لە نووسینەکانیان تێناگات لە سەردەمی خۆمان.

بەڵام زمانی عەرەبی وەها نیەو زانراوە، هیچ دەقێك لە دەقەکانی نیە لێی تێنەگەین هەرچەندە مێژووەکەشی زۆر کۆن بێت، وە بەڕاستی ئەمە بەڵگەی پاراستنی خودایە بۆ قورئانی پیرۆز چون زمانەکەی پاراستووە.

وە سوننەتیش پێش هەموو شتێك دەچێتە نێو ئەم بەڵێنەی خوای گەورەوە، چون قورئان پێویستی پێیەتی، وە خودای گەورە ڕوونکردنەوەی خستوەتە ئەستۆی سوننەتەوە، وەك دەفەرموێت:

﴿بِٱلْبَيِّنَـٰتِ وَٱلزُّبُرِ وَأَنزَلْنَآ إِلَيْكَ ٱلذِّكْرَ لِتُبَيِّنَ لِلنَّاسِ مَا نُزِّلَ إِلَيْهِمْ وَلَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُونَ﴾ (النَّحْلِ: ٤٤)

وە هەروەها دەفەرموێت: ﴿وَمَآ أَنزَلْنَا عَلَيْكَ ٱلْكِتَـٰبَ إِلَّا لِتُبَيِّنَ لَهُمُ ٱلَّذِى ٱخْتَلَفُوا۟ فِيهِ وَهُدًى وَرَحْمَةً لِّقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ﴾ (النَّحْلِ: ٦٤)

وە ئەگەر وردبینەوە لە ئایەتەکانی سورەتی قیامە، زۆر بە ڕوونی پاراستنی خوای گەورە بۆ سوننەت دەبینین، خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿لَا تُحَرِّكْ بِهِۦ لِسَانَكَ لِتَعْجَلَ بِهِۦٓ ﴿١٦﴾ إِنَّ عَلَيْنَا جَمْعَهُۥ وَقُرْءَانَهُۥ ﴿١٧﴾ فَإِذَا قَرَأْنَـٰهُ فَٱتَّبِعْ قُرْءَانَهُۥ ﴿١٨﴾ ثُمَّ إِنَّ عَلَيْنَا بَيَانَهُۥ﴾ (القيامة: ١٦ - ١٩)

جا ئەگەر توێژەر سەیر بکات بە چاوی دڵیو وردبێتەوە لەم ئایەتانە، ئەوا دەڵێت: خوای گەورە بەڵێنی پاراستنی سوننەتی داوەو لە ئەستۆی گرتووە، چون خوای گەورە باسی کۆکردنەوەو پاراستنی دەکاتو دەفەرموێت: (إِنَّ عَلَيْنَا جَمْعَهُۥ وَقُرْءَانَهُۥ)، وە دوای ئەو کۆکردنەوەیە باسی شتێکی تر دەکات، ئەویش ڕوونکردنەوەیەتیو دەفەرموێت: (ثُمَّ إِنَّ عَلَيْنَا بَيَانَهُۥ).

جا پرسیار لێرەدا ئەوەیە: ئایا خودای گەورە لەکوێ قورئانی ڕوون کردووەتەوەو ئەو ڕوونکردنەوەیە لە کوێیە؟ ئایا خودای گەورە لە ئایەتەکانی پێشوو نەیفەرموو بە پێغەمبەرەکەیﷺ کە ئەوە قورئان ڕوون دەکاتەوە؟ ئایا نەیفەرموو حیکمەتی دابەزاندووە بۆ سەر پێغەمبەرﷺ؟ ئەمانە بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە بەیانی قورئان بە فەرموودەیە.

ئەگەر ئەمە جێگیر بوو بزانە کە خوای گەورە بەڵێنی پاراستنی سوننەتی داوە لەگەڵ قورئانی پیرۆز، چون ئەو ڕوونکردنەوەیە ئەگەر پێویست بێت دەبێت بیپارێزێت، وە ئەگەر نەیاران بڵێن: ئەو بەیانە پێویست نیە، بۆچی خودا ناردویەتی؟ ئایا لە پێشتر نیە وازی لێبهێنرێت چون پێویست نیە؟

وە ئەگەر پێویست نەبێتو لە قورئاندا باسکرابێتو خوداش بیداتە پاڵ خۆی، ئایا نابێتە تانە لەسەر زاتی پاکی خودا (پە نای پیێ ئەگرم)؟

وە ئەگەر بڵێن: ئەو بەیانە پێویستە، ئەوا دەخوازێت بڵێن پارێزراوەو حوجەیە چون قورئان پێویستی پێیەتی.

هەر لەبەر ئەمەیە زانایانیش فەرموویانە خوای گەورە سوننەتی پاراستووە، وەك پێشەوا ئیبن حەزم دەفەرموێت: "خودای گەورە دەفەرموێت: (إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا الذِّكْرَ وَإِنَّا لَهُ لَحَافِظُونَ)، وە دەفەرموێت: (قُلْ إِنَّمَا أُنْذِرُكُمْ بِالْوَحْيِ وَلَا يَسْمَعُ الصُّمُّ الدُّعَاءَ إِذَا مَا يُنْذَرُونَ)، وە هەواڵیداوە کە وتەی پێغەمبەرﷺ هەمووی وەحیە، وە وەحیش بەبێ گومان (الذِّكْر)ە، وە (الذِّكْر) یش پارێزراوە بە دەقی قورئان، بەمەش ڕاستە (بوترێت) وتەکانی پێغەمبەرﷺ هەمووی پارێزراون بە پاراستنی خوای گەورەو هیچی لەناو ناچێت، چون شتێك خودا بیپارێزێت یەکلایە کە ڕێگایەك نیە بۆ لەناوچونی"[1].

(١) الإِحكَامُ في أُصُولِ الأحكامِ (١/ ٩٨).

# پابەندكارە عەقڵیەكان

پێویستە لە سەر هەموو كەسێك بە شێوەیەك قسە بكات لەگەڵ نەیارانی كە وەریدەگرێتو گفتوگۆیان لەگەڵ بكات بە پێی ئەو شتانەی كە بە بنەمای گرتووەو ڕێچكەكەی لەسەر بنیاد ناوەو پشتی پێ بەستووە لە بەڵگە هێنانەوە، وە بەڵگەیەكی بۆ بێنێتەوە كە ئەو وەریدەگرێتو بە بەڵگەیەكی پابەندكاری دەبینێت، وە "ڕێبازی زانستی"یش هەر ئەوە دەخوازێتو جگە لەوەی قەبوڵ نیە، بۆ نمونە ئەگەر گفتوگۆت كرد لەگەڵ كەسێكی بێ دینو پشتت بە قورئان بەست بۆ ئەوەی بڕوای پێ بهێنێت لەسەر بوونی خوداو ڕاستگۆیی پێغەمبەرﷺ، ئەوكات ئەمە جۆرێكە لە شێتی، چون ئەم دوو سەرچاوەیە لای تۆ پیرۆزنو پلەو پایەیان هەیەو پێوەی پابەند دەبیت، بەڵام ئەو نەخێر. جا بۆیە دەبێت شتێكی بۆ بهێنیت كە ئەو پێی ڕازیەو مەیلی بۆی هەیە.

جا بۆیە پێویستە دوای ئایەتەكانی قورئانو تەفسیر كردنیان بە تەفسیرێكی زمانەوانی عەقڵی، بەڵگە بێنینەوە بۆ نەیارانی سوننەت بە عەقڵو مەنتیقی دروست، وە كۆمەڵە بەڵگەیەكی پابەندكاریان بۆ بێنینەوەو كۆمەڵێك پرسیاریان لێ بكەین خەریكبن بە وەڵامدانەوەی، بەڵكو باوەڕ بێنن یان واز بێنن لەوەی كە بانگەشەی دەكەنو نایزانن لە بانگەشەی عەقڵو مەنتیق.

جا لەم باسەدا چاوت دەكەوێتە سەر كۆمەڵێك بەڵگەی عەقڵی كە دابەش كراون بەسەر چەند بەشێكدا: تێیاندایە پابەندو ناچاریان دەكات دان بنێن بە پێویستی سوننەتو حوجیەتی، وە تێیدایە ناچاریان دەكات دان بنێن بەوەی سوننەت هاتووە بەبێ هیچ دەستكاریەك بە زیادو كەم، وە تێیدایە ڕەخنەیە لە ڕێبازی ئەوانو ڕوونكردنەوەیە بۆ دژیەكیی نارێكی ڕێبازیان، كە پێویستە وەڵامی شیاو بدەنەوە، وە چەندین باسی تر كە دێتە بەردەستتان بە ویستی خوای گەورە.

ئیدی بەڵكو بەئاگا بێنەوەو ڕێگەی ڕاست بدۆزنەوە، هەروەها ببێتە بەڵگەش بۆ شوێنكەوتوانی سوننەتو پشتیوانانی، هەر خودای گەورەیە بەندەكانی موەفەق دەكات.

## پابەندکاری یەکەم:

هەموو نەیارانی سوننەت بڕوایان وایە کە کۆمەڵێك پێغەمبەر هاتوون لەلایەن خوداوە، تا مژدە بە کەسە چاکەکان بدەنو خراپەکانیش بترسێنن، وە هیچ کتێبێکی ئاسمانیشیان لەگەڵ نیە بۆیان دابەزیبێت، ئایا پێمان ناوترێت: کێ ئەوانی هەڵبژاردوەو کردوونی بە پێغەمبەر؟ بێ گومان دەبێت وەڵامەکە ئەوەبێت: خودای گەورە هەڵیبژاردوون.

جا پرسیارەکە لێرەوە دروست دەبێت: خودای گەورە بەچی هەڵیبژاردوونو کردوونی بە پێغەمبەر، لەکاتێکدا ئەوان کتێبیان نیە؟ هیچ وەڵامێك نیە جگە لەوەی کە بوترێت: خودای گەورە بە ڕێگایەکی تر لە ڕێگاکانی وەحی کردوونی بە پێغەمبەر، کە لە دەرەوەی کتێبی ئاسمانیە.

ئەگەر ئەوان دانیان نا بەم موقەددیمە (مەبەستم ناردنی پێغەمبەرانە بەبێ کتێب) ئەوا پێویستە دان بنێن بە بوونی وەحی لە دەرەوەی کتێب، وە ئەگەر نکۆڵی ئەو موقەددیمەیان کرد ئەوا نکۆڵی شتێکی هەست پێکراوی زانراویان کردووە، کەسیش نکۆڵی وەها شتێك ناکات، مەگەر لەسەر خۆی نەبێت.

ئەمە ناچاریان دەکات دان بنێن بە بوونی وەحی لە دەرەوەی کتێبی دابەزێنراو، بەمەش زۆربەی ڕێساو یاساکان بۆ ڕەتکردنەوەی سوننەت پوچەڵ دەبێتەوە.

## پابەندکاری دووەم:

دەبینین خوای گەورە پێغەمبەرانی ناردووە (الأَنبيَاء، وَالرُّسُل)، لەگەڵ ئەو کتێبانەی ناردوویەتی بۆ ئوممەتان، وەك دەفەرموێت:

﴿ثُمَّ بَعَثْنَا مِنۢ بَعْدِهِۦ رُسُلًا إِلَىٰ قَوْمِهِمْ فَجَآءُوهُم بِٱلْبَيِّنَـٰتِ فَمَا كَانُوا لِيُؤْمِنُوا بِمَا كَذَّبُوا بِهِۦ مِن قَبْلُ كَذَٰلِكَ نَطْبَعُ عَلَىٰ قُلُوبِ ٱلْمُعْتَدِينَ﴾ **(يونس: ٧٤)**

وە دەفەرموێت:

﴿وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِى كُلِّ أُمَّةٍ رَّسُولًا أَنِ ٱعْبُدُوا ٱللَّـهَ وَٱجْتَنِبُوا ٱلطَّـٰغُوتَ فَمِنْهُم مَّنْ هَدَى ٱللَّـهُ وَمِنْهُم مَّنْ حَقَّتْ عَلَيْهِ ٱلضَّلَـٰلَةُ فَسِيرُوا فِى ٱلْأَرْضِ فَٱنظُرُوا كَيْفَ كَانَ عَـٰقِبَةُ ٱلْمُكَذِّبِينَ﴾ **(النحل: ٣٦)**

پرسیار لێرەدا ئەوەیە: بۆچی خودای گەورە تەنیا کتێبی نەناردووە بە بێ پێغەمبەران، ئەگەر کتێبەکە پێویستی بە بەیانی پێغەمبەران نیە وەك ئەوەی نەیارانی سوننەت دەیڵێن؟

گومانی تێدا نیە کە ئەو کتێبانە پێویستیان بە بەیانی پێغەمبەرانە، بۆیە خوای گەورە لەگەڵ کتێبەکان پێغەمبەرانیشی ناردووە.

دەبینین کە خودای گەورە پێغەمبەری ناردووە بەبێ کتێب، بەڵام نابینین کتێب بەبێ پێغەمبەر، وە لەمەش پەند هەیە بۆ کەسێك بیەوێ پەند وەرگرێت.

## پابەندکاری سێیەم:

دەبینین خوای گەورە پێغەمبەرانی ناردووە بۆ ئوممەتان بە زمانی خۆیان، وە قورئانیش جەخت لەم خاڵە دەکاتەوە چەندین جار، وەك دەفەرموێت:

﴿وَمَآ أَرۡسَلۡنَا مِن رَّسُولٍ إِلَّا بِلِسَانِ قَوۡمِهِۦ لِيُبَيِّنَ لَهُمۡ فَيُضِلُّ ٱللَّـهُ مَن يَشَآءُ وَيَهۡدِى مَن يَشَآءُ وَهُوَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡحَكِيمُ﴾ **(إبراهيم: ٤)**

پرسیار لێرەدا ئەوەیە: بۆچی خودای گەورە بە زمانی خۆیان دەیانێرێت؟ ئایا کتێبەکە بە زمانی خۆیان نیە؟ ئایا لێی تێناگەن؟ ئەگەر پێغەمبەران تەنیا بۆ گەیاندنی وشەکانی قورئان هاتوون، بەبێ هیچ ڕاڤەو لێکدانەوەو زیادەیەك، وەك نەیارانی سوننەت گومان دەبەن، ئیتر حیکمەتی ناردنیان بە زمانی خۆیان لە کوێدایە تا قورئان جەختی لێبکاتەوە؟

نەخێر بەو شێوەیە نیە کە ئەوان گومانیان بردووە، بەڵکو بۆ ڕوونکردنەوەو بەیانی قورئان هاتوون، وەك هەر لەو ئایەتەدا لە باسی هۆکاری هاتنەکەیان بە زمانی خۆیان دەفەرموێت: (لِيُبَيِّنَ لَهُمۡ). بەلامی تەعلیل کە بۆ هۆکارە، واتە: لە بەر ئەوەی بۆیان ڕوون بکەنەوە.

وە لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێت:

﴿بِٱلۡبَيِّنَـٰتِ وَٱلزُّبُرِ وَأَنزَلۡنَآ إِلَيۡكَ ٱلذِّكۡرَ لِتُبَيِّنَ لِلنَّاسِ مَا نُزِّلَ إِلَيۡهِمۡ وَلَعَلَّهُمۡ يَتَفَكَّرُونَ﴾ **(النحل: ٤٤)**

وە هەر لەو سورەتەدا دەفەرموێت:

﴿وَمَآ أَنزَلْنَا عَلَيْكَ ٱلْكِتَـٰبَ إِلَّا لِتُبَيِّنَ لَهُمُ ٱلَّذِى ٱخْتَلَفُوا فِيهِ وَهُدًى وَرَحْمَةً لِّقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ﴾ (النحل: ٦٤)

وە ئەمەش پێویستی ئەو بەیانە دەخوازێت لەلایەن پێغەمبەرانەوە، ئەگەر نا گەیاندنی لەفز هیچ پێویستی بە هاتنیان نیە بە زمانیان، وە هەروەها خوای گەورەش ئەم وەسفەی بەدیار نەدەخست لە قورئاندا (هاتنیان بە زمانی گەلەکەیان)، ئەگەر هاتنیان تەنیا لەبەر لەفزی قورئان بێت بە تەنیا.

بەڵام ئەوان لە قورئانی پیرۆز ورد نابنەوەو وەك هەر قسەیەکی ئاسایی مامەڵەی لەگەڵ دەکەن، وە نازانن هیچ خاڵێکی قورئان نیە ئیلا لەبەر حیکمەتێکی بەرزو مەبەستێکی گەورەیە.

## پابەندکاری چوارەم:

ئەگەر کاری پێغەمبەران تەنیا گەیاندنی قورئان بێت بە تەنیا بەبێ هیچ بەیانو شەرحێك، ئیتر چی فەزڵێك ئەمێنێتەوە بۆ پێغەمبەران لەوەی خودای گەورە هەڵی بژاردوون لە نێوان بەندەکانیدا؟ ئەگەر بوترێت لەبەر گەیاندنی کەلامی خودایە (قورئان بۆ نمونە)، وەك چۆن دابەزیوە بەبێ ئەوەی دەستکاری بکەن (بە زیادەو کەمکردن).

دەڵێین: ئەم وەڵامە هیچ بێ نیازکەر نیە، چون لە نێوان زانایانیش زۆرێك هەن کە کەلامی خودایان گەیاندووە بەوپەڕی دڵسۆزیو بەبێ هیچ دەستکاریەك، ئیتر چ جیاوازیەك دەمێنێتەوە لە نێوان پێغەمبەرو زانایەکی دڵسۆز؟

ئەوەی ڕاستی بێت پێغەمبەران تایبەتمەندنو جیا دەبنەوە لە زانایان بەوەی کە وتەو گوفتاریان دەربارەی ئایین شەریعەتەو پێویستە پێوەی پابەندبین.

## پابەندکاری پێنجەم:

دەبینین لە قورئانی پیرۆزدا لە چەندین شوێن دوو وشە باسکراوە بۆ پێغەمبەرﷺ کە پێیان هەڵدەستێ لە گەیاندنی قورئانی پیرۆزدا، ئەوانیش: (البَلَاغ)و (البَيَان)، هەر وەك خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿فَإِنَّمَا عَلَيْكَ ٱلْبَلَـٰغُ وَٱللَّـهُ بَصِيرٌۢ بِٱلْعِبَادِ﴾ (آل عمران: ٢٠)

وە دەفەرموێت:

﴿مَّا عَلَى ٱلرَّسُولِ إِلَّا ٱلْبَلَٰغُ وَٱللَّهُ يَعْلَمُ مَا تُبْدُونَ وَمَا تَكْتُمُونَ﴾ (المائدة: ٩٩)

کەمێك پێش ئێستا دوو ئایەتمان هێناو باسمان کرد لەسەر (البَيَان) بۆ پێغەمبەرﷺ چیەو چۆنە. جا پرسیار لێرەدا ئەوەیە: جیاوازی چیە لە نێوان (البَلَاغ)و (البَيَان)، لەکاتێکدا ئێوە نکۆڵی بوونی موڕادیف دەکەن لە قورئاندا؟

ئێمە دەڵێین: (البَلَاغ): بۆ گەیاندنی لەفزی قورئانە. وە (البَيَان): بۆ گەیاندنی ماناو مەبەستی قورئانو ڕوونکردنەوەی. ئایا وتەی ئێوە چیە؟ وە ئەگەر بەیان ڕوونکردنەوەی قورئانە، لەکوێ ئەو ڕوونکردنەوانەی پێغەمبەرمانﷺ دەستکەوێ؟

## پابەندکاری شەشەم:

نەیارانی سوننەت دەڵێن: پێغەمبەرمان موحەممەد ﷺ دوو مەقامی هەیە، ئەوانیش:

مەقامی یەکەم: مەقامی ڕیسالە: ئەم مەقامە بریتیە لە گەیاندنی قورئان، بەبێ هیچ شەرحو لێکدانەوەو زیادە حوکمێك، وە لەم مەقامەدا مەعسومە.

مەقامی دووەم: مەقامی نوبوەت: لەم مەقامەدا ئیجتیهاد دەکات، دەپێکێتو هەڵەش دەکات، وە ئەگەر ئیجتیهادی کردو هەڵەی کرد ئەوا بۆی ڕاست دەکرێتەوە.

جا تو خودا بڵێن: هیچ جیاوازیەك مایەوە لە نێوان پێغەمبەرﷺ زانایەك لە زانایانی ئوممەتی ئیسلام؟ وە چ فەزڵێکی بۆ مایەوە بەسەر زانایانو موجتەهیدانەوە؟

## پابەندکاری حەوتەم:

لەوەو پێش زانیمان کە کۆمەڵێك ئایەت هەیە لە قورئاندا ناتوانین لێی تێ بگەین بەبێ تەفسیری پێغەمبەرﷺ، وەك وتەی خوای گەورە:

﴿ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا وَلَمْ يَلْبِسُوٓا إِيمَـٰنَهُم بِظُلْمٍ أُولَـٰٓئِكَ لَهُمُ ٱلْأَمْنُ وَهُم مُّهْتَدُونَ

(الأنعام: ٨٢)

ئەگەر سەیری ئایەتەکە بکەین دەبینین ئەوەی کە ڕزگاری دەبێت، ئەو کەسەیە کە ئیمانەکەی تێکەڵ بە ستەم نەکردووە (الظُّلْم). وە وشەی (الظُّلْم) یش ماناکەی ڕوون نیە، چون لە قورئاندا بۆ شیركو بچوکتر لە شیرکیش بەکار هاتووە، وەك خوای گەورە بۆ ڕیبای بەکار هێناوەو دەفەرموێت:

﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا ٱتَّقُوا ٱللَّـهَ وَذَرُوا مَا بَقِيَ مِنَ ٱلرِّبَوٰٓا إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ ﴿٢٧٨﴾ فَإِن لَّمْ تَفْعَلُوا فَأْذَنُوا بِحَرْبٍ مِّنَ ٱللَّـهِ وَرَسُولِهِۦ وَإِن تُبْتُمْ فَلَكُمْ رُءُوسُ أَمْوَٰلِكُمْ لَا تَظْلِمُونَ وَلَا تُظْلَمُونَ﴾ (البقرة: ٢٧٨ - ٢٧٩)

وە وشەکە بۆ کەسی دزیش بەکار هاتوەو خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿فَمَن تَابَ مِنۢ بَعْدِ ظُلْمِهِۦ وَأَصْلَحَ فَإِنَّ ٱللَّـهَ يَتُوبُ عَلَيْهِ إِنَّ ٱللَّـهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ﴾ (المائدة: ٣٩)

لەم حاڵەدا مادام وشەکە بۆ شیركو بێجگە لە شیرکیش بەکار هاتووە، ئیتر ئەوە دەخوێنرێتەوە کە ئەنجامدەری تاوانە گەورەکان بە هەمیشەیی لە دۆزەخدا دەمێنێتەوەو ڕزگاری نابێت، چون خوای گەورە دەفەرموێت: کەسێك ستەم بکات ڕزگاری نابێتو ئەوانیش ستەمیان کردووە. وە بەمەش دەکەوینە نێو هەڵەی گەورەی خەواریجەوە.

بەڵام کە هاتین بۆ تەفسیری پێغەمبەرﷺ دەبینین کە (الظُّلْم) ی کورت کردووەتەوە لە شیركو لە مانا گشتگیرەکەی دەری کردووە، هەر وەك هاتووە لە سەحیحی بوخاری لە فەرموودەی عەبدوڵای کوڕی مەسعودەوە -خوای لێ ڕازیبێت- فەرموویەتی: کاتێك ئەم ئایەتە: (الَّذِينَ آمَنُوا وَلَمْ يَلْبِسُوا إِيمَانَهُمْ بِظُلْمٍ) دابەزی، قورس بوو لەسەر موسوڵمانان و وتیان: ئەی پێغەمبەری خواﷺ، چ کەسێك لە ئێمە ستەم ناکات لە نەفسی خۆی؟ فەرمووی: ئەوە ماناکەی نیە، بەڵکو ئەوە شیرکە، ئایا نەتانبیستووە ئەوەی لوقمان بە کوڕەکەی وت کاتێك ئامۆژگاری دەکرد: ئەی کوڕەکەم هاوەڵ بۆ خودای گەورە بڕیار مەدە چون بە ڕاستی هاوەڵ بڕیاردان ستەمێکی گەورەیە[1].

پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە: چۆن ئەم ئایەتانەو هاوشێوەکانیان تەفسیر دەکرێن، ئەگەر ئێمە وازمان لە سوننەت هێنا بە یەکجاری؟

## پابەندکاری هەشتەم:

---

(١) رَوَاهُ الْبُخَارِيُّ (٤/ ١٦٣) بِرَقْمِ: (٣٤٢٩).

دەبینین لە قورئاندا چەندین ئایەت هەیە کە لێی تێناگەین‌و ناتوانین تەفسیریان بکەین بەبێ زانینی هۆکاری دابەزینەکەی، لەوەو پێش نمونەمان زۆر هێنایەوە لەسەر ئەم باسەو لێرەش نمونەیەکی تر دەهێنینەوە، وەك وتەی خوای گەورە:

﴿أَوَلَمْ يَرَ ٱلْإِنسَـٰنُ أَنَّا خَلَقْنَـٰهُ مِن نُّطْفَةٍ فَإِذَا هُوَ خَصِيمٌ مُّبِينٌ ۝٧٧ وَضَرَبَ لَنَا مَثَلًا وَنَسِيَ خَلْقَهُۥ قَالَ مَن يُحْيِ ٱلْعِظَـٰمَ وَهِيَ رَمِيمٌ﴾ (یس: ٧٧ - ٧٨)

ئەگەر ئایەتەکە بخوێنینەوە بە پشت کردنە هۆکاری دابەزینەکەی، تێناگەین‌و و نازانین چۆن نمونەی هێناوەتەوەو چی وتووە، یان چی کردووەو بەچی نمونەی هێناوەتەوە بۆ پێغەمبەرﷺ؟ وە ئەمەش پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە مانای ئایەتەکەوە هەیە.

پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە: ئەگەر هەندێك ئایەت پێویستیان بە هۆکاری دابەزینەکەی بێت بۆ تێگەیشتن‌و تەفسیرکردنی، ئیتر چۆن بانگەشەی لەناودانی کتێبەکانی فەرموودەو هەموو ئەو هەواڵانەی کە هاتوون لە پێغەمبەرﷺو هاوەڵانیەوە لە بارەی هۆکارەکانی دابەزینەوە؟

جا ئەگەر بڵێین: هۆکارەکانی دابەزین حوجەیەو پێویستمان پێیەتی، ئەوە داننانە بە حوجیەتی سوننەت، وە ئەگەر بڵێن: پێویستمان نیە، چی بکەین‌و چۆن لەو ئایەتانە تێبگەین، کە پێویستیان بە زانینی هۆی هاتنە خوارەوەیانە؟

### پابەندکاری نۆیەم:

ئوممەتی ئیسلام تێکڕا لە سەردەمی هاوەڵانەوە تاوەکو ئەم ڕۆژگارەمان لەسەر کۆمەڵێك تەشریع‌و یاسا کۆکن کە لە قورئاندا باس نەکراون، بەڵکو لە پێغەمبەرەوەﷺ بۆمان هاتووە، لە ڕێگەی خەڵکانێکی زۆرەوە کە نکۆڵیان لێ ناکرێت.

پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە: ئایا ڕەتکردنەوەی ئەم تەشریع‌و یاسایانەو بە هەڵبەستراو دانانیان، بە گومڕا دانانی ئوممەت نیە بە تێکڕا؟ وە ئەگەر ئەو ئوممەتەش لە گومڕایی‌و سەرلێشێواویدا بووبێت، ئەوا نە ئیسلام پارێزراو دەبێت لە تانەو، نە قورئانیش لە تەحریف‌و تێکدان، بەم شێوەش ئەوەی بێ دینەکان دەیانەوێ نەیارانی سوننەت دەیدەن بە دەستیانەوە لە تانەو تەشەرگرتنە قورئان، خۆزگە بەئاگا هاتبان لە سەرەنجامی وتەکەیان.

## پابەندکاری دەیەم:

هەموو ئوممەتی ئیسلام کۆکن لە سەر حوجیەتی سوننەتو ئایین بوونی نەوە لە دوای نەوە، بەمەش تەواتورێك دروست بووە کە هیچ خاوەن عەقڵێك ڕەتی ناکاتەوە، چون خاوەن ژیرییەکان هەموو کۆکن لەسەر وەرگرتنی هەواڵێکی لەم جۆرە.

پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە: ئایا ڕەتکردنەوەی ئەمە داهێنانی ڕێبازێکی نوێ نیە لە ڕەتکردنەوەو قەبوڵکردن کە تێکڕای کەسە ژیرەکان نایناسن؟ چون عەقڵ بە موستەحیلی دەبینێ کۆبوونەوەی تێکڕای خەڵکی وڵاتێك لە سەر درۆ، چ جای بگاتە ئوممەتێك بە تێکڕا لە چەندین وڵاتی جیا جیا لە ڕۆژهەڵاتو ڕۆژ ئاواو بە درێژایی زیاد لە (1400) ساڵ بەبێ بوونی هیچ ڕاجیاییەك؟

## پابەندکاری یانزەیەم:

لە بەهێزترین بەڵگەکانی هاتنی فەرموودە بەوپەڕی ئەمانەتو ڕاستگۆیی بریتیە لە هەڵنەگێڕانەوەی ئیسنادەکان لەبەر بەرژەوەندی ئیسلامو دەرخستنی جوانیەکانی، زۆر فەرموودە دەبینین کە زانایان فەرموویانە لاوازە یان هەڵبەستراوە لە کاتێکدا مەتنەکەی مانایەکی جوانی تێدایەو لە بارەی جوانیەکانی ئیسلامو دەرخستنی فەزیلەتیەتی، ئەگەر ئەوان خیانەتیان ویستبا ئەوا دەهاتن ئیسنادێکی سەحیحیان دەدایە ئەم وتەیەو لەسەری ڕێك دەکەوتن، بەڵام ئەوان زانیویانە فەرموودە ئایینەو دەبێت بەو شێوەیە بگات کە هاتووەو نابێت هیچ دەستکاریەکی بکرێت، وە زانیویانە سەرەنجامی درۆکردن بە دەم پێغەمبەرەوە ﷺ تەنگو تارە، بۆیە فەرموودە گەیەنراوە لە ڕێگەی کۆمەڵە دەمێکی ڕاستگۆوە تا ئەمڕۆمانو هیچ دەستکارییان نەکردووە، وە بە پێچەوانەشەوە هەموو یەك دەنگ بوون لە ڕوونکردنەوەی درۆی درۆزنان.

هەر لەم بارەیەوە زۆر بەڵگەی تر دێت لە دواتردا بە ویستی خوای گەورە.

## پابەندکاری دوانزەیەم:

نەیارانی سوننەت ماف دەدەن بە خۆیان بۆ تەفسیرکردنی قورئانی پیرۆز، بەڵام ئەو مافە بەڕەوا نابینن بۆ پێغەمبەری خواﷺ کە قورئانەکەی بۆ دابەزیوە، ئایا ئەمە دژەوانە نیە لە ڕێبازو مەنهەجی ئەوان[1]؟

ئەکرێت وەڵام بدەنەوەو بڵێن: ئێمە نکۆڵی ئەوە ناکەین پێغەمبەری خوا ﷺ تەفسیری قورئان بکات، بەڵکو نکۆڵی لەوە دەکەین کە خەڵك پابەند بکرێت بە تەفسیرەکەیەوە.

دەڵێین: باشە چ جیاوازیەکی هەیە مادام وا نەبینن کە تەفسیرو بەیانی پێغەمبەرﷺ ئایینەو پێویستە شوێنی بکەون، لەکاتێکدا ڕوونمان کردەوە لەوەو پێش کە خودای گەورە بۆ بەیانی قورئانی ناردووەو فەرمانی پێکردووە پێی هەستێت.

## پابەندکاری سیانزەیەم:

زۆرێك لە نەیارانی سوننەتو ڕۆژهەڵاتناسان ڕەخنە دەگرن لە ڕێساکانی فەرموودە وەرگرتنو ڕەتکردنەوەی، لەگەڵ ئەوەی کە هەیەتی لە هێزو قوەت تا ئاستێك دوژمن پێش دۆست شایەتی بۆ دەدات. جا ئەم تانەدانە دەکەنە هۆکاری ڕەتکردنەوەی فەرموودەکانو وەرنەگرتنیان.

ڕەخنەکە لێرە ئەوەیە: بە عەقڵو شەرع جێگیر بووە پێویستیمان بە سوننەتی پێغەمبەرﷺو ڕوونکردنەوەکانیەتی، هەروەها جێگیر بووە لە قورئانی پیرۆز کە پێغەمبەری خواﷺ مافی تەشریعی هەیە لە دەرەوەی قورئاندا. کەوایە بۆ ئێوە نایەنە پێشەوەو ڕێبازێك پێشنیار بکەن بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ فەرموودەو قەبوڵکردنی، تا گفتوگۆتان بکەین لەسەر ئەو ڕێبازە پێشنیارکراوە. تەنها ڕەخنە مەگرن چون ڕەخنە هەموو کەس دەیزانێت (بە تایبەت ئەگەر کوێرانەبوو)، بەڵام کەم کەس هەیە کە بتوانێت ڕەخنەی زانستی بگرێت یان بەدیل بێنێت[2].

---

(١) ئەم ئیلزامە هی خۆم نیەو لە خەڵکی ترم بیستووەو دیوە، وەك ئەمانەتی زانستی.

(٢) هەموو ئەوەی کە لای ئەوانە خولخواردنو هاتنە بە دەوری دوو شت یان سیان:

یەکەم: فەرموودە دژایەتی عەقڵ نەکات.

دووەم: فەرموودە دژایەتی زانستە تەجریبییەکان نەکات.

سێیەم: فەرموودە دژایەتی قورئانی پیرۆز نەکات.

## پابەندکاری چواردەیەم:

زۆر فەرموودەمان بۆ هاتوەو ئوممەت قەبوڵی کردووە لە بارەی هەندێك هەواڵی غەیبی کە لە داهاتوودا ڕوو دەدەن، وە زۆرێکیمان بینیوە کە ڕوویانداوە وەك پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی، ئایا ئەمە بەس نیە بۆ ئەوەی بوترێت فەرموودەکان لەلایەن خوداوە هاتوونو وەحین، چون ئەم شتانە بە ئیجتهاد پەی پێ نابرێت؟

ئەکرێت بوترێت: ئەم شتانە ڕیکەوت بوونو وەحی نین، هەر وەك چۆن خەڵکانێك هەواڵ دەدەن بە شتانێكو وەهاش دەردەچێت.

دەڵێین: ئەم دوو شتە زۆر لەیەکتر جودان، چون ئەوەی پێغەمبەری خواﷺ جارو دوو جار نیە تا بڵێین لە ڕیککەوتە، بەڵکو چەندین جار دووبارە بوەتەوەو هەرچی فەرموووە هاتوەتە جێ.

وە هەروەها هیچ هەواڵێکی نەبووە کە پێچەوانەی ئەوە بێت، بە پێچەوانەی ئەو کەسانەی کە هەواڵ دەدەن، یان قسەکانیان بە ڕێکەوت دێتە جێ، چون ئەوان زۆرینەی کات هەڵە دەکەن لە هەواڵەکانیانو کەم جار قسەکانیان دێتە جێ (یان بە دەگمەن)، جا کە ئەوان زۆرینەی کات هەڵە بکەن، ئیتر لەکوێ هەواڵەکانیان یەکسانە بە هەواڵی پێغەمبەران، لەکاتێکدا هەرچیەك بفەرموون وەك خۆی دێتە جێ، ئەوان هەر دەبێت هەڵە بکەن بەڵام پێغەمبەران لە هیچ هەواڵێکیان هەڵە ڕوو نادات، ئەمەش خاڵێکی جەوهەری جیاوازیە.

ئەکرێت بوترێت: هەندێك لە هەواڵەکان هێشتا نەهاتووە کە داویەتی دەربارەی داهاتوو. دەڵێین: ئەم بەشە بەشەکەی پێشوو ڕەت ناکاتەوە، چون ئەم هەواڵانە کاتیان نەهاتووە، ئەگەر کاتو وادەیان بێت ئەوا بێگومان ئەمانیش دێنە جێ هەر وەك ئەوانی دی.

---

گفتوگۆی ئەم سێ خاڵەمان کردووە لە کتێبــی: (الجِنَايَةُ عَلَى البُخَارِيِّ)، بە چڕو پڕی، وە بۆ یەکەمو دووەم دوو باسی تایبەتم داناوە، وە حیوارم لەگەڵ کردوون بە عەقڵو زانست، وە ئەوەشم چەسپاندووە کە ئەو دوانە ناتوانرێت بکرێنە پێوەر لەبەر چەندین هۆکار، هەرکەس ویستی دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ ئەوێ.

وە هەرچی سێیەمە ئێمەش بە مەرجی دەزانین، وە ئەگەر فەرموودەیەك پێچەوانەی قورئان بێت بە هیچ شێوەیەك نادرێتە پاڵ پێغەمبەر(سەلاتو سەلامی لەسەربێت)، وە ئەمەش ڕێبازی هەموو زانایانە، بەڵام پێویستە دڵنیابینەوە لەوەی کە فەرموودەکە پێچەوانەو دژی قورئانە تا ڕەتی بکەینەوە، نەك وەك ئەوەی هەندێك کەس دەیکەن لە تێنەگەیشتوان، ڕەخنە لە هەندێك فەرموودە دەگرن بەم بیانووە لە کاتێکدا کێشەکە لە تێگەیشتنی خۆیاندایە نەك فەرموودەکە.

عیبرەت بە دژەکەیەتی، ئەگەر یەکێك لەو شتانەی ئەو فەرموویەتی دژەکەی دەرچوو، ئەوا دەتوانن ڕەخنە بگرن، بەڵام کە کاتی نەهاتووە پێویستە چاوەڕوانبن.

وە دەکرێت لە ڕوویەکی ترەوە وەڵام بدەینەوەو بڵێین: ئەو شتانەی کە هەواڵی پێداون هاتوون بەبێ ئەوەی پێچەوانە هەبێت، مادام وتەکانی تری ڕوویاندابێت ئەمانەی تریش هەر مومکینن ڕوو بدەن، وە شتێك نیە کە ڕێگری ڕوودانیان بکات، هەر وەك زانایانی لۆژیك دەڵێن: (مومکین بوون بەڵگەی ڕوودانە).

هەندێك لەو نمونانەی کە پێغەمبەرﷺ هەواڵی پێداونو ڕوویانداوە:

هەواڵیداوە کە یەکەم کەسێك کە دەگاتەوە پێی لە کەسو کاری دوای وەفات کردنی فاتیمەی کچێتی[1]، هەواڵەکە هاتە جیۆ یەکەم کەس وەفاتی کرد لە کەسو کاری فاتیمە بوو.

هەواڵیداوە کە لە هۆزی سەقیف درۆزنێكو خوێن ڕێژێك دەردەکەوێت[2]، هەر بەوشێوەیە بوو کە هەواڵی دا، درۆزنەکە موختاری سەقەفی بوو کە بانگەشەی پێغەمبەرایەتی کرد، وە خوێن ڕێژەکەش حەجاجی کوڕی یوسفی سەقەفی بوو.

وە هەروەها هەواڵی داوە کە عەممار دەکوژرێتو کۆمەڵە لە حەق لاچووەکەش دەیکوژن[1]. هەر وەك ئەوەبوو کە فەرمووی.

(١)عَنْ عَائِشَةَ، قَالَتْ: "لَمَّا مَرِضَ رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دَعَا ابْنَتَهُ فَاطِمَةَ فَسَارَّهَا فَبَكَتْ، ثُمَّ سَارَّهَا فَضَحِكَتْ، فَسَأَلْتُهَا عَنْ ذَلِكَ، فَقَالَتْ: أَمَّا حَيْثُ بَكَيْتُ، فَإِنَّهُ أَخْبَرَنِي: أَنَّهُ مَيِّتٌ فَبَكَيْتُ، ثُمَّ أَخْبَرَنِي: " أَنِّي أَوَّلُ أَهْلِهِ لُحُوقًا بِهِ فَضَحِكْتُ". رواهُ أحمدُ (٤٣/ ١٥٧)، برقم: (٢٦٠٣٢)، وَالتِّرمذِيُّ (٦/ ١٨٣)، برقم: (٣٨٧٢) وَالنسَائيُّ في الكُبرَى (٧/ ٣٩٣)، برقم: (٨٣١١).

(٢) رَوى مُسلمٌ فِي صَحِيْحِهِ (١٣/ ٩٦)، بِرَقْمِ: (٢٣١): عَنِ ابنِ عُمَرَ أَنَّهُ قالَ للحَجَّاجِ بعدَ مَقْتَلِ ابنِ الزُّبَيْرِ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، يَقُولُ: «إِنَّ فِي ثَقِيفَ مُبِيرًا وَكَذَّابًا»، أَمَا الْكَذَّابُ فَقَدْ رَأَيْنَاهُ، وَأَمَّا الْمُبِيرُ فَأَنْتَ ذَاكَ، قَالَ: فَخَرَجَ. أمَّا الْمُبِيرُ فهوَ الْمُهْلِكُ.

عَنْ عَائِشَةَ، قَالَتْ: لَمَّا مَرِضَ رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دَعَا ابْنَتَهُ فَاطِمَةَ فَسَارَّهَا فَبَكَتْ، ثُمَّ سَارَّهَا فَضَحِكَتْ، فَسَأَلْتُهَا عَنْ ذَلِكَ، فَقَالَتْ: أَمَّا حَيْثُ بَكَيْتُ، فَإِنَّهُ أَخْبَرَنِي: أَنَّهُ مَيِّتٌ فَبَكَيْتُ، ثُمَّ أَخْبَرَنِي: " أَنِّي أَوَّلُ أَهْلِهِ لُحُوقًا بِهِ فَضَحِكْتُ.

وە هەواڵی دا کە بازنەکانی کیسرا دەدرێت بە سوراقە[2]. ئەم هەواڵە لە کاتێکدا بوو موسوڵمانان لەوپەڕی لاوازیدابوون، هەر وەك ئەوەبوو کە پێغەمبەرﷺ فەرمووی‌و بازنەکانی پێ درا لەسەردەمی پێشەوا عومەر.

هەواڵەکان لەم بارەیەوە زۆر زۆرن، یەك نمونەی تر دەهێنمەوەو دەیکەمە کۆتایی باسەکەو داوای تەوفیق لە پەروەردگاری خاوەن موڵك‌و بەخشەری بێ وێنە دەکەم:

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ: أَنَّ رَسُولَ اللهِ ﷺ، قَالَ: «لاَ تَقُومُ السَّاعَةُ حَتَّى تَضْطَرِبَ أَلَيَاتُ[3] نِسَاءِ دَوْسٍ عَلَى ذِي الخَلَصَةِ». وَذُو الخَلَصَةِ[4] طَاغِيَةُ دَوْسٍ الَّتِي كَانُوا يَعْبُدُونَ فِي الجَاهِلِيَّةِ"[5].

لە ئەبو هورەیرەوە هاتووە کە پێغەمبەری خواﷺ فەرموویەتی: قیامەت هەڵناسێت، تاوەکو سمتی ئافرەتانی دەوس لە ناوچەی (ذِي الخَلَصَةِ) نەلەرێتەوە (بە تەواف کردن بە دەوریدا). بتێك لەو ناوچەیەبووە بە ناوی (الخَلَصَة) هەر بەهۆی ئەوەوە ناونراوە.

---

(١) رَوى البُخَارِيُّ فِي صَحِيْحِهِ (١/ ٩٧)، بِرَقْمِ: (٤٤٧): عَنِ ابنِ عَبَّاسٍ: كُنَّا نَحْمِلُ لَبِنَةً لَبِنَةً وَعَمَّارٌ لَبِنَتَيْنِ لَبِنَتَيْنِ، فَرَآهُ النَّبِيُّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَيَنْفُضُ التُّرَابَ عَنْهُ، وَيَقُولُ: «وَيْحَ عَمَّارٍ، تَقْتُلُهُ الفِئَةُ البَاغِيَةُ، يَدْعُوهُمْ إِلَى الجَنَّةِ، وَيَدْعُونَهُ إِلَى النَّارِ» قَالَ: يَقُولُ عَمَّارٌ: أَعُوذُ بِاللَّهِ مِنَ الفِتَنِ.

(٢) رَوى البَيْهَقِيُّ فِي سُنَنِهِ (٦/ ٥٨٢)، بِرَقْمِ: (١٣٠٣٦): عَنِ الْحَسَنِ، أَنَّ عُمَرَ بْنَ الْخَطَّابِ أُتِيَ بِفَرْوَةِ كِسْرَى فَوُضِعَتْ بَيْنَ يَدَيْهِ، وَفِي الْقَوْمِ سُرَاقَةُ بْنُ مَالِكِ بْنِ جُعْشُمٍ، قَالَ: فَأَلْقَى إِلَيْهِ سِوَارَيْ كِسْرَى بْنِ هُرْمُزَ فَجَعَلَهُمَا فِي يَدِهِ، فَبَلَغَا مَنْكِبَيْهِ، فَلَمَّا رَآهُمَا فِي يَدَيْ سُرَاقَةَ قَالَ: الْحَمْدُ لِلَّهِ، سُوَارَيْ كِسْرَى بْنِ هُرْمُزَ فِي يَدِ سُرَاقَةَ بْنِ مَالِكِ بْنِ جُعْشُمٍ أَعْرَابِيٍّ مِنْ بَنِي مُدْلِجٍ.

وَنَقَلَ الإِمامُ البَيْهَقِيُّ عَنِ الإمامِ الشَّافعيِّ قولَهُ: " قَالَ الشَّافِعِيُّ: وَإِنَّمَا أَلْبَسَهُمَا سُرَاقَةَ؛ لِأَنَّ النَّبِيَّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ لِسُرَاقَةَ وَنَظَرَ إِلَى ذِرَاعَيْهِ: " كَأَنِّي بِكَ قَدْ لَبِسْتَ سِوَارَيْ كِسْرَى" قَالَ: وَلَمْ يَجْعَلْ لَهُ إِلَّا سِوَارَيْنِ.".السُّنَنُ الكُبرَى (٦/ ٥٨١)، بِرَقْمِ: (١٣٠٣٣)، ومعرِفَةُ السُّنَنِ والآثارِ (٩/ ٢٩٠)، بِرَقْمِ: (١٣١٩٧).

(٣) قَالَ المُلا علي القَارِي فِي مِرقَاتِهِ (٨/ ٣٥٠١): "وَالْأَلَيَاتُ بِفَتْحَتَيْنِ جَمْعُ أَلْيَةٍ بِفَتْحٍ فَسُكُونٍ، وَهِيَ فِي الْأَصْلِ اللُّحْمَةُ الَّتِي تَكُونُ فِي أَصْلِ الْعُضْوِ، وَقِيلَ هِيَ اللُّحْمَةُ الْمُشْرِفَةُ عَلَى الظَّهْرِ وَالْفَخِذِ، وَهِيَ لَحْمُ الْمَقْعَدِ، وَالْمَعْنَى حَتَّى يَرْتَدُّوا فَتَطُوفَ نِسَاؤُهُمْ" ا.هـ.

(٤) قالَ القَسْطَلانِيُّ في شَرْحِهِ (١٠/ ٢٠٢): "إِنَّ ذا الخَلَصَةِ مَوْضِعٌ ببلادِ دَوْسٍ فيهِ صَنَمٌ اسمُهُ الخَلَصَةُ، وحينئذٍ فليسَ ذو الخَلَصَةِ الطَّاغِيَةَ نَفْسَهَا" ا.هـ.

(٥) رَوَاهُ البُخَارِيُّ (٩/ ٥٨) بِرَقْمِ: (٧١١٦).

ئەم هەواڵەش هەر وەك ئەوەبوو كە پێغەمبەرﷺ هەواڵی پێدابوو، وەك شەیخ حەمەد تووەیجری دەڵێت: "ڕوویدا هەر وەك ئەوەی پێغەمبەری خواﷺ هەواڵی پێدابوو لە فەرموودە سەحیحەكەدا، وە خەڵكی ناوچەی (تبالَةَ)و چواردەوریو (ذِي الخَلَصَةِ) تووشی فیتنەیەكی گەورە بوون، وە دیسانەوە نوێیان كردەوە، هەر وەك هەبوو لە سەردەمی نەفامی"[1].

وە هەروەها مێژوونووسی نەجد "عوسمانی كوڕی بەشیر"یش هەمان شتی باسكردووە، لە ڕوداوەكانی ساڵی (1230كۆچی)، كە عەبدولعەزیزی كوڕی سعود بتەكەی تێك شكاندووە[2].

## پابەندكاری پانزەیەم:

زۆر فەرموودەمان بۆ هاتووە لەسەر سەیرو سەمەرەییەكانی گەردوونو بەدیارخستنی، وە دەربارەی نهێنیەكانی دروستكراوانو وردەكاریەكەی، لەكاتێكدا زانستی تەجریبی وەها پێشكەوتوو نەبوو، وە دوای پێشكەوتنیو لەسەردەمی خۆماندا زانست ئەو ڕاستیانەی دان پێدا ناوە كە سوننەت پێی هاتووە.

لێرەدا پرسیارەكە ئەوەیە: ئایا پێغەمبەرﷺ چۆن ئەم شتانەی زانیوەو چۆن هەواڵی پێداوە ئەگەر لە ڕێگەی وەحیەوە نەبووە؟

وە نمونە لەسەر ئەمە زۆر زۆرەو لێكۆڵینەوە نوێیەكانیش دانیان پێدا ناوەو چەسپاندوویانە، لەوانە: هەواڵدانی بە دەرنەچوون لەو شوێنەی تاعون (وەبا) تێیدا بڵاوبوەتەوەو، ئەوانەشی لە دەرەوەن نەیەنە ناوی[3].

---

(١) إتْحَافُ الجَمَاعَةِ للتّويجريِّ (٢/ ٢٢٥).

(٢) عُنوانُ المجدِ لعثمانَ بنِ بشيرٍ (١/ ٣٤٣)، ت: محمد بن ناصر الشثري، دار الحبيب، ط:٣/ ١٤٢٩ه.

(٣) رَوَى البُخَارِيُّ (٩/ ٥٨) بِرَقْمِ: (٧١١٦): عَنْ عَامِرِ بْنِ سَعْدِ بْنِ أَبِي وَقَّاصٍ، عَنْ أَبِيهِ، أَنَّهُ سَمِعَهُ يَسْأَلُ أُسَامَةَ بْنَ زَيْدٍ، مَاذَا سَمِعْتَ مِنْ رَسُولِ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فِي الطَّاعُونِ؟ فَقَالَ أُسَامَةُ: قَالَ رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: «الطَّاعُونُ رِجْسٌ أُرْسِلَ عَلَى طَائِفَةٍ مِنْ بَنِي إِسْرَائِيلَ، أَوْ عَلَى مَنْ كَانَ قَبْلَكُمْ، فَإِذَا سَمِعْتُمْ بِهِ بِأَرْضٍ، فَلاَ تَقْدَمُوا عَلَيْهِ، وَإِذَا وَقَعَ بِأَرْضٍ، وَأَنْتُمْ بِهَا فَلاَ تَخْرُجُوا، فِرَارًا مِنْهُ».

وە هەواڵدانی بەوەی ژمارەی جومگەکانی مرۆڤ (360) جومگەیە[1]. وە زانستی نوێش لەسەر ئەم ڕایەیە.

وە هەواڵدانی بەوەی جەستەی مرۆڤ هەمووی تیا دەچێت تەنیا سێ بەندەی بڕبڕە (عَجَبُ الذَّنَبِ) نەبێت[2].

وە لەمانە هەمووی سەیرتر هەواڵدانیەتی بەوەی هەورە بروسکە دێتو دەگەڕێتەوە[3]. هەمووان هاتنەکەی دەزانین‌و دیومانە، بەڵام گەڕانەوەکەی هەستی پێ ناکرێت لە بەر خێراییەکەی، مەگەر دیمەنەکە تۆمار بکرێتو خاو بکرێتەوەو بە دیقەت بۆی بڕوانرێت، ئەمەش ئاشکرا نەبوو لەلایەن زانستەوە تا ئەم دواییانە.

وە ئەگەر بەڵگەت بوێت، ئەوا بەڵگە زۆر زۆرە لەم بارەیەوەو دەتوانیت بەدوایا بچیت.

تێبینی: ئەم باسانە کە دەیهێنین تەنیا بۆ پابەندکردنی نەیارانی سوننەتە، وە ئیلا ئێمە سەرچاوەکانی وەحیمان زۆر بەلاوە گەورەترە لە وەی بیانخەینە ژێر حوکمی زانستە تەجریبیەکانەوە، یانی هەرگیز وەحی ملکەچ ناکەین بۆ ئەگەرو گریمانەی زانست، وە پاشان بابەتی جیاوازی کردن لە نێوان بیردۆزی زانستی‌و حەقیقەتی زانستی شتێکی زۆر پێویستە، زۆر گرنگە بۆ ئەم باسانە بگەڕێنەوە بۆ ئەو باسەی دانراوە لەسەر زانستە تەجریبیەکان لە کتێبی (الجِنَايَةُ عَلَى البُخَارِيّ).

---

(١) رَوَى مُسْلِمٌ (٢/ ٦٩٨) بِرَقْمِ: (١٠٠٧): عَنْ عَائِشَةَ، تَقُولُ: إِنَّ رَسُولَ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ: «إِنَّهُ خُلِقَ كُلُّ إِنْسَانٍ مِنْ بَنِي آدَمَ عَلَى سِتِّينَ وَثَلَاثِمِائَةِ مَفْصِلٍ، فَمَنْ كَبَّرَ اللهَ، وَحَمِدَ اللهَ، وَهَلَّلَ اللهَ، وَسَبَّحَ اللهَ، وَاسْتَغْفَرَ اللهَ، وَعَزَلَ حَجَرًا عَنْ طَرِيقِ النَّاسِ، أَوْ شَوْكَةً أَوْ عَظْمًا عَنْ طَرِيقِ النَّاسِ، وَأَمَرَ بِمَعْرُوفٍ أَوْ نَهَى عَنْ مُنْكَرٍ، عَدَدَ تِلْكَ السِّتِّينَ وَالثَّلَاثِمِائَةِ السُّلَامَى، فَإِنَّهُ يَمْشِي يَوْمَئِذٍ وَقَدْ زَحْزَحَ نَفْسَهُ عَنِ النَّارِ».

(٢) رَوَى البُخَارِيُّ (٦/ ١٦٥) بِرَقْمِ: (٤٩٣٥): عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: «مَا بَيْنَ النَّفْخَتَيْنِ أَرْبَعُونَ» قَالَ: أَرْبَعُونَ يَوْمًا؟ قَالَ: أَبَيْتُ، قَالَ: أَرْبَعُونَ شَهْرًا؟ قَالَ: أَبَيْتُ، قَالَ: أَرْبَعُونَ سَنَةً؟ قَالَ: أَبَيْتُ، قَالَ: «ثُمَّ يُنْزِلُ اللَّهُ مِنَ السَّمَاءِ مَاءً فَيَنْبُتُونَ كَمَا يَنْبُتُ البَقْلُ، لَيْسَ مِنَ الإِنْسَانِ شَيْءٌ إِلَّا يَبْلَى، إِلَّا عَظْمًا وَاحِدًا وَهُوَ عَجْبُ الذَّنَبِ، وَمِنْهُ يُرَكَّبُ الخَلْقُ يَوْمَ القِيَامَةِ».

(٣) رَوَى مُسْلِمٌ (١/ ١٨٦) بِرَقْمِ: (١٩٥): عَنْ حُذَيْفَةَ أَنَّ النَّبِيَّ صلَّى اللهُ عليهِ وَسلَّمَ قالَ: أَلَمْ تَرَوْا إِلَى الْبَرْقِ كَيْفَ يَمُرُّ وَيَرْجِعُ فِي طَرْفَةِ عَيْنٍ؟

## پابەندکاری شانزەیەم:

ڕەسمی موسحەفو ئەداکردنی قورئان لە ڕێگەی ریوایەتەوە بۆمان هاتووە، وە ئەگەر ریوایەت نەبێت چۆن ئەم ئایەتە پیرۆزە دەخوێنینەوە: ﴿كٓهيعٓصٓ﴾ (مريم: ١) یان وتەی خوای گەورە: ﴿الٓمٓصٓ﴾ (الأعراف: ١)

وە وێنەی ئەمانەش لە قورئانی پیرۆزدا، ئەگەر هاتو ئێمە وازمان لە ریوایەت هێنا بە تێکڕا ئەوا دەکەوینە ناو ئاڵۆزیەکی قوڵو بێ بنەوەو قورئانیش بەزایە دەدەین، بە نەزانیو بێ هەستکردن بە مەترسی کارەکە.

## پابەندکاری حەڤدەیەم:

ئەگەر هەرچی ریوایەتو ئیسناد هەیە ڕەتمان کردەوەو بەلامانەوە نا، ئیتر چی شتێکمان بۆ دەمێنێتەوە لە مێژوو باسی بکەینو دەستی پێوە بگرینو بیکەینە بەڵگە لە سەر ئەوەی کە قورئانی پیرۆز وەك قوتابخانەیەك جیلێکی بێ وێنەی پێگەیاندووە؟

وە ئەگەر کەسێکی نا موسوڵمان پرسیاری لێکردیت دەربارەی کاریگەری قورئان لە سەر ئەو واقیعەی تێدا دابەزیوەو، چی کردووە لە گۆڕینی ژینگەو تاکەکان چی پێ دەڵێیت؟ ئەوسا بێدەنگ دەبیتو دەمێنیتەوە، یان دەست دەکەی بەقسە هەڵبەستنو شتی ناڕاست دەڵێیت؟

سوێند بەخوا ئەگەر لە بانگەشەی ئەوان هیچ شتێك نەبێت تەنها ئەمە نەبێت، بەسە بۆ ڕەتکردنەوەو دوورخستنەوەی لە واقیعی موسوڵمانان، چون گومان دەخاتە سەر کاریگەری قورئان لەسەر واقیع، وە هیچ کاریگەریەك نابینیتەوە باسی بکەیت.

ئای بۆ دڵخۆشی دووژمنانی ئیسلامو مێژوو شارستانیەتیان ئەگەر بۆچوونی ئەوان ببێتە بۆچوونی باوو بلاّو لە نێو خەڵکیدا.

## پابەندکاری هەژدەیەم:

ئەگەر هەموو سوننەتت ڕەتکردەوە، چۆن ئەم ئایەتە پیرۆزە جێ بەجێ دەکەیت:

﴿لَّقَدْ كَانَ لَكُمْ فِى رَسُولِ ٱللَّهِ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ لِّمَن كَانَ يَرْجُوا ٱللَّهَ وَٱلْيَوْمَ ٱلْـَٔاخِرَ وَذَكَرَ ٱللَّهَ كَثِيرًا﴾ (الأحزاب: ٢١)

یان چۆن لە وتەی خوای گەورە تێدەگەیت کە دەفەرموێت:

﴿وَإِنَّكَ لَعَلَىٰ خُلُقٍ عَظِيمٍ﴾ (القلم: ٤)

سیفاتەکانی پێغەمبەرﷺ چین‌و چەنێکن‌و وردەکارییان چۆن بووە؟ وە لەکوێی بدۆزینەوە تا بیکەینە سەرمەشق‌و چاوی لێبکەین‌و ئەم ئایەتە پیرۆزە جێ بەجێ بکەین؟

ئایا ئەم فەرمانە بۆ واجبێتی نیە؟ ئەی لەکوێ ڕەوشتەکانی ئەم سەرمەشقەمان وەدەست بخەین؟ ئەکرێت بوترێت: لە قورئانی پیرۆزدا. بەڵام چۆنی جێ بەجێ کردووەو لەگەڵی ژیاوە؟ وە ئەگەر خودای گەورە مەبەستی ڕووکەشی قورئان بوایە، ئەوا دەیفەرموو: قورئان بکەنە سەر مەشق، نەك پێغەمبەرﷺ.

## پابەندکاری نۆزدەیەم:

ئایا نەیارانی سوننەت ئەم پرسیارە وەڵام نادەنەوە: ئەگەر هات‌و هەموو سوننەت‌و مێژوو لەناوبرا، چۆن ئەم ئایەتە پیرۆزە تەفسیر دەکەن‌و لێی تێدەگەن:

﴿مِّنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ رِجَالٌ صَدَقُوا مَا عَـٰهَدُوا ٱللَّـهَ عَلَيْهِ فَمِنْهُم مَّن قَضَىٰ نَحْبَهُۥ وَمِنْهُم مَّن يَنتَظِرُ وَمَا بَدَّلُوا تَبْدِيلًا﴾ (الأحزاب: ٢٣)

وە پرسیاریان لێدەکەین: سیفاتی ئەوان چی بووەو چییان کردوو؟ ژیان‌و سیرەیان چۆن بووە تا چاویان لێبکەین؟ لەکوێ دەستمان بکەوێت ئەگەر پەلاماری ئەم مێژوو ریوایەتانەتان دا بەو شێوە ستەمکارانە؟

## پابەندکاری بیست:

دەچێتە عەقڵەوە بوترێت: پێغەمبەرﷺ ماوەی (23) ساڵ بە لەفزو وشەکانی قورئانەوە خەریك بووە، بەبێ ئەوەی هیچ شتێك لە ماناکەی باس بکات‌و بەیانی بکات؟ ئایا هیچ کەسێکی عاقڵ ئەمە دەڵێت؟

ئیتر بۆچی ڕقتان دەبێتەوە لەوانەی کە هەموو کاتەکانی خۆیان داوە بە تەجویدو تەنها بە لەفزی قورئانەوە خەریکن؟ ئایا هیچ جیاوازیەك هەیە لە نێوان ئەم دوو شتە؟

سوێند بەخوا ئەمە شتێکی پێکەنیناویە کە بیری لێدەکەیتەوەو لێی ورد دەبیتەوە.

## پابەندكاری بیستو یەك:

زۆرێك لە نەیارانی سوننەت دەڵێن: ئێمە تێكڕای سوننەت ڕەت ناكەینەوە، بەڵكو ئەو فەرموودانەی كە هاتوون لە ڕەفتاری جوانو ئامۆژگاری بەرز وەریدەگرین، بەڵام ئەوەی ڕەتی دەكەینەوە یاساو ڕێساو تەشریعو بابەتە غەیبیەكانە، زۆرێكیان ئەم قسەیە دەكەن لە كتێبو چاوپێكەوتنەكانیاندا.

پرسیار لێرەدا ئەوەیە: ئایا ئەم وتانە لە هەموو كەسێك وەرناگرین، تەنانەت لە منداڵێكیش ئەگەر قسەی پێ بكات؟ وە پاشان چ جیاوازیەك دەمێنێتەوە لە نێوان پێغەمبەرێكو حەكیمێك، یان پێغەمەبەرێكو فەیلەسوفێكو تێكڕای مرۆڤ؟ وە كامەیە جیاوازی نێوان پلەو پایەی پێغەمبەرانو ئەوانی دی؟

پێغەمبەر لەسەروی ئەمەوە بەیانی شەریعەت دەكاتو ماناكانی پەیامی خودایی بە خەڵكی دەگەیەنێت، وە هاتنی كورت نەكراوەتەوە لە حیكمەتو ئاداب، وە ئەگەر بەو شێوەیەبێت وەكو نەیاران دەیلێن، ئەوا هیچ تایبەتمەندیەك نیە بۆ پێغەمبەران، ئەم قسەیەش دەرەنجامی تەسەوركردنی كورتی نەیارانە، چون هەموو خەڵكی هاوبەشن لە حیكمەتو ئاداب، خۆ دەبێت پێغەمبەران بە شتێك جیا ببنەوە لەبەر ئەوەی ئەوان هەڵبژاردەی خودان لە نێوان خەڵك.

## پابەندكاری بیست و دوو:

ئەوانەی كە دەڵێن: پێویستە فەرموودە عەرز بكرێتە سەر قورئان (بەو مانایەی نابێت سوننەت هیچ شتێكی زیاد بە سەر قورئانەوە بهێنێت) سەرپێچی قورئانی پیرۆز دەكەن لەو ئایەتانەی كە لە پێشوودا باسمان كرد، چون بڕیاری حوجیەتی سوننەت دەداتو شەرعیەتی دەچەسپێنێت، یەكلایی دەكاتەوە كە وەحی دووەمو تەشریعی سەربەخۆیە.

پرسیاری ڕووبەڕووكراوەو ڕەخنە لێیان ئەوەیەكە بەڵگەیەك بێنن لە ئاستی هێزو قوەتی ئەو گشتە بەڵگەیەبێت كە باسكران، تەنانەت ناتوانن یەك بەڵگەش بهێننەوە لە سەر ئەمە.

وە لەلایەکی تریشەوە ئەمان پێچەوانەی عەقڵو ژێری دەکەن لە تەسەورکردنی مانای (موخالەفە)و، مانای (زیادە)، چون تەنها زیادە بەسەر قورئانەوە دەلالەت ناکات لەسەر موخالەفەو دژایەتی، ئەگەر لە زیادەکەدا شتێك نەبێت پێچەوانەو دژی قورئان بێت.

## پابەندکاری بیست و سێ:

بە دڵنیاییەوە هاتنی قیرائەتە قورئانیەکان پشت دەبەستێت بە هەمان ڕێگا کە سوننەتی پێ هاتووە، جا کەوابوو ڕەتکردنەوەی فەرموودەکانو بەلاوە نانیان ڕەتکردنەوەو بەلاوە نانی قیرائەتە قورئانیەکانە.

ئیدی لێرەوە چی بکەین! ئایا واز لە قیرائەتەکان بێنین بە تێکڕا؟ یان چارە چی یە؟ وە ئەگەر دانەیەکیان هەڵبژێریتو واز لەوانی تر بێنیت لەسەر چ بنەمایەك هەڵیدەبژێریت[1]؟ ئایا ئەمە لە بەها هێنانە خوارەوەی قورئانی پیرۆز نیە؟

## پابەندکاری بیست و چوار:

زۆرێك لە نەیارانی سوننەتو موعتەزیلە لە کۆندا[2]و ڕۆژهەڵاتناسان دەست دەگرن بە کۆمەڵێك فەرموودەی لاوازو هەڵبەستراوەوە چون پاڵپشتی بۆچوونە لارێکەیان دەکات، وە هەندێك جار کێشمەکێشمی پێ دەکەن لەگەڵ بوخاریو موسلیم لەکاتێکدا گەیشتوونەتە لوتکە لە کاری بەشەریدا.

پرسیار لێرەدا ئەوەیە: ئایا ئەمە دژەوانە نیە لە ڕێبازو مەنهەجیان لە شێوازی بەڵگە هێنانەوە (ڕووکردنە هەڵبەستراوو لاوازو ڕەتکردنەوەی سەحیح) وە بەس نیە بۆ ڕەتکردنەوەی ئەوەی هێناوتانە؟

## پابەندکاری بیست و پێنج:

---

(١) دوور نیە خەڵکانێك بێنو بڵێن: پێویستە واز لە قیرائەتەکان بێنینو تەنها یەك دانە هەڵبژێرین، چون لە سەردەمێکی وا سەیر دەژین تەنیا دەجالی کەمە.

(٢) بەڵام پێویستە موعتەزیلە نەخەینە ڕیزی نەیارانی سوننەتو ڕۆژهەلاتناسانەوە (ڕۆژهەڵاتناسانیش یەك شێوە نین)، چون بە شێوەیەکی گشتی ڕێزی سوننەتیان گرتوە، بەڵام هەندێکیان کۆمەڵێك مەرجیان داناوە بۆ وەرگرتنی سوننەت، بۆچونمان پێچەوانەی ئەوانە تێیداو بە هەڵەیان دەزانین.

نەیارانی سوننەت ڕەخنەیان لە زۆر فەرموودەی سەحیح گرتوەو ڕەتیان کردووەتەوە، بەو بیانووەی کە عەقڵیان نایگرێتو قەبوڵی ناکات، هەر چەندە لە ڕێگەی کۆمەڵێك خەڵکی ڕاستگۆو جێی متمانەوە هاتوون. وە ئەوەی جێی سەرسوڕمانە ئەوان بڕوایان بە قورئانی پیرۆز هێناوە لە شتانێکدا زۆر لەوانە سەیرترە، وەك هاتنە دەرەوەی ئاو لە بەرد بۆ پێغەمبەر موسا، ڕووداوی ئیسراو میعراج، زیندووکردنەوەی مردوو لەلایەن پێغەمبەر عیساوە، گواستنەوەی عەرش (تەخت)ێکی گەورە لە وڵاتێك بۆ وڵاتێك لە چاو تروکانێکدا بۆ پێغەمبەر سولەیمان، وە فێنك کردنەوەی ئیبراهیم بە ئاگر، وە قسەکردنی سولەیمان لەگەڵ مێرولەو، چەندین شتی تر.

جا ئەمە بۆ نەیارێك ئەگەر موسوڵمان بێت، وە ئەگەر کەسەکە بێ بڕواش بێت ئەوا ئەمیش هیچ سەیرتر نیە لە موسوڵمانەکە، چون بڕوای بە هاوشێوەی ئەم شتانە هێناوە بە شتانێك لە زانستە تەجریبیەکاندا کە زۆر سەیرن بەلای مرۆڤەوە بیستنیان، لەمەڕ جەستەی مرۆڤو کەونو ژیانی ئاژەڵان.

پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە: ئایا ئەمە دژەوانە (تَنَاقُض) نیە لە ڕێبازو مەنهەجدا کاتێك ئینکاری شتانێك دەکەیت لە سوننەتداو هاوشێوەکەی لە قورئانو زانستە تەجریبیەکاندا وەر دەگریت، ئەی نەیاری سوننەت؟

وە هەروەها پرسیارەکە ڕووی لە بێ دینەکانیشە: ئایا شتانێك کە بە لاتانەوە سەیرن ڕەتیان دەکەنەوە لە قورئانو سوننەت، وە هەمان سەیریی لە شتانێکدا هەیە لە زانستە تەجریبیەکانو وەریان دەگرن، ئایا ئەمە تەناقوزو دژەوانە نیە؟

ئەوەی کێشەیە لە لای نەیارانی سوننەتو بێ دینەکان: جیاوازی نەکردنیانە لە نێوان دوو شت: ئەوەی عەقڵ بە ئەستەمی دەبینێت (الِاستِحَالَةُ العَقْلِيَّةُ)، لەگەڵ: ئەوەی کە عەقڵ بە سەیرو غەریبی دەبینێت (الِاستِغرَابُ العَقْلِيُّ)، ئەوەی کە عەقڵ ڕوودانی بە موستەحیل دادەنێت، بە هیچ جۆرێك لە قورئانو سوننەتدا نیە، بەڵام دووەمیان کە پێی دەوترێت بە سەیرگرتن، شتێکی ئاساییەو لە قورئانو سوننەتدا هەیە، وە زانستە تەجریبیەکانیش لێی بێ بەش نین، چون لە گەردووندا نمونەی زۆرە، ئەم باسەمان هێناوە لە کتێبی (الجِنَايَةُ عَلَى البُخَارِيِّ)، دەتوانن بۆی بگەڕێنەوە.

## پابەندكاری بیست و شەش:

نەیارانی سوننەت هەردوو زانستی: (مُخْتَلِفِ الحَدِيْثِ)و، (مُشْكِلِ الحَدِيْثِ)[1]، ناو دەبەن بە تەكەلوفو زۆركردنو ڕازاندنەوەو جوانكاری بۆ فەرموودەكان، لەكاتێك هەڵدەستین بە كۆكردنەوەی فەرموودەكانی باسێك بە مەبەستی لێكدانەوەیان، لە كاتێكدا ڕووكەشیان وا دیارە پێچەوانەی قورئانە، یان پێچەوانەی فەرموودەی ترە، تا مانەكەی بەدیار بخەینو ڕوونی بكەینەوە كە كێشەی تێدا نیە.

بەڵام ئەوەی سەیرە خۆیان بەم ڕێگەیە ڕازین بۆ قورئانی پیرۆزو بەكاری دەبەن لەكاتێك تەفسیری هەندێك ئایەت دەكەن كە ڕووكەشەكەی پێچەوانەیە لەگەڵ یەك[2].

ئایا ئەمە تەناقوزو دژەوانە نیە لە ڕێبازو مەنهەجیەتی ئەوان، كە بۆ سوننەت ڕازی نینو بۆ قورئان هەمان شت بەكار دەبەن؟

بۆ نمونە مەوقیفیان چۆن دەبێت لە تەفسیری هەندێك ئایەت كە هاتوون لەسەر دروستكردنی ئاسمانو زەوی، وەك وتەی خوای گەورە:

﴿إِنَّ رَبَّكُمُ ٱللَّهُ ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ فِى سِتَّةِ أَيَّامٍ ثُمَّ ٱسْتَوَىٰ عَلَى ٱلْعَرْشِ يُغْشِى ٱلَّيْلَ ٱلنَّهَارَ يَطْلُبُهُۥ حَثِيثًا وَٱلشَّمْسَ وَٱلْقَمَرَ وَٱلنُّجُومَ مُسَخَّرَٰتٍۭ بِأَمْرِهِۦٓ أَلَا لَهُ ٱلْخَلْقُ وَٱلْأَمْرُ تَبَارَكَ ٱللَّهُ رَبُّ ٱلْعَٰلَمِينَ﴾

(الأعراف: ٥٤)

(١) ئەم دوو زانستە بۆ بەیان كردنی ئەو فەرموودانەیە كە ڕووكەشەكەی وا دیارە كێشەیان تێدایە، بەوەی كە وا دیارە پێچەوانەی قورئانە، یان پێچەوانەی هەندێك فەرموودەی ترە، یان لەگەڵ عەقڵو ژیریی كێشەیان هەیە، یان فەرموودەكە خۆی لە خۆیدا شتێكی تێدایە هەندێك كەس لێی تێناگەنو بە كێشەی دەبینن.

(٢) كۆمەڵێك ئایەت هەیە كە بێ دینەكان ڕەخنەیان لێ گرتووە هەر لە كۆنەوە تا ئەمڕۆمان، وە ڕۆژهەڵاتناسو موژدەدەری مەسیحیەكانیش بەشیان هەیە لەم كارە، بەڵام خوای گەورە كۆمەڵێك زانای هەناردە كردووەو، ڕوونیان كردوەتەوە كە كێشەكە لە تێگەیشتنی ئەواندایە نەك ئایەتە پیرۆزەكان، وە بەیانیان كردووە كە ئەمە ڕوو دەدات بۆ كەسێك كە بەڵگەكان هەموو كۆ ناكاتەوە تا پێكەوە تەفسیرو لێكدانەوەیان بۆ بكات، وە لە شوێنو جێو مەبەستی خۆیدا لێكیانداتەوە. جا بۆ سوننەتیش هەمان شتە، وە لێرەدا ئەو ئایەتانە ناهێنم كە ڕەخنەیان لێ گرتووەو ڕووكەشەكەی وا دیارە دژی یەكن، چون ڕێگە نیە لێرە ڕوونیان بكەینەوەو حەقی خۆی بدەینێ، وە ئەگەر لە حاڵێكی وەهادا بیهێنین ئەدەب نیە لەگەڵ قورئانی پیرۆز بۆیە وازی لێ دەهێنمو تەنیا نمونەیەك باس دەكەم، وە هەر كەسیش بیەوێ دەتوانێت لە كتێبەكانی تەفسیرو موشكیلی قورئاندا نمونەی زیاتر ببینێت.

وە دەفەرمویێت: ﴿إِنَّ رَبَّكُمُ ٱللَّهُ ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ فِى سِتَّةِ أَيَّامٍ ثُمَّ ٱسْتَوَىٰ عَلَى ٱلْعَرْشِ يُدَبِّرُ ٱلْأَمْرَ مَا مِن شَفِيعٍ إِلَّا مِنۢ بَعْدِ إِذْنِهِۦ ذَٰلِكُمُ ٱللَّهُ رَبُّكُمْ فَٱعْبُدُوهُ أَفَلَا تَذَكَّرُونَ﴾ **(يونس: ٣)**

وە دەفەرمویێت: ﴿وَهُوَ ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ فِى سِتَّةِ أَيَّامٍ وَكَانَ عَرْشُهُۥ عَلَى ٱلْمَآءِ لِيَبْلُوَكُمْ أَيُّكُمْ أَحْسَنُ عَمَلًا..﴾ **(هود: ٧)**

لەم ئایەتانەو بێجگە لەمانەش خوای گەورە دەفەرمویێت کە دروست کردنیان بە (6) ڕۆژ بووە، بەڵام لە چەند ئایەتێکی سورەتی (فُصِّلَتْ) ڕووکەشەکەی وا دیارە کە بە (8) ڕۆژ دروستکراون، خودای گەورە دەفەرمویێت:

﴿قُلْ أَئِنَّكُمْ لَتَكْفُرُونَ بِٱلَّذِى خَلَقَ ٱلْأَرْضَ فِى يَوْمَيْنِ وَتَجْعَلُونَ لَهُۥٓ أَندَادًا ذَٰلِكَ رَبُّ ٱلْعَٰلَمِينَ ۝٩ وَجَعَلَ فِيهَا رَوَٰسِىَ مِن فَوْقِهَا وَبَٰرَكَ فِيهَا وَقَدَّرَ فِيهَآ أَقْوَٰتَهَا فِىٓ أَرْبَعَةِ أَيَّامٍ سَوَآءً لِّلسَّآئِلِينَ ۝١٠ ثُمَّ ٱسْتَوَىٰٓ إِلَى ٱلسَّمَآءِ وَهِىَ دُخَانٌ فَقَالَ لَهَا وَلِلْأَرْضِ ٱئْتِيَا طَوْعًا أَوْ كَرْهًا قَالَتَآ أَتَيْنَا طَآئِعِينَ ۝١١ فَقَضَىٰهُنَّ سَبْعَ سَمَٰوَاتٍ فِى يَوْمَيْنِ وَأَوْحَىٰ فِى كُلِّ سَمَآءٍ أَمْرَهَا وَزَيَّنَّا ٱلسَّمَآءَ ٱلدُّنْيَا بِمَصَٰبِيحَ وَحِفْظًا ذَٰلِكَ تَقْدِيرُ ٱلْعَزِيزِ ٱلْعَلِيمِ﴾ **(فصلت: ٩ - ١٢)**

ئەم سەیرکردنە ڕووکەشیە بۆ وشە بەبێ گوێدان بە مانا کێشەی گەورە دروست دەکات لە تێگەیشتنی بێ دینەکانو نەیارانی سوننەت، وە ئەگەر لە مانا ورد ببونایەتەوە ئەوا نە بێ دین ڕەخنەی لە قورئان دەگرت، هەر وەك چۆن نەیاری سوننەتیش ڕەخنەی لە سوننەت نەدەگرت، بەڵام ئەوان ڕازی بوون بە توێکڵی دێڕەکانو ئەوەیان هەڵبژارد بەسەر کرۆکەوە.

تەفسیری ڕاست بۆ ئەم ئایەتانە ئەوەیە کە خوای گەورە ئاسمانو زەوی بە (6) ڕۆژ دروست کردووە هەر وەك لەو ئایەتانەی پێشوو جێگیرە، وە تەفسیری دروستیش بۆ ئایەتەکانی سورەتی (فُصِّلَتْ) بەم شێوەیە:

خودای گەورە زەوی دروست کردووە لە دوو ڕۆژدا وەك دەفەرمویێت: (خَلَقَ ٱلْأَرْضَ فِى يَوْمَيْنِ)، وە لەگەڵ دروست کردنەکەیدا دوو ڕۆژیش شاخەکانی دروست کردووەو رزقو ڕۆزی تێدا دابەش کردووە،

بەمەش دەبێتە چوار ڕۆژ، وەك دەفەرموێت: (وَجَعَلَ فِيهَا رَوَاسِيَ مِن فَوْقِهَا وَبَـٰرَكَ فِيهَا وَقَدَّرَ فِيهَآ أَقْوَٰتَهَا فِىٓ أَرْبَعَةِ أَيَّامٍ)، جا ئەم چوار ڕۆژەی کە باسکراوە دووەکەی پێشووشی لەخۆ گرتووە کە بۆ دروستکردنی زەوی بوو، یانی دوو ڕۆژی دروستکردن، دوو ڕۆژی دابەش کردنی رزقو ئەو شتانەی تر، بەمەش پێکەوە دەکاتە چوار ڕۆژ.

وە پاشان ئاسمانی دروست کردووە بە دوو ڕۆژ، وەك دەفەرموێت: (فَقَضَىٰهُنَّ سَبْعَ سَمَـٰوَاتٍ فِى يَوْمَيْنِ)، جا هەمووی پێکەوە شەش ڕۆژ دەکاتو هاوتاو سازە لەگەڵ ئایەتەکانی پێشوو، بەڵام ئەگەر بەبێ وردەکاری و شارەزایی بە زمان تەنیا سەیری ڕوو کەش بکەی، لێت دەبێت بە (8) ڕۆژ.

ئەم شێوازی دەربڕینەش شێوازێکی بڵاوو دیارە لە زمانی عەرەبیدا، وە زانایانیش ئاماژەیان پێداوە، وەك پێشەوا بەغەوی دەفەرموێت: "[فِي أَرْبَعَةِ أَيَّام]، يُرِيدُ: خَلَقَ مَا فِي الْأَرْضِ، وَقَدَّرَ الْأَقْوَاتَ فِي يَوْمَيْنِ: يَوْمِ الثُّلَاثَاءِ وَالْأَرْبعَاءِ، فَهُمَا مَعَ الْأَحَدِ وَالِاثْنَيْنِ أَرْبَعَةُ أَيَّامٍ، رَدَّ الْآخِرَ عَلَى الْأَوَّلِ فِي الذِّكْرِ، كَمَا تَقُولُ: تَزَوَّجْتُ أَمْسِ امْرَأَةً وَالْيَوْمَ ثِنْتَيْنِ، وَإِحْدَاهُمَا هِيَ الَّتِي تَزَوَّجْتَهَا بِالْأَمْسِ"(1).

واتە: ﴿فِي أَرْبَعَةِ أَيَّامٍ﴾ مەبەستی ئەوەیە: ئەو شتانەی لەسەر زەوین دروستی کردووەو رزقو ڕۆزیەکەی داناوە لە دوو ڕۆژدا: ڕۆژی سێ شەممەو چوار شەممە، ئەم دوو ڕۆژە لەگەڵ ڕۆژی یەك شەممەو دوو شەممە دەکاتە چوار ڕۆژ، کە باسی کردووە ئەمەی دوایی گەڕاندوەتەوە سەر یەکەم، وەکو دەڵێیت: دوێنێ هاوسەرگیریم لەگەڵ ئافرەتێك کرد، وە ئەمڕۆش دوو، وە یەکێك لەم دوانە ئەوەیە کە دوێنێ هاوسەرگیریت لەگەڵ کردووە.

وە پێشەوا ئیبن عەتییە دەڵێت: "[فِي أَرْبَعَةِ أَيَّام]: يُرِيْدُ بِاليَوْمَيْنِ الأَوَّلَيْنِ، وَهذَا كَمَا تَقُولُ: بَنَيْتُ جِدَارَ دَارِي فِي يَوْمٍ وَأَكْمَلْتُ جَمِيْعَهَا فِي يَوْمَيْنِ، أَيْ: بِالأَوَّلِ"(2).

(١) تَفسِيرُ البَغَوِيِّ (مَعَالِمُ التَّنزِيل) (٧/ ١٦٥)، ط: دار طيبة للنَّشر وَالتَّوزيع.

(٢) تَفْسِيرُ ابنِ عَطِيَّةَ (الْمُحَرَّرُ الوَجِيزُ) (٥/ ٦)، ط: دار الكُتُبِ العِلميَّةِ.

واتە: ﴿فِي أَرْبَعَةِ أَيَّامٍ﴾ مەبەستی لەگەڵ دوو رۆژەکەی پێشوودایە، وە ئەمەش وەك ئەوەیە کە دەڵێیت: دیواری ماڵەکەم بە رۆژێك بنیات نا وە بە دوو رۆژ هەموویم تەواو کرد، واتە: بە رۆژی یەکەمیشەوە.

جا ئەمە یەك نمونەیەو نمونەش زۆرە بۆ کەسێك بیەوێ بەدوایا بچێت، کە پێویستیان بە کۆکردنەوەو روونکردنەوەیە، بەلاَم نەیاران بڕوایان پێیەتی بۆ قورئانی پیرۆزو نکۆڵی لێدەکەن بۆ سوننەت، بەڕاستی ئەمەش جگە لە دژیەکییو دژەوانە ناوێکی تر هەڵناگرێت، خودای گەورە هەر بۆ خۆی تەوفیقی بەندەکانی دەدات.

## پابەندکاری بیست و حەوت:

نەیارانی سوننەت دەڵێن: گێڕەرەوەی فەرموودەکان مرۆڤن‌و دەکرێت هەڵە بکەن لەکاتی گێڕانەوەی فەرموودە، جا بۆیە فەرموودەکان ڕەت دەکەینەوەو وەریناگرین.

دەڵێم: ئەوان بەم وتە عەیبارە کەوتوونەتە نێو سێ دژیەکییەوە ئەگەر هەستیان پێی کردبێت، یاخود نا، ئەوانیش:

- ئەوان بانگەشەی حوجیەتی عەقڵ دەکەن‌و بانگخوازی دەکەن بۆ ئەوەی بکرێتە بڕیاردەر بەسەر دەقەکانەوە، ئایا ئەو عەقڵەش ناکەوێتە نێو هەڵەو وەهمەوە، ئیتر چۆن بڕیارەکانی وەردەگرن؟
- ئەوان بەمەرجی دەگرن کە فەرموودە پێچەوانەی زانستە تەجریبییەکان نەبێت، وە دەبێت زانستە تەجریبییەکان سەلمێنەری بن ئەگینا وەریناگرن، جا ئەو پرسیارەی ڕووبەڕوویان دەبێتەوە ئەمەیە: ئایا ئەم زانستانە لە بازنەی گوماندا نین‌و، بە شێوەیەك نین کە یەقین نادەن بە دەستەوە؟ وە ئەو هۆکارانەشی کە دەرەنجامەکانیان لێوە بەدەست دێت هەموویان ئەگەری کەوتنە هەڵەو وەهمیان نیە؟ ئیتر چۆن قەبوڵتانە بکرێتە بڕیاردەر بەسەر سوننەتەوە؟
- ئایا هەر ئەو ڕاویانە نین قورئانی پیرۆزیان بە ئێمە گەیاندووە؟ جا ئەگەر گومانتان خستە سەر سوننەت، ئەکەونە تەنگەژەیەکی ناقۆلاَوە بەرامبەر قورئانی پیرۆز، قسەکەتان وادەخوازێت گومان بخەنە سەر قورئانی پیرۆزیش پەنا بە خوای گەورە.

وە هەروەها ئەم وتەیەی ئەوان لە هەمان چەشنی وتەی موشریکانە کە لە دژایەتی پێغەمبەران دەیانوت: ئێوەش وەك ئێمە مرۆڤن، وەك خوای گەورە چیرۆکەکەیانی تۆمار کردووەو دەفەرموێت:

﴿قَالَتْ رُسُلُهُمْ أَفِي ٱللَّهِ شَكٌّ فَاطِرِ ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ يَدْعُوكُمْ لِيَغْفِرَ لَكُم مِّن ذُنُوبِكُمْ وَيُؤَخِّرَكُمْ إِلَىٰٓ أَجَلٍ مُّسَمًّى قَالُوٓا إِنْ أَنتُمْ إِلَّا بَشَرٌ مِّثْلُنَا تُرِيدُونَ أَن تَصُدُّونَا عَمَّا كَانَ يَعْبُدُ ءَابَآؤُنَا فَأْتُونَا بِسُلْطَـٰنٍ مُّبِينٍ﴾

**(إبراهيم: ١٠)**

وە وەڵامی پێغەمبەران بۆ ئەوان بریتی بوو لە: ﴿قَالَتْ لَهُمْ رُسُلُهُمْ إِن نَّحْنُ إِلَّا بَشَرٌ مِّثْلُكُمْ وَلَـٰكِنَّ ٱللَّهَ يَمُنُّ عَلَىٰ مَن يَشَآءُ مِنْ عِبَادِهِۦ وَمَا كَانَ لَنَآ أَن نَّأْتِيَكُم بِسُلْطَـٰنٍ إِلَّا بِإِذْنِ ٱللَّهِ وَعَلَى ٱللَّهِ فَلْيَتَوَكَّلِ ٱلْمُؤْمِنُونَ﴾ **(إبراهيم: ١١)**

وە ئیبن قەیم دەڵێت: "وتەی ئەوانەی تانە لە سوننەت دەدەن بەوەی کە: دەکرێت ڕاویەکانی ئەم فەرموودانە درۆزن بن، یان هەڵە بکەن، هەر وەك وتەی دوژمنەکانیەتی: دەکرێت ئەوەی ئەم کتێبەی هێناوە شەیتانێکی درۆزن بێت"[1].

وە هەروەها لە کۆتاییدا دەڵێین: عیبرەت بە هەڵەکردنو نەکردنی نیە، بەڵکو عیبرەت بە مانەوەی هەڵەکەو ڕۆشتنی ڕاستیە لە فەرموودەکان، بۆیە دەبێ پرسیارەکە بە شێوەیەکی تر بکرێت: ئایا مەبەستی پێغەمبەر خواﷺ گەیشتووە یان نەگەیشتووە؟ هیچ گومانێك نیە لەوەی کە مەبەستی پێغەمبەرﷺ گەیشتووە، وە هەڵەیەکی کەمیش ئەگەر هەبووە بە ڕێساو بنەماکانی زانایانی فەرموودە جەبر بووەو نەماوە، وە لە دیارترینی ئەو ڕێسایانەش بریتیە لە بەراوردکاری زانایانی فەرموودە، لە نێوان گشت ڕێگاکان بۆ تاکە فەرموودەیەك تاوەکو دڵنیا ببنەوە لەوەی هەڵەی تێدا نیە.

تکام وایە پێش ڕەخنەگرتن لێکۆڵینەوەیەکی ورد بکرێت بۆ ئەو بنەمایانەی دانراون بۆ وەرگرتنو ڕەتکردنەوەی فەرموودەو، بە شێوەیەکی سادەو ساکار مامەڵە نەکرێت لەگەڵ ئەو هەموو ماندووبوونە، چون دوای لێکۆڵینەوەی ورد زۆر لە بۆچوونەکان دەگۆڕدرێن.

(١) مُخْتَصَرُ الصَّوَاعِقِ الـمُرسَلَةِ، (ص:٥٥٠).

## پابەندکاری بیست و هەشت:

دەبینین ڕۆهەڵاتناسانو ئەوانەی کە وەك ئەوان بیر دەکەنەوەو شوێن ڕێبازیان کەوتوون وەك نەیارانی سوننەت، وتەکانی سۆقراتو ئەفلاتونو ئەرستۆو جگە لەمان لە فەیلەسوفانی یۆنان بەوپەڕی دڵنیاییەوە دەگێڕنەوە، وە تەنانەت هەندێك لەم وتانە کاریگەی بەجێ هێشتووە لەسەر قوتابخانەی فەلسەفی نوێی ئەوروپا وەك "دایڤد هیوم" زۆرێك لە بۆچوونەکانی فەیلەسوفانی یۆنانی وەرگرتوەو پێیان کاریگەر بووە.

وە وێنەی ئەمە زانستی پزیشکی یۆنانی کۆن دەگوازنەوەو وتەکان دەدەنە پاڵ خاوەنەکانیانو تا سەدەکانی ناوەڕاستیش بەکاریان دەبردن لە ڕۆژئاوا.

وە هەروەها نەیارانی سوننەت لە عەرەب، ڕووداوە کۆنەکانی عەرەب دەگێڕنەوەو شیعری عەرەبی جاهیلی باس دەکەنو بڕوای تەواویان پێیانە، وە باسی ڕۆژگاری عەرەب دەکەن لە شەڕو ئاشتیو بواری سیاسیو کۆمەڵایەتییانو بڕیاری لەسەر دەدەن.

ئایا ئەمە دژیەکیی نیە لە ڕێبازو مەنهەج: بڕوایان بە شتانێك هەیە لە مێژوودا کە دەگەڕێتەوە بۆ هەزاران ساڵ (پێش لە دایك بوونی مەسیح)، وە بەدواداچوونی بۆ نەکراوەو بە شوێنیا نەڕۆشتوون (بە شوێنیشیا بڕۆن چۆنی ساغ بکەنەوە)، وە لەگەڵ ئەمەش سوننەت ڕەت دەکەنەوە سەرەڕای ئەو هەموو هەوڵە زۆرە لە کۆکردنەوەو نووسینەوەو بەدواداچونو وردەکارىو جیاکردنەوەی ڕاست لە ناڕاست، وە لەسەروی ئەمانەشەوە بە سەنەدی جێگیر بۆمان هاتووە؟

## پابەندکاری بیست و نۆ:

ئێمە نەیارانو گومان دروستکەران لەسەر سوننەت دەبینین، هیچیان پسپۆڕ نین لە بوارەکەدا، وە هەموویان (بە دەگمەن نەبێت)، یان ئەندازیارن یان دکتۆر یان پارێزەر یان ڕاوێژکار، یان هەر بڕوانامەیان نیە (خاوەن بڕوانامەکانیشیان زۆرینەیان لە زانکۆ ڕۆژئاواییەکان بڕوانامەیان هێناوەتەوە).

جا پرسیاری ئاڕاستەکراو بۆیان ئەمەیە: ئایا دەچێتە عەقڵەوە پسپۆڕان بە درێژایی زیاتر لە (1400) ساڵ شتێکی وەها گەورەیان لێشاردراوەبێت (حوجە نەبوونی فەرموودە)و، کەسانێك لەم کۆتاییانەدا بێنو ئاشکرای بکەن کە هیچیان پسپۆڕ نین لە بوارەکەدا؟

ئایا ئەوە وەرگیراوە لە جیهانی پزیشکیدا ئەگەر لەو ماوە زۆرەدا بابەتێکی گەورەو دیارو پێویست ون ببێت لە پسپۆڕانو، هەندێك کرێکار یان بازرگان بیدۆزنەوەو پەی پێ ببەن؟ هەر بەڕاستی ئەگەر بیر لەم پرسیارە بکەنەوە عەرشیان دەهەژێنێتو کۆتاییان پێ دەهێنێت.

## پابەندکاری سی:

گریمان وامان دانا کە سوننەتی پێغەمبەرﷺ ئیجتهادێکی کەسییە، لێرەوە دەپرسین: ئایا ئیجتیهادەکانی ڕاستن یان هەڵە؟ ئەگەر ڕاستبن ئەوا ئیتر مەبەستی شوێنکەوتنی هاتوەتە جێ، وە ئەگەر بڵێن: هەڵەبووە، ئایا خوای گەورە بۆی ڕاست دەکاتەوە یان لێی بێدەنگ دەبێت؟ وا خەیاڵ ناکەم عاقڵێك هەبێت جورئەتی بەڵێ بکات[1].

دەڵێم: ئەگەر ئەوان بڵێن: بەڵێ خودا بۆی ڕاست ناکاتەوە ئەوا هیچ جیاوازیەك نامێنێت لە نێوان پێغەمبەرﷺو مرۆڤێکی تر، وە ئەگەر بڵێن: بۆی ڕاست دەکاتەوە دەبێت شوێنی بکەون.

## پابەندکاری سی و یەك:

نەیارانی سوننەت ڕەخنەیان لە هەندێك فەرموودە گرتووەو ڕەتیان کردووەتەوە بەو بیانووەی کە عەقڵیان حیکمەتەکەی هەست پێ ناکاتو نایبڕێتو نایگرێت، وە لەم واقیعە هەست پێکراوەش نمونەیەکیان بۆ نەدیوەتەوە تا بڕوای پێ بێنن.

لە ڕاستیدا ئەگەر ئەوان ڕاستیان بکردایە لەگەڵ ئەوەی دەڵێن عەقڵ حوجەیە، وەها ڕەخنەیەکیان نەدەگرت، چون عەقڵی مرۆڤ توانای پەی بردنی بە هەموو شتێك نیەو توانای پەی بردنی سنووردارە، وە هیچ کەسێکی عاقڵیش نیە بڵێت: عەقڵ توانای پەی بردنی بە هەموو شتێك هەیە.

عەقڵی مرۆڤ بێ توانایە لە پەی بردن بەو واقیعە بینراوەو تەفسیرکردنی هەندێك ڕووی، چ جای بگات بە بابەتە غەیبیەکانو ئەو شتانەی لە دەرەوەی گەڕانو دۆزینەوەن، وە دۆخی مرۆڤ بەرامبەر هەندێك باسو خواسی گەردوون هەر وەك حاڵی کۆرپەیە لە سکی دایکیدا، یان کەسێکی کۆتکراو لە شوێنێکی دوور بۆ ماوەی سەد ساڵ، یەکەمیان ئەگەر عەقڵو ئیدراکی هەبێتو بتوانێت قسە بکات،

---

(1) ئەم پابەند کەرەم وەرگرتووە لە مامۆستای بەڕێز دکتۆر عوسمان هەڵەبجەیی لە لێدوانێکی لەسەر کتێبی (الجِنَايَةِ عَلَى الشَّافِعِيِّ).

ئێمەش پرسیاری لێبکەین دەربارەی تەفسیرکردنی ئەم واقیعەی تێیدا دەژین، ناتوانێت دەربارەی یەك شتی قسە بکات، چون لەو واقیعەدا نەژیاوەو کەسێکی ڕاستگۆش هەواڵی پێ نەداوە دەربارەی، بۆیە توانای تەسەورکردنی سنووردارە.

وە دووەمیش ئەگەر پرسیاری کۆمەڵێك شتی لێبکەیت کە لەماوەی زیندانی ئەودا گۆڕاون، ناتوانێت تەسورو تەفسیری بکات چون ئەو دووربووە لە ڕوودانی ئەم شتە نویێو داهێنراوە سەیرانە.

باشە چی دەبێت ئەگەر ئەو شتانەیان ڕەت کردەوەو نکۆڵی بونیان کرد لەکاتێکدا لە واقیعی خۆیان نمونەیان بۆی نەدیوەو لەم واقیعەی خۆشماندا بوونیان هەیە؟ بێگومان ئەم کارەیانت لا سەیرەو ڕەخنەیان لێدەگریت، چون هەندێك شتیان ڕەت کردووەتەوە کە نابێت ڕەت بکرێتەوە.

جا ئەمەش حاڵی تێکڕای مرۆڤە لە هەموو سەردەمێکدا، وە لە ئەمڕۆدا هەندێك شت دەبینیتو لات ئاساییە، ئەگەر بێتو پێش سەد ساڵ باست بکردایە بێگومان لە ڕیزی شێتان هەژمار دەکرایت.

**پابەندکردن لێرەدا ئەوەیە:** پەی نەبردن بە شتێكو نەزانینی ناکرێتە بڕیاردەر بەسەریەوە، بەڵکو کەسێك نەزانبێت بە شتێك پێویستە لەبەرامبەریدا بیدەنگ بێتو بوەستێت، نەك خۆی بە گەورە بزانێتو سەرکەشی بکاتو ڕەتی بکاتەوە.

ئەمەش هەر وەك ئەوەیە کە پێشەوا ئەبو حاتەم فەرمویەتیو ئاماژەی پێداوە، پێشەوا ئیبن حیبان لێوەی دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: (وَلَيْسَ جَهْلُ الْإِنْسَانِ بِالشَّيْءِ دَالًّا عَلَى نَفْيِ الْحَقِّ عَنْهُ لِجَهْلِهِ بِهِ)[1].

واتە: نەزانی مرۆڤ بە شتێك بەڵگەی حەق نەبوونی نیە لەبەر ئەوەی کە ئەو نایزانێت.

وە هەروەها پێشەوا ئیبن عەبدولبەر لە شەیخی موعتەزیلە نەززامەوە شتێکمان بۆ دەگێڕێتەوە کە گوزارشت لە هەمان مانا دەکاتو دەڵێت: ئەبو ئیسحاق ئیبراهیمی کوڕی سەییار دەڵێت: لە گەنجێتیم

---

(١) صحيحُ ابنِ حبَّانَ (١٤/ ٣٣)، تحتَ رقْمِ: (٦١٦٢).

دا پێم گەیشتبوو کە پێغەمبەرﷺ ڕێگری کردووە لە بەرەڵاکردنی سەری (قِرْبَة)[1] و ئاو لێخواردنەوەی.

منیش ئەموت: ئەم فەرموودە جۆرێکە! ئاو خواردنەوە لەو کونەیە چی تێدایە تا ڕێگری لێبکرێت؟ کە پێی وترا: پیاوێك لەو کونەیە ئاوی خواردووەتەوە، مارێك پێوەی داوەو مردووە، وە مار دەچێتە نێو سەری کونەکەوە، ئیتر زانیم: «أَنَّ كُلَّ شَيْءٍ لَا أَعْلَمُ تَأْوِيلَهُ مِنَ الحَدِيثِ أَنَّ لَهُ مَذْهَبًا وَإِنْ جَهِلْتُهُ»[2].

واتە: هەر شتێك کە لە ماناکەی تێنەگەم لە فەرموودە، ڕێگەیەکی هەیە ئەگەر چی منیش نەیزانم.

ئەگەر مرۆڤ هەر شتێك عەقڵی نەیگرت ڕەتی بکاتەوە، ئەوا هیچ مانایەك نامێنێتەوە بۆ ئایین، چون ئایین -هەر ئاینێك بێت- دەبێت هەندێك شتی تێدا بمێنێتەوە بە نەزانراویو پەی پێ نەبراوی ئەگەر نا هیچ مانایەك بۆ ئایین نامێنێتەوە، وە ئەمەش باس دەکەین لە داهاتوودا بە ویستی خوای گەورە.

وە لەلایەکی تریشەوە بەم ڕەخنەیە ڕێگا دەکەینەوە بۆ هەر کەسێك بیەوێت تانەو تەشەر بگرێتە قورئانی پیرۆز، بەو بیانووەی کە عەقڵی هەندێك لە ئایەتەکانی ناگرێت.

## پابەندکاری سی و دوو:

نەیارانی سوننەت نکۆڵی دەکەن لە کۆکردنەوەی فەرموودەکانو تەفسیر کردنی هەندێکیان بە هەندێکی تر، ئەوان یەك فەرموودە وەردەگرن بە تەنیاو دایدەبڕن لە فەرموودەکانی تر، وە ئەگەر فەرموودەکان کۆ بکەیتەوەو پێکەوە ماناکەی بەیان بکەیت، ئەو ڕێگەیە -کە ڕێگەیەکی کار پێکراوە لە ڕێبازی زانستی- ناوی دەنێن جوانکاریو لە مەبەست لادانو پینەکردن، وە بەم بیانووەش زۆر فەرموودەیان ڕەت کردووەتەوەو ڕەتی دەکەنەوە.

---

(١) لە پێست دروست دەکرێتو ئاو و شیرو شتی تێدا هەڵدەگیرێت، لە زمانی کوردیدا بەرامبەر ئەو وشەیە: (کونە) بەکار دەبەین بۆ ئاو، وە بۆ ڕۆن (هیزە)و بۆ دۆ (مەشکە).

(٢) جَامِعُ بيَانِ العِلْمِ وَفَضْلِهِ (٢/ ١١٩٥)، بِرقْمِ: (٢٣٥٦)، وَالحَيَوَان للجَاحِظِ (٤/ ٣٩٠).

**پابەند کردن بەوە دەبێت:** چۆن ئەم ڕێگەیەتان قەبوڵە بۆ قورئانی پیرۆزو ڕەتی دەکەنەوە بۆ سوننەت، وە ئەگەر ڕەتیان کردەوە بۆ قورئانیش ئەوا ئەوپەڕی هەڵەیەو دەیانخاتە مەترسیەوە، چون لە قورئانی پیرۆزیش کۆمەڵێك ئایەت دەبینین ماناکەی ڕوون نابێتەوە بەبێ ئەم ڕێگەیە، بۆ نمونە: کتێبی یەکێك لە بێ دینەکانم دەخوێندەوە، ڕەخنەی لە وتەی خوای گەورە دەگرت، کە دەفەرموێت:

﴿قَالَ رَبِّ ٱجْعَل لِّيٓ ءَايَةٗۖ قَالَ ءَايَتُكَ أَلَّا تُكَلِّمَ ٱلنَّاسَ ثَلَٰثَ لَيَالٖ سَوِيّٗا ١٠ فَخَرَجَ عَلَىٰ قَوْمِهِۦ مِنَ ٱلْمِحْرَابِ فَأَوْحَىٰٓ إِلَيْهِمْ أَن سَبِّحُوا بُكْرَةٗ وَعَشِيّٗا﴾

(مريم: ١٠ - ١١ )

ڕەخنەی لەم ئایەتە دەگرتو دەیوت: چۆن فەرمانی بە زەکەریا کردووە قسە نەکات سێ ڕۆژ، پاشان دەڵێت: زەکەریا لە میحرابەکەی چووە دەرەوەو فەرمانی پێ کردن زیکرو تەسبیح بکەن؟ چۆن قسە نەکردنو فەرمان کردن بە یادی خودا پێکەوە کۆ دەبنەوە؟

دەڵێم: وەڵامی ئەمە زۆر ئاسانە لەسەر کەسێك خودای گەورە بۆی ئاسان کردبێت، وە شتێك لە زمانی عەرەبی بزانێتو ورد ببێتەوە لە ئایەتەکانی خوای گەورە، وە هەندێکی نەکات بە گژ هەندێکی تردا.

وە ئەگەر ورد ببێتەوە لە وتەی خوای گەورە: (فَأَوْحَىٰٓ إِلَيْهِمْ)، دوای ئەوەی مانا زمانەوانیەکەی دەزانێت، ئەوا نەنگیو لاڕێیی لەسەر لادەچێت، چون یەکێك لە ماناکانی (الوَحْي) لە زمانی عەرەبیدا بریتیە لە ئاماژەو حەرەکەی خێرا، هەر وەك خەلیلی فەراهیدی دەفەرموێت: "وَزَكَرِيَّا أَوْحَى إِلَى قَوْمِهِ، أَيْ: أَشَارَ إِلَيْهِمْ. وَالإِيْحَاءُ: الإِشَارَةُ"[1].

واتە: زەکەریا وەحی کرد بۆ گەلەکەی، واتە: ئاماژەی بۆ کردن. وەحی کردن: ئاماژەکردن.

وە پێشەوا ئیبن دورەیدی ئەزدی دەڵێت: "وەحی لە خودای گەورەوە: هەواڵو ئیلهامە، وە لە خەڵکیەوە: ئاماژەیە. خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَأَوْحَى رَبُّكَ إِلَى النَّحْلِ﴾، وە لە چیرۆکی زەکەریادا دەفەرموێت: ﴿فَأَوْحَى إِلَيْهِم أَنْ سَبِّحُوا بُكْرَةً وَعَشِيًّا﴾"[2].

(١) العَيْنُ للخليلِ (٣/ ٣٢٠).

(٢) جَمْهرةُ اللُّغَةِ لابنِ دُرَيْدٍ (١/ ٢٣١).

وە لەم بارەیەشەوە شیعری عەرەبی زۆر هاتووە، کەسێك بیەوێ دەتوانێت بۆی بگەڕێتەوە لە کتێبەکانی زمانو فەرهەنگ.

دوای ئەوەی مانای زمانەوانی وشەکەمان زانی، تەفسیرەکەشی لە ئایەتێکی تردا ڕوون دەبێتەوە هەر لە چیرۆکی زەکەریا، ئەویش خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿قَالَ رَبِّ ٱجْعَل لِّيٓ ءَايَةً قَالَ ءَايَتُكَ أَلَّا تُكَلِّمَ ٱلنَّاسَ ثَلَـٰثَةَ أَيَّامٍ إِلَّا رَمْزًا وَٱذْكُر رَّبَّكَ كَثِيرًا وَسَبِّحْ بِٱلْعَشِيِّ وَٱلْإِبْكَـٰرِ﴾ (آل عمران: ٤١)

بەمەش ڕوون دەبێتەوە کە زەکەریا ئاماژەی بۆ کردوون یادی خودا بکەنو بە حەرەکە تێی گەیاندوون، نەك بە قسەو گوفتار.

جا لێرەوە دەزانین ڕەت کردنەوەی ئەم ڕێگە مەعقولە لە مامەڵەکردن لەگەڵ سوننەتدا، مەترسیە بۆ قورئانی پیرۆزیش، وە ئەگەر بۆ سوننەت ڕەتی بکەنەوەو بۆ قورئانی وەرگرن، بەڕاستی ئەمەش لە دژیەکییەك زیاتر نیە لە مەنهەجی ئەواندا.

****************

دوای ئەو پابەندکەرانەی هێنامانو ڕابورد دەمانەوێت لەمەودوا تیشك بخەینە سەر جۆرێکی تر لە پابەندکار کە زۆر گرنگنو هەموویان لە یەك تەوەرەن، ئەویش:

زۆر بەڵگە هەن کە دەلالەت دەکەن لە سەر ئەوپەڕی ڕاستگۆیی ڕاویەکانو ئەمانەتیان لەگەیاندنی فەرموودەکان بەو شێوەی کە هاتووە بەبێ هیچ دەستکاریەك، جا لێرەدا بە شێوەیەکی کورتو پوخت ئەو بەڵگانە باس دەکەینو ڕێگا دەکەینەوە بۆ لێکۆڵەرەوەکان بەڵکو تێیدا بنووسنو حەقی خۆی بدەنێ، وە هەر یەك لەمانە پابەندکارێکە بۆ نەیارانی سوننەتو ناچاریان دەکات دان بنێن بە پاکی ڕاویەکانو سەلامەتی کارەکانیان لە نەنگی شەهوەو چاڵایی هەوا.

## پابەندکاری سی و سێ:

یەکێك لە هەرە بەڵگە بەهێزەکانی ڕاستگۆیی ڕاویەکانو پاکێتیان لە ریوایەت، بوونی ریوایەتی کوڕە لە باوکیەوە بە واسیتەی کەسێك. ئەگەر ڕاوی لە باوکیەوە ڕاستەوخۆ ریوایەت بکات بەبێ

واسیتە کێ گومانی لێدەکات؟ بەڵام ئەمانەت لە گەیاندنی فەرمودەی پێغەمبەرﷺو خیانەت نەکردن لێی وادەخوازێت وەهای بگێڕێتەوە کە بیستویەتی، جا بۆیە فەرموودەکە لە باوکیەوە دەگێڕێتەوە لە ڕێگەی کەسێکی ترەوە، هەر وەك هاتووە لە سەحیحی موسلیم فەرموودەی سوهەیلی کوڕی ئەبی سالیح لە باوکیەوە بە واسیتەی عەبدوڵای کوڕی دینار: حَدَّثَنَا زُهَيْرُ بْنُ حَرْبٍ، حَدَّثَنَا جَرِيرٌ، عَنْ سُهَيْلٍ، عَنْ عَبْدِ الله بْنِ دِينَارٍ، عَنْ أَبِي صَالِحٍ، عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ، قَالَ: قَالَ رَسُولُ الله ﷺ: «الْإِيمَانُ بِضْعٌ وَسَبْعُونَ - أَوْ بِضْعٌ وَسِتُّونَ - شُعْبَةً، فَأَفْضَلُهَا قَوْلُ لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ، وَأَدْنَاهَا إِمَاطَةُ الْأَذَى عَنِ الطَّرِيقِ، وَالْحَيَاءُ شُعْبَةٌ مِنَ الْإِيمَانِ»[1].

جا ئەمە لەکاتێکدا روایەتی سوهەیل لە باوکیەوە سابتەو جێگیرەو زۆر فەرموودەی لێ بیستووەو گێڕاویەتیەوە بەبێ هیچ واستەیەك، لەوانە لە موسنەدی پێشەوا ئەحمەدا هاتووە: حَدَّثَنَا سُفْيَانُ، حَدَّثَنَا سُهَيْلُ بْنُ أَبِي صَالِحٍ، عَنْ أَبِيهِ، عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ: جَاءَ نِسْوَةٌ إِلَى رَسُولِ الله ﷺ، فَقُلْنَ: يَا رَسُولَ الله، وَالله مَا نَقْدِرُ عَلَيْكَ فِي مَجْلِسِكَ مِنَ الرِّجَالِ، فَوَاعِدْنَا مِنْكَ يَوْمًا نَأْتِيكَ فِيهِ. قَالَ: " مَوْعِدُكُنَّ بَيْتُ فُلَانٍ ". وَأَتَاهُنَّ فِي ذَلِكَ الْيَوْمِ، وَلِذَلِكَ الْمَوْعِدِ.."[2].

وە نمونەیەکی تر: حَدَّثَنَا سُفْيَانُ، عَنْ حَمْزَةَ بْنِ الْمُغِيرَةِ، عَنْ سُهَيْلِ بْنِ أَبِي صَالِحٍ، عَنْ أَبِيهِ، عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ، عَنِ النَّبِيِّ ﷺ: "اللهُمَّ لَا تَجْعَلْ قَبْرِي وَثَنًا، لَعَنَ اللهُ قَوْمًا اتَّخَذُوا قُبُورَ أَنْبِيَائِهِمْ مَسَاجِدَ"[3].

بەڵام ئەمانەت لە گەیاندنی فەرموودەکانی پێغەمبەر ﷺ لەلای ئەو گەورەیەو ئەو فەرموودانەی بە واسیتەی کەسێك لە باوکی گێڕاوەتەوە، نایداتە پاڵ باوکی ڕاستەوخۆو واسیتەکە باس دەکات.

---

(١) رواهُ مُسْلِمٌ (١/ ٦٣) بِرَقْم: (٣٥)، وابنُ أبي شيبةَ في المصنَّفِ (٥/ ٢١٢)، بِرَقْم: (٢٥٣٣٩)، وأحمدُ في المسندِ (١٥/ ٢١٢) بِرَقْم: (٩٣٦٠).

(٢) رواهُ أحمدُ في المسندِ (١٢/ ٣١٣) بِرَقْم: (٧٣٥٧).

(٣) رواهُ أحمدُ في المسندِ (١٢/ ٣١٤) بِرَقْم: (٧٣٥٨).

وە هەروەها دەبینین عەبدوڵای کوڕی پێشەوا ئەحمەد، فەرموودە لە باوکیەوە دەگێڕێتەوە بە واسیتەی موهەننای کوڕی یەحیای شامیو جگە لەمیش، سەرەڕای ئەوەی کە هەموو فەرموودەکانی موسنەدی لە باوکیەوە گێڕاوەتەوە کە نزیکی (40,000) فەرموودەیە.

باشە کەسێك ئەم ژمارە زۆرەی لە باوکیەوە بیستبێتو بیگێڕێتەوە، کێ گومانی لێدەکات ئەگەر یەك فەرموودەش بە واسیتە نەگێڕێتەوەو ڕاستەوخۆ هەمووی بداتە پاڵ باوکی؟ هیچ گومانی تێدا نیە کە ئەمە لە دیارترینی بەڵگەکانە لەسەر ڕاستگۆیی ڕاویەکانو ئەمانەتیان لە گەیاندنی فەرموودەی پێغەمبەری خوا ﷺ بەو شێوەی پێیان گەیشتووە.

## پابەندکاری سی و چوار:

یەکێکی تر لەو بەڵگانە بریتیە لە ریوایەتی مامۆستا لە قوتابیەکەیەوە، ئەگەر بە گشتگیر تر بڵێین ریوایەتی بچووك لە گەورەوە[1]، دەبینین هەندێك لە پێشەوا گەورەکانی فەرموودە ریوایەتیان کردووە لە کەسانێك کە لە خوارووی خۆیانەوەبوون، یان قوتابیان بوون یان لە تەبەقەو ئاستی قوتابیەکانیاندا بوون.

لە ناو هاوەڵاندا دەبینین جابری کوڕی عەبدوڵا ریوایەت دەکات لە ئوم کولسومی کچی "ئەبو بەکر"ەوە ئەویش لە عائیشەوە، لەکاتێکدا ئوم کولسوم تابعیەو لە سەحابە نیە، وە جابر سەحابەیە، هەر وەك پێشەوا موسلیم دەگێڕێتەوە: عَنْ جَابِرِ بْنِ عَبْدِ الله، عَنْ أُمِّ كُلْثُوم، عَنْ عَائِشَةَ زَوْجِ النَّبِيِّ ﷺ قَالَتْ: إِنَّ رَجُلًا سَأَلَ رَسُولَ الله ﷺ عَنِ الرَّجُلِ يُجَامِعُ أَهْلَهُ ثُمَّ يُكْسِلُ هَلْ عَلَيْهِمَا الْغُسْلُ؟ وَعَائِشَةُ جَالِسَةٌ. فَقَالَ رَسُولُ الله ﷺ: «إِنِّي لَأَفْعَلُ ذَلِكَ، أَنَا وَهَذِهِ، ثُمَّ نَغْتَسِلُ»[2].

(١) لە کتێبی (مِرْعَاةُ الـمَفَاتِيح) (١/ ٤٠٠) دەڵێت: "ئەوەیە کە ڕاوی ریوایەت بکات لە کەسێکی خوار خۆیەوە لە تەمەن، یان لە ئەندازەی لەبەرکراوو زانست، یان لە هەردووکیان، وەك ریوایەتی زوهری لە مالیك، وە ریوایەتی مالیك لە عەبدوڵای کوڕی دینار، وە ریوایەتی باوك لە منداڵو، سەحابە لە تابعینو، مامۆستا لە قوتابیەکەشی لەم جۆرەیە".

(٢) رواهُ مُسلِمٌ (١/ ٢٧٢)، بِرَقْمِ: (٣٥٠).

نمونەیەکی تر پێشەوا نەوەوی دەربارەی پێشەوا ئەوزاعی دەفەرموێت: "ریوایەتی کردووە لە گەورە تابیعیەکانەوە، وە قەتادەو زوهریو یەحیای کوڕی ئەبی کەسیر ریوایەتیان لێوەی کردووە، لە کاتێکدا ئەوان لە گەورەی تابیعیەکانن‌و ئەو خۆی تابیعی نیە، ئەمە لە ریوایەتی گەورەیە لە بچوکەوە"[1].

وە گومانی تێدا نیە کە پلەی ئەو سیانە بەرزترە لە ئەوزاعی وە تەمەنیشیان گەورەترە، وە لەگەڵ ئەوەش ریوایەتی لێوە دەکەن.

عەلامە مەلا عەلی قاری دەربارەی پێشەوا مالیك دەڵێت: "زوهری ریوایەتی لێوەی کردووە، لە کاتێکدا مامۆستایەتیو لە گەورەو بەڕێزەکانی تابیعینە، ئەمەش لە ریوایەتی گەورەیە لە بچوکەوە"[2].

گومان ناکەم دوای بینینی ئەم جۆرە کەسێك هەبێت گومانی هەبێت لە ڕاستگۆیی راویەکان، چون بەڵگەیە لەسەر ڕاستگۆییو خۆ بە کەم زانیو پاکی نێتیان، کاتێك ریوایەت دەکەن لە کەسانێك کە لە خوار خۆیانەوەن لە تەمەن یان لە ڕووی زانستەوە، یان لە هەردووکیان.

## پابەندکاری سی و پێنج:

یەکێکی تر لەو بەڵگە بەهێزانە بریتیە لە بوونی زۆر بابەتی فیقهی کە شەرع ناسان لەسەری کۆکن‌و هیچ بەڵگەیەکیشی لەسەر نیە، نە لە قورئان نە لە سوننەت، وە پرسیارێکی لۆژیکی لێرەوە دروست دەبێت: ئەگەر فەرموودەکان دروستکراوی راویەکانن (وەك زۆرێك لە نەیاران دەیڵێن‌و لە دەوری ئەم قسەیە دەخولێنەوە) بۆچی نەهاتوون فەرموودە دروستکەن بۆ ئەم باسانە، کە لەسەری کۆکن‌و ڕاجیایی نیە لە نێوانیان، وە بەڵگەشی لەسەر نیە؟

بێگومان ئەمە گەورەترین بەڵگەی ڕاستگۆیی راویەکان‌و پاراستنی سوننەتە، وە هەموو کەسێکی داد ملی بۆ کەچ دەکات.

نمونەی ئەم باسە فیقهیانە، وەك ئیبن قودامەی حەنبەلی دەڵێت: "**نازانین هیچ ڕاجیاییەك هەبێت** لەسەر دروستی دەست نوێژ گرتن لە ئاوێك شتێکی پاکی تێکەڵ بوبێت‌و ڕەنگەکەی نەگۆڕیبێت"[1].

(١) شرحُ مُسلِمٍ (١/ ٨٥).

(٢) مِرقَاةُ المفَاتيحِ (١/ ٢١).

وه هەروەها ئەوەی ئیبن موفلیح له قورتوبییەوه دەیگێڕێتەوه هەر لەم باسەیە: "قورتوبی دەڵێت: **زانایان یەك دەنگن** لەسەر ئەوەی ئەگەر پێویستیەك ڕووی کرده موسوڵمانان دوای دەرکردنی زەکات، ئەوا واجبه لەسەریان پارەی بۆ تەرخانکەن"[2].

وه هەروەها ئەوەی پێشەوا سەرەخسی دەیڵێت لەبارەی نوێژخوێنەوه که هەستێت به سڕینی تویڵی ئەگەر شتێکی ئازار بەخش لکا پێیەوه: "ئەگەر تویڵی بسڕێت لەو خۆڵەی پێوەیەتی پێش ئەوەی له نوێژەکەی ببێتەوه کێشەی نیە، چون شتێکی بەسووده، وه لکانی خۆڵ به تویڵیەوه جۆرێکه له موسلە، وه ڕەنگه ئەو پوش‌و بەڵاشەی لکاوه به تویڵیەوه ئازاری بدات، کێشەی تێدا نیه ئەگەر تویڵی بسڕێت کاتێك سەری بەرزکردەوه له سوجدەی کۆتایی، **وه هیچ ڕاجیاییەکی تێدا نیه که بێ کێشەیە**"[3].

وه ئیمامی حەرەمەین دەفەرموێت: "**زانایان یەك دەنگن** لەسەر ئەوەی دایك گشت داپیرەکان حەجب دەکات (بێ بەشیان دەکات له میرات)" [4].

وه هەروەها به ڕەوابینینی (عەول) له میرات، هەروەك ئیبن قودامه دەڵێت: "نازانین هیچ ڕاجیاییەك هەبێت له نێوان شەرع ناسان لەسەر ڕەوایەتی عەول"[5].

وه زۆر بابەتی تر له میرات که بەڵگەی لەسەر نیه له قورئان‌و سوننەت‌و زانایان لەسەری کۆکن، وه چەندین نمونەی تر که گەیشتوەته ئاستێك هەژمار ناکرێت، وه هەرکەسێك سەیری کتێبە فیقهیەکان بکات سەدان نمونه دەبینێت لەم جۆره. خودای گەورە هەر خۆی تەوفیق دەدات بۆ ڕاستی‌و هیدایەتدەره بۆ ڕێگەی ڕاست.

## پابەندکاری سی و شەش:

---

(١) المُغني لابنِ قُدامَةَ (١/ ١٣).

(٢) الفُرُوعُ لِابنِ مُفلِحٍ (٤/ ٣٠٨).

(٣) المبسُوطُ للسَّرخسيِّ (١/ ٢٧).

(٤) نِهَايَةُ المطلَبِ لِإمَامِ الحَرَمينِ (٩/ ٧٨).

(٥) المُغني لابنِ قُدامَةَ (٦/ ٢٨٣).

دەكرێت لەوەی پێشووە پابەندكارێكی تر دەربێنینو بڵێین: زۆری مەزهەبە فیقهیو بیروباوەڕیەكانو كێشمەكێشمیان لە نێوانیاندا ڕێگر بووە لەوەی كە دەستكاری فەرموودەكان بكرێت بە زیادو كەم، چون ئەگەر یەكێك لەم مەزهەبانە یان تاكێك لە تاكەكانی هەستایە بە وەها كارێكو فەرموودەیەكی درووستكردبایە، یان بەشێكی گۆڕیبایە بە زیادو كەم، ئەوا مەزهەبو ڕێچكەكانی تر لە كەمیندا دەبوونو وەڵامیان دەدایەوەو بێدەنگ نەدەبوون لە وەها كارێك، وە ئەمەش تەواو ڕوونو ئاشكرایە بۆ كەسێك كەمترین بەرچاوڕوونیو گرنگیدانی بۆ مێژووی ئەم تاقمانەو ڕەدو ردودیان هەبێت لەسەر یەكتر.

بۆیە دەڵێین: سوننەت بەو شێوەیە هاتووە كە هەبووە بەبێ هیچ دەستكاریەك، خوای گەورەش زاناترە.

## پابەندكاری سی و حەوت:

یەكێكی تر لە بەڵگەكانی ڕاستگۆیی راویەكان: بە سەریح نەوتنی ئەو لەفزو وشانەی كە لێی دڵنیا نەبوونو گومانیان لێی هەبووە، بەڕاستی ئەمە بەڵگەیەكی زۆر ئاشكراو دیارە لەسەر ڕاستگۆییو ڕەچاوكردنی ئەمانەت لە گەیاندنی سوننەت، جا ئەگەر لە ناو هاوەڵاندابوبێت یان لە تەبەقەكانی تر لە ڕاوی فەرموودەكان، كە هەموویان پارێزگارییان كردووە لە گێڕانەوەی فەرموودەكە بە بێ جەختكردنەوە لەوەی كە گومانیان هەبووە، جا ئەگەر ئەوان هەڵبەستنی فەرموودە یان بازار گەرم كردنیان بویستایە ئەوا پێویست بوو ئەو بەشەی دەلالەت لە گومان دەكات لایبەن، بۆ ڕازاندنەوەو جوانكردنی كارەكە. بەڵام گەیاندن بە ئەمانەتو گێڕانەوە بە ڕاستگۆییو مەترسی هەڵبەستنی قسە لە سەر پێغەمبەرﷺ ڕێگریان لێدەكات لە وەها كارێك.

نمونە لەسەر ئەمە زۆر زۆرەو من لێرەدا یەك نمونە باس دەكەم ئەویش لە سەحیحی بوخاریدا هاتووە: حَدَّثَنَا مُوسَى بْنُ إِسْمَاعِيلَ، قَالَ: حَدَّثَنَا وُهَيْبٌ، قَالَ: حَدَّثَنَا هِشَامٌ، عَنْ فَاطِمَةَ، عَنْ أَسْمَاءَ، قَالَتْ: أَتَيْتُ عَائِشَةَ وَهِيَ تُصَلِّي فَقُلْتُ: مَا شَأْنُ النَّاسِ؟ فَأَشَارَتْ إِلَى السَّمَاءِ، فَإِذَا النَّاسُ قِيَامٌ، فَقَالَتْ: سُبْحَانَ اللهِ، قُلْتُ: آيَةٌ؟ فَأَشَارَتْ بِرَأْسِهَا: أَيْ نَعَمْ، فَقُمْتُ حَتَّى تَجَلَّانِي الغَشْيُ، فَجَعَلْتُ أَصُبُّ عَلَى رَأْسِي المَاءَ، فَحَمِدَ اللهَ-عَزَّ وَجَلَّ-النَّبِيُّﷺ وَأَثْنَى عَلَيْهِ، ثُمَّ قَالَ: "مَا مِنْ

شَيْءٍ لَمْ أَكُنْ أُرِيتُهُ إِلَّا رَأَيْتُهُ فِي مَقَامِي، حَتَّى الجَنَّةُ وَالنَّارُ، فَأُوحِيَ إِلَيَّ: أَنَّكُمْ تُفْتَنُونَ فِي قُبُورِكُمْ - مِثْلَ أَوْ - قَرِيبَ - **لاَ أَدْرِي أَيَّ ذَلِكَ قَالَتْ أَسْمَاءُ** - مِنْ فِتْنَةِ المَسِيحِ الدَّجَّالِ، يُقَالُ مَا عِلْمُكَ بِهَذَا الرَّجُلِ؟ فَأَمَّا المُؤْمِنُ أَوِ المُوقِنُ - **لاَ أَدْرِي بِأَيِّهِمَا قَالَتْ أَسْمَاءُ** - فَيَقُولُ: هُوَ مُحَمَّدٌ رَسُولُ اللهِ، جَاءَنَا بِالْبَيِّنَاتِ وَالهُدَى، فَأَجَبْنَا وَاتَّبَعْنَا، هُوَ مُحَمَّدٌ ثَلاَثًا، فَيُقَالُ: نَمْ صَالِحًا قَدْ عَلِمْنَا إِنْ كُنْتَ لَمُوقِنًا بِهِ. وَأَمَّا المُنَافِقُ أَوِ المُرْتَابُ - **لاَ أَدْرِي أَيَّ ذَلِكَ قَالَتْ أَسْمَاءُ** - فَيَقُولُ: لاَ أَدْرِي، سَمِعْتُ النَّاسَ يَقُولُونَ شَيْئًا فَقُلْتُهُ"[1].

وە لە ڕوویەکی ترەوە هەندێك جار دەبینی ئەو بەشەی کە گومانی تێدایە هی ڕاویەکی دیاریکراوە، بەڵام لەلای کۆمەڵێك راوی تر ڕوون کراوەتەوەو ئاشکرایە، کەچی لەگەڵ ئەمەش ئەو ڕاویەی تر نەهاتووە هەواڵەکە ڕاست بکاتەوە، چون ئەمانەت وای خواستووە چۆنی بیستووە وەهای بگێڕێتەوە بەبێ هیچ دەستکاریەك.

نمونەی ئەمەش ئەوەیە کە ئەبو مینهال سەییاری کوڕی سەلامە لە ئەبو بەرزەی ئەسلەمیەوە فەرموودەیەکمان دەربارەی کاتەکانی نوێژ بۆ دەگێڕێتەوەو، لە کاتی مەغریبدا دەڵێت: "..وَنَسِيْتُ مَا قَالَ فِي الـمَغرِبِ.."[2].

واتە: بیرم چوویەوە چی وت دەربارەی مەغریب.

ئەمە لەگەڵ ئەوەدا کە لە چەندین فەرموودەدا کاتی مەغریب دیاربکراوەو چەندین راوی دەیگێڕنەوە کە کاتەکەی لە کەوتنی خۆردا دەبێت، وەك هاتووە لە جابری کوڕی عەبدولاوە: "..وَالـمَغرِبَ إِذَا وَجَبَتْ.."[3].

واتە: مەغریب کاتێك خۆر داکەوت.

(١) رَوَاهُ البُخَارِيُّ (١/ ٢٨) بِرَقْم: (٨٦).

(٢) رَوَاهُ البُخَارِيُّ (١/ ١١٤)، بِرَقْم: (٥٤١).

(٣) رَوَاهُ البُخَارِيُّ (١/ ١١٦)، بِرَقْم: (٥٦٠).

جا ئەگەر ڕاوی ڕاستگۆ ئەبو مینهال یان دوای ئەبو مینهال بیویستایە ئەوەی بیری چووە ڕاستی بکاتەوە، ئەوا ڕاستی دەکردەوە بە فەرموودەکەی جابرو دەیدایە پاڵ ئەبو بەرزەی ئەسلەمی، بەڵام نەیکرد چون کارەکە ئایینەو ئەمانەتە.

## پابەندکاری سی و هەشت:

لەو بەڵگانە: بوونی هەندێك ئیسنادی درێژە کە ئەو ڕاویانە دەیانتوانی کورتی بکەنەوە ئەگەر خیانەتیان بویستایە، وەك دەبینین ڕیوایەتی مالیك لە نافیعی مەولای ئیبن عومەرەوە جێگیرە، بەڵام هەندێك جار ئیسنادەکەی دادەبەزێتو بە واسیتەی دوو کەس لێوەی دەگێڕێتەوە، وەك دەبینین ڕیوایەتی لێوە دەکات بە واسیتەی زوهری لە سالمەوە لە عەبدوڵای کوڕی عومەرەوە. وە بە واسیتەی عومەری کوڕی موحەممەدی کوڕی زەید لە سالمەوە لە ئیبن عومەرەوە.

یان هەندێك جار ریوایەتەکانی لە ڕێگەی نافیعەوە ئەویش لە سالمەوە، وە ئەمەش بەڵگەی ڕاستگۆیی مالیکە چون ریوایەتەکە پاڵ ناداتە سالمەوە بەبێ واسیتە، وە هەروەها بەڵگەی ڕاستگۆیی نافیعیشە، چون فەرموودەکە ناداتە لای ئیبن عومەرەوە بەبێ واسیتە، وە ئەگەر بیدایەتە پاڵ ئیبن عومەرەوە هیچ کەسێك گومانی لێ نەدەکردو بە دووری نەدەگرت، لەبەر بوونی ریوایەتی زۆر لێیەوە، بەڵام سوننەت ئایینە!.

وە هەندێك جار لەمە درێژتر دەبێتەوە، وەك هاتووە ریوایەتی مالیك لە عوسمانی کوڕی حەفسەوە، لە ئیبن شیهابی زوهری یەوە، لە سالمی کوڕی عەبدوڵاوە، لە عەبدوڵای کوڕی عومەرەوە.

نازانم دوای ئەمە چی بڵێم بە کەسێك ئەگەر هاتو ڕاویەکانی تۆمەتبار کرد بە درۆو خیانەت؟.

## پابەندکاری سی و نۆ:

یەکێکی تر لەو بەڵگە بەهێزانە: بوونی دەلیلە ئوسولیە دەرخەرەکانن (الأَدِلَّةُ الأُصُولِيَّةُ الكَاشِفَةُ)، وەك (قیاسو، ئیستیحسانو، مەسالیحی مورسەلەو..) جگە لەمانەش، چون کاتێك زانایان بەڵگەیان لە قورئانو سوننەت نەبینیوەتەوە لەسەر هەندێك بابەتی فەرعی فیقهی، پەنایان بردووەتە بەر ئەم بەڵگە کاشیفانە، بۆ زانینی حوکمەکانیان.

جا پرسیاری جەوهەری لێرەدا ئەوەیە: ئەگەر زانایان ئەمین نەبوون لە سوننەتی پێغەمبەرﷺ و هەر شتێك هەوایان ویستبێتی بەڵگەیەکیان بۆ تاشیبێت —وەك ئەوەی هەندێك لە نەیاران گومان دەکەن- بۆچی نەهاتوون ڕاستەوخۆ فەرموودە دروست بکەن؟ وە ئەگەر وەهابا ئیتر ئەمان چ پێویستێکیان بەوەبوو بیر لەم دەلیلە کاشفانە بکەنەوە بۆ زانینی ئەحکامەکان؟

## پابەندکاری چل و یەك:

لە بەڵگە دیارەکانی ڕاستگۆیی ڕاویەکان بوونی ریوایەتی هەندێکیان لە کۆمەڵێك هاوەڵەوە بە واسیتە لە کاتێکدا ریوایەتیان لەو هاوەڵەوە جێگیرە، بۆ نمونە قەتادەی کوڕی دەعامە لەگەڵ ئەنەسی کوڕی مالیك ژیاوە چەندین ساڵ، وە لەگەڵ ئەمەش هەندێك فەرموودەی لێوە دەگێڕێتەوە بە واسیتەی "النَّضْرِ"ی کوڕی ئەنەس، یان بە واسیتەی عەبدوڵای کوڕی عوتبەی مەولای ئەنەس، وە عەبدولعەزیزی مەولای ئەنەس.

وە هەروەها ریوایەتی لە حەسەنەوە جێگیرە، کەچی هەندێك جار بە واسیتەی ئەیوبەوە لێوەی دەگێڕێتەوە.

جا ئەگەر قەتادە لە ئەنەسەوە یان لە حەسەنەوە ریوایەتی بکردایە بەبێ ناوبردنی واسیتەکە، هیچ گومانێکی پێ نەدەبرا کە بیستوویەتی، چون بیستنی لێیانەوە جێگیرەو چەندین فەرموودەی لێوە بیستوون. بەڵام وەکو وتمان ئەم کارە ئایینەو ڕاویەکان جێی متمانەبوون لە ئاینیانداو ڕاستگۆبوون لە گوفتاریان، وە نازانم ئەگەر ئەمە بەڵگەی ڕاستگۆیی‌و گەیاندنی فەرموودە بە ئەمانەتەوە نەبێت بەڵگەیە لەسەر چی؟

## پابەندکاری چل و دوو:

یەکێکی تر لە بەڵگەکانی گەیشتنی فەرموودە بەبێ دەستکاری‌و بەو شێوەی پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی ئەوەیە: هەموو گروپە ئیسلامیەکان بە ڕێچکەو دیدە جیاوازەکانەوە، بە جۆراوجۆری مەبەست‌و ئامانجەکانیانەوە، دەستیان بەسەر وڵاتە ئیسلامیەکاندا گرتووەو دەسەڵاتیان لەلابووە، وە لەگەڵ ئەمەش نەهاتوون دەستکاری فەرموودەکان بکەن‌و بیگۆڕن، وە کتێبەکانی فەرموودەیان لەناو نەبردووە، سەرەڕای ئەوەی کە شتانێکی تێدایە پێچەوانەی بۆچوونی ئەوانە، بەڵکو هەوڵیان داوە بە

شێوەیەك تەئویلو لێکدانەوەی بۆ بکەن کە گونجاوە لەگەڵ بۆچوونی خۆیان، لەبری ئەوەی بێنو دەستکاری بکەن بە زیادکردنو کەم کردن. وە ئەمەش بۆ دوو شت دەگەڕێتەوە:

**یەکەم:** چون سوننەت پارێزراوە بە پاراستنی خوای گەورەو خۆی ئاگاداری دەبێت، کەواتە هیچ کەسێك ناتوانێت لەناوی ببات یان دەستکاری بکات.

**دووەم:** چون سوننەتی پێغەمبەرﷺ ڕێزو حورمەتو هەیبەتی هەبووە لە دڵی هەموویانداو، کەسیان نەیانوێراوە بیر لە وەها کارێکی مەترسیدار بکەنەوە.

بۆیە گومانی تێدا نیە ئەمە گەورەترین بەڵگەیە لەسەر ئەوەی فەرموودەکان ئایینو شەریعەتنو لەلایەن خوداوە بۆمان هاتووە.